دابینکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فێدراڵدا

# کوردستان

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بڵاوی دەکاتەوە

**لە لایەن دەستەی نووسەرانی ڕۆژنامەی کوردستانەوە:**

بە بۆنەی ٧١مین ساڵیادی لە سێدارەدرانی پێشەوا قازی محەممەد و هاوڕێیانی و هەروەها ڕۆژی شەهیدانی کوردستان، سەری ڕێز و نەوازش لە بەرانبەر قامەتی بەرزی شەهیدانی کوردستان دادەنوێنین و پەیمان لەگەڵ ڕێبازی پڕ سەروەرییان نوێ دەکەینەوە و بەڵێن دەدەین تا سەر وەفادار بە ئارمان و ئارمانجە بەرزە نەتەوەییەکانیان بین.



ژمارە ٧٢٢، چوارشەممە ١٥ی خاکەلێوەی ١٣٩٧ی هەتاوی، ٤ی ئاوریلی ٢٠١٨

www.kurdistanmedia.com

پەیامی کۆمیسیۆنی کۆمەڵایەتی بەبۆنەی ١٠ی خاکەلێوە... ٤



مانیفێستی ڕزگاری ٥



بەرنامە و پێڕەوی نێوخۆی حیزبی دێموکرات ٧

وتووێژی کوردستان لەگەڵ شەریف هەژاری ١٠



# مردن لە پێناو ژیان



سەر لە بەیانیی ڕۆژی هەینی، ڕێکەوتی ١٠ی خاکەلێوەی ١٣٩٧ی هەتاوی، ڕێوڕەسمێکی تایبەت بەبۆنەی ١٠ی خاکەلێوە ـ ڕۆژی شەهیدانی کوردستان ـ لە بنکەی سەرەکیی حیزب بە بەشداریی بەڕێز "مستەفا هیجری" لێپرساوی گشتیی حیزب و ئەندامانی ناوەندیی سیاسی و دەستەی کارگێڕی و کادر و پێشمەرگە و میوانان و بنەماڵەی شەهیدان بەڕێوە چوو.

ڕێوڕەسمەکە لە سێ بڕگەی جیاوازدا لە سەر گڵکۆی شەهیدان، کردنەوەی پێشانگای وێنەی شەهیدان و ساڵۆنی گشتیی ڕێوڕەسمەکانی حیزب، بەڕێوە چوو.

لە بڕگەی یەکەمدا بە ڕێژەی نیزامیی هێزی پێشمەرگەی کوردستان، جەماوەری بەشدار بەرە و گڵکۆی شەهیدان وەڕێکەوتن و لە سەر گڵکۆی شەهیدان دوو سروود لەژێر ناوەکانی "ئەی شەهیدان" و "مەڕێژن بۆم فرمێسکی خەم" لە لایەن هێزی پێشمەرگەوە خوێندرایەوە.

دواتر بەڕێز "مستەفا هیجری" لێپرساوی گشتیی حیزبی دێموکرات لەگەڵ خاتوو "شکۆفە مستەفایی" هاوژینی شەهید کاک "سەید ڕەزا درووگەر" و خوشکە "ئایشێ حەمەجانی" دایکی شەهید "هێمن مەولانژاد" تاجەگوڵینەی ڕێز و وەفادارییان لە سەر گڵکۆی شەهید کاک "سەید سەلام عەزیزی" دانا.

لە بڕگەی دووهەمدا پێشانگای وێنەی شەهیدان لە لایەن ڕێزدار "مستەفا هیجری"، لێپرساوی گشتیی حیزبی دێموکرات و بەڕێزان "شکۆفە مستەفایی" و "ئایشێ حەمەجانی" بە ڕووی بەشدارانی ڕێوڕەسمەکەدا کرایەوە.

سێهەم بڕگەی ئەو ڕێوڕەسمەش بە خوێندنەوەی سروودی نەتەوایەتی "ئەی ڕەقیب" و ڕاگرتنی خولەکێک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی سەرجەم شەهیدانی ڕێگای ڕزگاریی کوردستان دەستی پێکرد.

پاشان پەیامی کۆمیسیۆنی کۆمەڵایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە لایەن بەڕێز مامۆستا "ئەحمەد ڕەحیمی" بەرپرسی کۆمیسۆنی کۆمەڵایەتی حیزبی دێموکراتەوە پێشکەش کرا.

ناوبراو لە پەیامەکەیدا ئاماژەی بە ڕۆڵ و پێگەی پێشەوا قازی محەممەد لە سەر بزووتنەوەی کوردستان کرد و باسی لەوە کرد کە هەموو ژیانی پێشەوا شیاوی دەرس لێوەرگرتن و لێفێربوونە.

لە بەشێک لە پەیامەکەیدا وتی: ئێمە لە ڕابردوودا و تا هەنووکەش لە خەباتێکی قورس و قایم و خوێناویدا بووین و هەین بەدژی زوڵم و زۆر و چەوسانەوە کە تێیدا بە دەیان ڕێبەر و هەزاران کادر و پێشمەرگە گیانیان پێشکەش بە بارەگای بەرزی ئازادی کردووە.

لە بەشێکی دیکەی پەیامەکەشدا هاتبوو: لەم خەباتەدا کە ئەگەرچی بە بێ تێچوو نابێ بەڵام پشت ئەستوور بە میراتی بەجێماوی شەهیدانمان و بە فیداکاری و ئازایەتی پێشمەرگەکانمان و پشتیوانی بێ درێغی خەڵکەکەمان دڵنیایین کە سەردەکەوین و گیانی پاکی شەهیدەکانمان ئاسودە دەکەین.

لە نێوئاخنی بەرنامەکەدا سروودێک لەژێر ناوی "شەهید" لە لایەن کۆڕی موزیکی حیزبەوە پێشکەش کرا.

لەو ڕێوڕەسمەدا هۆنراوەیەک لەژێر ناوی "سەرداره‌کەی سەر دار" لە لایەن هاوڕێی پێشمەرگە، "جەماڵ فەتحی" خوێندرایەوە.

پاشان سروودی "شەهید" لە لایەن منداڵانی ناوەندی نێرگزەوە پێشکەش بە بەشداربووانی ڕێوەڕەسمەکە کرا.

لە کۆتایی ڕێوڕەسمەکەشدا بەستە و مەقامێک لە لایەن هونەرمەندان "غوڵام فاتحی و نیزام سەجادی" پێشکەش کرا.

هەر لەم پێوەندییەدا ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ١١ی خاکەلێوەی ١٣٩٧ی هەتاوی، ڕۆژی شەهیدانی کوردستان لە ناوەندی ٣ی کوردستان بە بەشداریی کادر، پێشمەرگە و بنەماڵەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و میوانانی ئەم ڕێوڕەسمە، بەرز ڕاگیرا کە تێیدا پاش خوێندنەوەی سروودی نەتەوەیی "ئەی ڕەقیب" و ڕاگرتنی خولەکێک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدان بە تایبەت شەهیدانی ڕاسان پەیامی ناوەندی ٣ بە بۆنەی ڕۆژی شەهیدانی کوردستان پێشکەش بە ئامادەبووانی ئەو ڕێوڕەسمە کرا؛ نێوئاخنی ئەم ڕێوڕەسمە بە چەند سروودی شۆڕشگێڕانە ڕازێندرایەوە.

**خوینەرانی بەڕێزی "کوردستان"؛ دەقی پەیامی کۆمیسیۆنی کۆمەڵایەتی حیزب بەبۆنەی ١٠ی خاکەلێوە لە لاپەڕە ٤ی ئەم ژمارەی کوردستاندا چاپ و بڵاو کراوەتەوە و خراوەتە بەر دیدی ئێوەی خۆشەویست.**

## پەیڤ

### سووکایەتی، ئامرازی تواندنەوە

**کەریم پەرویزی**

لە وڵاتێکدا کە چەند کەلتوور و نەتەوە و ئایینی جیاواز دەژین، حکوومەتی دەسەڵاتدار لەگەڵ هەڕەشە و دەرفەتی جۆربەجۆر بەرەوڕوویە؛ لەو جۆرە وڵاتانەدا، بەهۆی چەندنەتەوەیی و چەندکولتووری و پێکهاتەی ئاڵۆزی کۆمەڵگاوە، ژیانی کۆمەڵایەتی - سیاسی و هەروەها ئیدارەکردنی حکوومەت و دابەشکردنی دەسەڵات و سامان و ئیمتیازەکان لە نێو خەڵکدا ئەرکێکی ئاڵۆز و پڕمەترسییە، کە هەرجۆرە هەنگاو و کردارێک کە نیشان لە هەڵاواردن و بێبەشکردنی کەس و کەسانێک و پێکهاتەیەک بدا، دەبێتە هۆکارێک بۆ ڕووخانی ئێعتمادی خەڵک بەرامبەر بە دەسەڵاتدار و حکوومەت.

لە کۆمەڵگای فرەنەتەوە و فرەکولتوور و فرەئایینی ئێراندا، هەرکام لە پێکهاتە سەرەکییەکانی کۆمەڵگا، خۆیان بە شوناسێکی سەربەخۆ و خاوەنی پێناسەی تایبەت دەزانن و هیچیان خۆیان بە بەش و پاشکۆی بەشێکی دیکە نازانن. هەرچەند چەندین دەیە کە دەسەڵاتی حاکم لە تاران هەوڵی سڕینەوەی ناسنامە جیاوازەکان دەدا و جارێک بەناوی نەتەوەی مێژوویی خاوەن شارستانیەتی دێرینی ئێرانی! و جارێک بە ناوی ئوممەتی یەکدەستی ئیسلامیی ئێرانی! ویستوویانە کە ناسنامەی کۆمەڵگای فرەچەشنی نیشتەجێی ئێران، بە یەکدەست نیشان بدەن، بەڵام نە کورد خۆی پێ فارسە و نە عەرەب خۆی بە شوێنکەوتووی نەتەوەی دیکە دەزانێ و نە هیچ ئایینێک خۆی بە دواکەوتوو و ئایینەکەی دیکەی پێ پێشکەوتوویە.

لە وەها کۆمەڵگایەکدا و لە وەها جوغرافیایەکی سیاسیدا، حکوومەتێکی دادپەروەری وەدیهێنەری یەکسانیی نەتەوەکان کە هەموو پێکهاتەکان وەکوو یەک تێیدا بەشدار بن، دەتوانێ بە هەموو ئاڵۆزییەکان ڕابگا و هەنگاو بە هەنگاو، گرێکوێرە مێژووییەکان بکاتەوە و لە پرۆسەیەکی درێژماوەدا هەوڵ بۆ سڕینەوەی ئاسەواری سەرکوت و سووکایەتی و بێبەشکردنی نەتەوەیی و ئایینی بدا؛ بەڵام لە گوتار و هزری دەسەڵاتی تاراندا ئەوەی تا ئێستا جێگای نەبۆتەوە، بەیەکسان چاولێکردنی هەموو نەتەوەکانە! دەسەڵاتی تاران چ بەناوی ئیدئۆلۆژیی ویلایەتی فەقیهی و چ بەناوی شارستانییەتی دێرینی ئێرانی! هەوڵی داوە کە جیاوازییەکان ئینکار بکا و پێناسەیەکی دەسکرد بەسەر هەموو جوغرافیای ئێراندا بسەپێنێ. ئەو پێناسە دەسکردە، چوونکە ڕاستەقینە نییە و لە هەناوی کۆمەڵگای نەتەوە و ئایینەکانی نیشتەجێی ئێراندا هەڵنەقوڵاوە، بۆ داسەپاندن پێویستی

درێژە لە لاپەڕەی ٣

# ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران سپاسنامەیەکی بڵاو کردەوە

بەمەبەستی ڕێزگرتن لە خەڵکی کوردستان لەهەمبەر بەڕێوەبردنی بەشکۆی جێژنی نەتەوەیی نەورۆز، ناوەندیی هاوکاری حیزبەکانی کوردستانی ئێران سپاسنامەیەکییان ڕوو لە خەڵکی کوردستان بڵاو کردەوە.

دەقی سپاسنامەکەیان بەم چەشنەیە:

هاونیشتمانییە بەڕێزەکان

خەڵکی خەباتگێڕی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە لایەن ناوەندیی هاوکاری حیزبە سیاسییەکانی کوردستانی ئێرانەوە، بە دڵ سپاسی هەموو لایەك دەکەین کە لە ئاستێکی بەرزی نەتەوایەتیدا، بە دەم بانگەوازی ئێمەوە هاتن و ئەمساڵیش بەشکۆوە، مەراسیمی چوارشەممەسووری و جەژنی پیرۆزی نەورۆزتان، بەڕێوە برد. سەرەڕای ئەوەی ڕێژیم هەوڵی دا ڕێوڕەسمەکانی نەورۆز بە دەوڵەتی بکرێت، بەڵام سەرکەوتوو نەبوو.

ئێمە وەکوو هێز و لایەنە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران، وێڕای جەژنە پیرۆزە بە بۆنەی دەسپێکردنی ساڵی نوێی کوردی، ئەوە وەبیر دێنینەوە کە یەکدەنگی و یەکڕیزی لایەنە سیاسییەکان و پاڵپشتی کردنی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە گشتی دەتوانێت وەك باسکێکی بەهێزی نەتەوەیی بە گژ ڕێژیمی داگیرکەری ماف و ئازادییەکانماندا بچێتەوە و هاوکات لە هەموو ئەگەرێکی سەخت و دژواردا وەکوو ئیرادەی تاك و کۆمەڵگای کوردی، هەموو کات بۆ پرسی نەتەوە و پاراستنی بەرگری لە چارەنووسی نەتەوەی کورد، لە مەیدان ئامادە بێت.

هەروەك دەزانین سەرەڕای نەهامەتییەکانی نەتەوەکەمان لە باشوور و ڕۆژئاوای نیشتمانمان و کارەساتی دڵتەزێنی بوومەلەرزەی کرماشان و کوشتار و ئێعدامی ڕۆژانەی لاوان و کاسبکارانی کورد، لەلایەن ڕێژیمی دژە مرۆڤایەتی کۆماری ئیسلامی، بەرەو پیری نەورۆز و ساڵی نوێی کوردی چووین و جەژنی نەورۆزیش لە ئاستێکی سەرانسەری و نەتەوەیی لە هەموو شار و شارۆچکە و گوندەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بە جلوبەرگی کوردی و جامانە و هەوری و گوڵی سوور، کە داوای ئێمە بوو بەڕێوە چوو.

نەورۆز وێڕای ڕەهەندی کلتووری و بۆنەیەکی شادی، هێما و سیمبۆلی خۆڕاگری و ڕۆژی بەگژداچوونەوەی زاڵم و ستەمکارە و خەڵکی وشیاری کوردستانی ئێران زۆر بە جوانی ئەو پەیامەیان بە گوێی دەسەڵاتی ملهۆڕی ئێراندا هەڵێنایەوە.

حکوومەتی ئێران وەك سیاسەتی هەمیشەیی ویستی بە ئامرازی سەرکووت و ترساندن و تۆقاندن، بەرەڕووی خەڵك ببێتەوە، بەڵام خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە چەندین شوێن، بۆ نموونە شارەدێی نێ لە مەریوان بەرەڕوویان بوونەوە و بە هەستێکی شۆڕشگێڕانە و نەتەوەیی جەژنی نەورۆزیان کردەوە.

ئێمە، جارێکیتر پیرۆزبایی لە هەموو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان دەکەین و پەیمان لە گەڵ یەك دەبەستین کە لە هەموو دەرفەتێك بۆ یەکدەنگی بۆ بەدەستهێنانی ئازادی، بۆ خاك و خەڵکی کوردستان کەڵك وەرگرین.

ناوەندیی هاوکاری حیزبەکانی کوردستانی ئێران

**۳ی خاکەلێوەی ۱۳۹۷ی هەتاوی**

# ڕاگەیەندراوی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران به بۆنەی ۱۰ی خاکەلێوە، ڕۆژی شەهیدانی کوردستان

دەقی ڕاگەیەندراوەکە:

خەباتی خەڵکی کوردستان بۆ وەدەستهێنانی ئازادی و مافی دیاریکردنی چارەنووسی خۆی هەروا بەردەوامە!

خەڵکی خەباتگێڕی کوردستان!

۱۰ی خاکەلێوە، ڕۆژی لەسێدارەدانی پێشەوا قازی محەممەد، سەرکۆماری کوردستان و سەدری قازی و حەمەحوسێن خانی سەیفی قازییە. ۷۱ ساڵ لەمەوبەر، لە ڕۆژی ۱۰ی خاکەلێوەی ساڵی ۱۳۲۶ی هەتاویدا، پێشەوا قازی محەممەد، یەکەم سەرکۆماری دەوڵەتی کۆماری کوردستان، لە چوارچرای شاری مەهاباد، ڕاست لەو جێگایەی کە پێشەوا قازی، کۆماری کوردستانی لێ ڕاگەیاندبوو، بە فەرمانی محەممەدڕەزا شای پەهلەوی، لەسێدارە دران و گیانی پاکیان بەختی ئازادی و ڕزگاری گەل و نیشتیمانەکەیان کرد. چەند ڕۆژ دواتریش ژمارەیەکی دیکە لە ئەفسەرانی سپای میللیی کوردستان و کاربەدەستانی دیکەی حکوومەتی کۆماری کوردستان لە ناوچەکانی سەقز و بۆکان لەسێدارە دران.

بەوجۆرە ڕێژیمی محەممەدڕەزا شا، دوای ئەوەی کە لە ئاکامی گەلەکۆمەکییەکی نێونەتەوەییدا، توانیبووی کۆماری کوردستان لەنێو ببات، بە مەبەستی سەرکوتکردنی جووڵانەوەی مافخوازانەی خەڵکی کوردستان، شەپۆلێکی بەرینی ئێعدام و کوشتن و گرتن و ڕاونان و زەبروزەنگی لە کوردستاندا دەست پێکرد. کاربەدەستانی دەوڵەتی تاران پێیان وابوو بەو کارە دەتوانن بیری ئازادیخوازی لە نێو خەڵکی کوردستاندا بۆ هەمیشە لەنێو ببەن، بەڵام هەروەک پێشەوا لە کاتی لەسێدارەدانیدا ڕوو بە داگیرکەران ڕایگەیاند: "بە کوشتنی من بیری کوردایەتی و ئازادیخوازی لە کوردستاندا نەک هەر لەنێو ناچێ، بەڵکوو لە داهاتوودا بەهێزتریش دەبێ". ڕووداوەکانی دواتر ڕەوایی ئەو وتە حەکیمانەی پێشەوایان سەلماند، کە گەلی کورد نەک هەر دەستی لە خەبات و بەرخۆدان و ئامانجەکانی کۆماری کوردستان هەڵنەگرت، بەڵکوو ئامانجەکانی کۆماری کوردستان بوون بە ئیلهامبەخشی خەبات بۆ ئازادی و ڕزگاریی نەتەوەی کورد لە سەرتاسەری ناوچەکەدا.

تەنانەت ئەو هەموو سەرکوت و زەبروزەنگەش کە کۆماری ئیسلامی وەک میراتگری بەحەقی ڕێژیمی شا، لەماوەی دەسەڵاتی ڕەشی خۆیدا بە دژی گەلی کورد بەکاری هێناوە، بە خەباتی یەکگرتووانەی سیاسی و مەدەنی خەڵکی کوردستان وڵامی توندی پێ دراوەتەوە. ئەوەتا ئەمڕۆ لە هەر چوارپارچەی کوردستان خەبات بۆ ڕزگاری بە شێوازی جۆراوجۆر درێژەی هەیە.

هەر بۆیە ڕۆژی ۱۰ی خاکەلێوە لە مێژووی خەباتی ڕزگاریخوازانەی خەڵکی کوردستاندا، ئەگەر لە لایەک وەک ڕۆژێکی تاڵ و ناخۆش دەناسرێت، لە لایەکی دیکەشەوە بە ڕۆژی پەیمان نوێکردنەوە و نیشاندانی یەکگرتوویی بۆ وەدیهێنانی ئامانجەکانی بزووتنەوەی میللیی - دێموکراتیکی خەڵکی کوردستان دادەنرێت.

ئێستا پاش تێپەڕینی حەوت دەیە دوای لەسێدارەدانی پێشەوا و هەڤاڵەکانی، دەبینین بزووتنەوەی کورد بۆتە فاکتەرێکی بەهێزی خەبات و تێکۆشان بۆ ئازادی و دێموکراسی لە ئێران و ناوچەکەدا. بیری نەتەوایەتی و ئازادیخوازانە لە سەرتاسەری کوردستاندا، بە باشترین و بەرزترین شێوە خۆی نیشان دەدا. ئەورۆ کۆمەڵگای کوردستان گۆڕاوە و بووەتە کۆمەڵگایەکی فرەچەشن و پێشکەوتوو و پلۆڕاڵ و فرەحیزب. بەڵام هەموو حیزب و ڕێکخراوە نیشتیمانی و دێموکراتیک و ئازادیخوازەکانی کوردستان، سەرەڕای جیاوازیی سیاسیی نێوانیان ڕێز لە کۆماری کوردستان و ئامانجەکانی دەگرن. ئەوە نیشانده‌ری ئەوەیە، کە پێشەوا و ئامانجەکانی کۆماری کوردستان، نەک هەر مولکی حیزبێکی دیاریکروا نییە، بەڵکوو هێمای هاوبەشی کولتووری سیاسیی و ئازادیخوازانەی خەڵکی کوردستان و حیزبە خەباتگێڕەکانی سەر گۆڕەپانی خەبات لە کوردستانن.

پێشەوا قازی چ لە کاتی ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستاندا و چ لە وەسیەتنامەکەیدا وەک ڕێبەرێکی میللی و دڵسۆز و شارەزا پێی لەسەر ئەوە دادەگرێت، کە خەباتکارانی گەلی کورد پێویستە لە بەرامبەر دوژمنانی کوردستاندا پتەو و یەکگرتوو و هاودەنگ بن و لە نێو خۆشیاندا و لە بەرامبەر یەکتردا لەسەریانە نەرم و دووربین و سینگفراوان و بە تەحەموول بن.

هەر بۆیە ئێمە ئەو حیزب و ڕێکخراوانەی لە چوارچێوەی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێراندا، لە دەوری یەک کۆ بوینەتەوە، ئەمساڵ لە ساڵڕۆژی ۱۰ی خاکەلێوەدا، سەرەڕای هەموو جیاوازییە حیزبی و سیاسیەکانمان، بۆ جارێکی دیکەش لە پێناو بەرەوپێشبردنی ئامانجەکانی خەڵکی کوردستاندا، پێکەوە پێ لەسەر هاوکاری و هاودەنگی و هاوخەباتیی لەگەڵ یەکتر دادەگرینەوە. پەیمان لەگەڵ گیانی پێشەوا و هەموو شەهیدانی ڕێگای ئازادی و ڕزگاری خەڵکی کوردستان نوێ دەکەینەوە، کە ئاڵای خەباتی ئەوان تا سەرکەوتن بەرز و شەکاوە ڕادەگرین.

لەم دەرفەتە کەڵک وەردەگرین و داوا لە خەڵکی کوردستان دەکەین، هەرچی زیاتر لە دەوری ئامانجەکانی بزووتنەوەی کوردستان کۆ ببنەوە و خۆیان ڕێک بخەن و ڕیزەکانی تێکۆشان و سەنگەرەکانی بەربەرەکانێ بەهێزتر بکەن. ئەو ڕووحیە خەباتگێڕانەیەی ئێوە کە لە بۆنە جۆراوجۆرەکانی ئەمساڵدا، وەک ڕووداوی بوومەلەرزەکەی کرماشان و پشتیوانیی لە کۆڵبەران و یادکردنەوەی نەورۆزدا لە خۆتان نیشان دا، بۆ ئێمەش لە حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانی خۆتاندا بۆتە هەوێنی یەکگرتوویی و هاوخەباتی زیاتر و مایەی دەرس لێ وەرگرتن. ئێمە بە هیوا و ئومێدێکی زۆر و وەرەیەکی بەرزی خەباتگێڕانەوە بەرەو ساڵێکی دیکە لە خەبات و بەربەرەکانێ دەڕۆین . لێرەشەوە بەوپەڕی بەرپرسایەتییەوە ڕادەگەیەنین، کە گەلی کورد لە کوردستانی ئێران و حیزب و ڕێکخراوە خەباتگێڕەکانی ئامادەیی و توانا و زەرفیەتی ئەوە لە خۆیاندا دەبینن، کە لە ڕەوتی ئاڵوگۆڕەکانی ئێران و ناوچەدا، وەک پارامیترێکی گەورە و کاریگەر و دێموکرات دەوری خۆیان بگێڕن و ئەزموونی سیاسیی کۆماری کوردستان و بزووتنەوەی نوێی ئەو چوار دەیەی ڕابردووی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەرەو پێشەوە ببەن.

**سڵاو لە گیانی پاکی پێشەوا قازی و هەموو شەهیدانی ڕێگای ئازادی و ڕزگاری!**

**سڵاو لە ئامانجەکانی کۆماری کوردستان!**

**سڵاو لە خەڵکی خەباتگێڕی کوردستان!**

**ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران**

**۸ی خاکەلێوەی ۱۳۹۷ی هەتاوی**

# ناوەندی سیاسیی حیزبی دێموکرات چەندین بەرپرسی ئۆرگانەکانی حیزبی هەڵبژارد

ناوەندی سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ڕاگەیەندراوێکدا بڵاوی کردەوە کە چەندین بەرپرسی ئۆرگانەکانی حیزبی هەڵبژارد.

دەقی ڕاگەیەندراوەکە:

ڕاگەیەندراوی ناوەندی سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

ناوەندی سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پێشنیوەڕۆی ڕۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی ۸ی خاکەلێوەی ۱۳۹۷ی هەتاوی، کۆبوونەوەی خۆی بە ئامادەبوونی لێپرسراوی گشتی بەڕێز کاک مستەفا هیجری پێکهێنا، کۆبوونەوەکە بە خولەکێک بێدەنگی و بە پێوەڕاوەستان بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدان دەستی پێکرد.

سەرەتا کاک حەسەن شەرەفی بەرپرسی ناوەندی سیاسی باسێکی لە سەر گرینگی و بایەخی کار و بڕیارەکانی ناوەند و شێوەی کاری داهاتوو پێشکەش کرد و بە دوای ئەودا لیستەی پێشنیاری لێپرسراوی گشتی بۆ ئەسپاردنی ئەرک و بەرپرسایەتی چەند هاوڕێیەک بۆ چەند ئۆرگانی حیزبی خستەبەر ڕاوبۆچوونی بەشدارانی کۆبوونەوەکە. ئەندامانی ناوەندی سیاسی بەهەست بە بەرپرسیارەتی و تایبەتمەندی و گونجاوی هەر هاوڕێیەک بۆ بەرپرسایەتی پێشنیارکراو ڕاوبۆچوونی خۆیان لەسەر هەرکام لە ئۆرگانەکان و بەرپرسی پێشنیارکراو بە جیا دەربڕی و لە دەنگدانێکی نهێنیدا زۆربەی هەرە زۆری هاوڕێیانی پێشنیارکراوی پەسند کرد و ئاواتی سەرکەوتنی بۆ خواستن.

لە چەند بڕگەی دیکەی کاری کۆبوونەوەکەدا چەند بابەت و پرسی دیکەی پێوەندیدار بە ناوەندی سیاسی باسیان لێکرا. ئەندامانی ناوەند لە پێوەندی لەگەڵ هەرباس و بابەتێکدا ڕاشکاوانە و واقعبینانە ڕاوبۆچوونی خۆیان دەربڕی. لە ئاکامدا بۆ هەر مەسەلەیەک بڕیاری شیاویان دا. کۆبوونەوەکە دوای‌نیوەڕۆ هەمان ڕۆژ کۆتایی بە کارەکانی هێنا.

**حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**

**ناوەندی سیاسی**

**۹ی خاکەلێوەی ۱۳۹۷ی هەتاوی**

**۲۹ی مارسی ۲۰۱۸ی زایینی**

# حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان و حیزبی دێموکرات کۆ بوونەوە



لە دیداری نێوان "حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران" لە سەر پرسی کورد لە هەر چوار بەشی کوردستاندا گفتوگۆیان کرد.

ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ۱۱ی خاکەلێوەی ۱۳۹۷ی هەتاوی، هەیئەتێکی حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان بە سەرپەرەستیی "بەهمەن حسێن و سەعد خالید" لە دەستەی سەرۆکایەتی حیزبی زەحمەتکێشان، سەردانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیان کرد و لە لایەن هەیئەتێکی حیزبەوە بە سەرپەرەستیی "مستەفا هیجری" لێپرسراوی گشتیی حیزب پێشوازییان لێکرا.

سەرەتا بەهمەن حسێن بە ناوی ڕێبەری حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان بە بۆنەی بەڕێوەچوونی سەرکەوتووانەی کۆنگرەی ۱٦ پیرۆزبایی ئاراستەی هەیئەتی حیزب کرد و لە سەر درێژەدان بە دۆستایەتی لە مێژینەی نیوان دوو حیزب پێداگری کردەوە و پاشان باسێکی لەسەر وەزعییەتی سیاسی و دوایی پێشهاتەکانی سیاسی لە کوردستان و ناوچە و ئاستی نێونەتەوەیی کرد.

دواتر مستەفا هیجری وێڕای سپاس کردن لە هەیئەتی میوان بۆ پیرۆزبایی و سەردانەکەیان لە سەر بەردەوامی دۆستایەتی نێوان دوو حیزب پێی داگرتەوە و لە سەر پرسە گرینگەکان و دۆخی کورد لە چوارپارچەی کوردستان و دەرفەت و هەڕەشەکان و چەندین پرسی‌تر ئاخاوتنێکی بە پێزی پێشکەش کرد و ئاڵوگۆڕی بیروڕایان کرد.

# لە ۱۰ی خاکەلێوەدا یادی "کاکۆ" بەرز ڕاگیرا



ڕێبوارانی ڕێگەی پڕسەروەری شەهیدان لە ۷۱ەمین ساڵیادی شەهیدکرانی پێشەوادا، یادی کاکۆ، قوتابییە بەئەمەگەکەی پێشەوایان بەرز ڕاگرت.

ئەندامان و لایەنگرانی حیزب و ڕێبوارانی ڕێبازی شەهیدان وەک ئەمەگناسییەک بەرامبەر بە شەهیدی سەرکردە، کاوە جەوانمەرد، سەردانی مەزاری باوکی ناوبراویان لە شاری کرماشان کرد و بە دانانی وێنەی شەهید کاوە و ڕازاندنەوەی گڵکۆی شەهید نەجمەدین جەوانمەرد بە جامانە و ئاڵای کوردستان و چەپکەگوڵ هەم ئەمەگناسی خۆیان بەرامبەر بە ڕێبازی شەهیدان پیشان دا و هەم پەیمانیان لەگەل ڕێبازی پڕسەروەرییان نوێ کردەوە.

شەهید "داوود جەوانمەرد" ناسراو بە "کاوە" کوڕی شەهید "نەجمەدین جەوانمەرد" ساڵی ۱۳۸۰ی هەتاوی لە ڕێگای هاوڕێیانی تەشکیلاتی ناوشاری سنەوە پێوەندیی ڕاستەوخۆی بە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە گرت؛ ساڵی ۱۳۸۸ی هەتاوی بە هۆی ئاشکرابوونی چالاکییەکانی خۆی گەیاندە ڕیزی پێشمەرگەکانی حیزب و پاش بەشداری لە دەورەی ۱۹۳ی سەرەتایی پێشمەرگە لە بەهاری ۱۳۸۹ی هەتاوی بە فەرمی بەرگی پڕ لە شانازی پێشمەرگایەتی پۆشی؛ بە هۆی لێوەشاوەییەوە لە کۆنگرەی ۱۵ی حیزبدا بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردرا. پاش بوونی بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی ئەرکی بەرپرسایەتی تیشک تی ڤی لە کوردستان وەستۆ گرت و خزمەتێکی شایانی لەو بوارەدا ئەنجام دا لە ساڵی ۱۳۹٤ی هەتاوی بەرپرسایەتی تەشکیلاتی ئاشکرای حیزبی پێ ئەسپێردرا و لەو ئەرکەشدا شیاوی خۆی نیشاندا بەداخەوە ڕۆژی ۱۵ی پووشپەڕی ۱۳۹٥ی هەتاوی لە ئاوایی بۆڕییەر لەگەڵ هاوسەنگەرەکەی شەهید "سەرکەوت سەمەدی" شەهید کرا.

## خۆڕاگریی «نێ» دوژمنی تاساند

هاووڵاتییانی گوندی "نێ"ـی مەریوان، لە بەرەبەری نەورۆز و دەسپێکی ساڵی نوێی کوردی، خەریکی بەڕێوەبردنی ڕێوڕەسمی نەورۆز بوون، کە لە لایەن چڵکاوخۆر و بەکرێگیراوەکانی ڕێژیمەوە هێرش کرایە سەریان.

ئێوارەی ڕۆژی سێشەممە ڕێکەوتی ۲۹ی ڕەشەمە، چەکدارانی ڕێژیم هێرشیان کردە سەر گوندی "نێ"ـی مەریوان و پێشیان بە بەڕێوەچوونی جێژنی نەورۆز لەو گوندە گرت.

سەرچاوەیەکی ئاگادار لەو بارەوە ڕایگەیاند: لە ئەنجامی ئەم هێرشەدا بۆ سەر گوندی نێ، شەڕ و تێکهەڵچوون لە نێوان گۆپاڵ بەدەستان و خەڵکی ئەو گوندە هاتە ئاراوە و هێزەکانی ڕێژیم دەستیان کرد بە تەقەی هەوایی و لە گازی فرمێسکڕێژ بۆ بڵاوەکردنی خەڵک کەڵکیان وەرگرتووە.

هەروەها سەرلەبەیانی ڕۆژی دواتر، ۱ی خاکەلێوە، هێزە حکوومەتییەکان جارێکی دیکە هێرشیان کردە سەر گوندی نێ و دەستیان کرد بە گرتن و تەقەکردن و کەڵک وەرگرتن لە گازی فرمێسکڕێژ کە لە ئەنجامدا چەند شووشەی ماڵێک شکان و چەند منداڵیش بە گازی فرمێسکڕێژ بریندار کران.

هەر لەو پەیوەندییەدا، مامۆستا و پێشنوێژی گوندی نێ لە بانگەوازێکدا داوای بەرگریی لە خەڵکی ئەو گوندە کردووە، کە بەرگری لە خۆیان بکەن و ئەم هێرشەی هێزە حکوومەتییەکانی بە دەستدرێژی بۆ سەر ناموسیانی لە قەڵەم داوە.

"پاش بەرەهەڵست بوونەوەی خەڵکی نیشتمانپەروەری نێ ڕێژیمی داگیرکەری ئیسلامیی ئێران، لە بەرانبەر خۆڕاگری و شۆڕشگێڕیی خەڵکی گوندی "نێ"ـی دێموکراتپەروەر خۆی ڕانەگرت و پاشەکشەی کرد.

هێزە داگیرکەر و جەنایەتکارەکانی ڕێژیمی تیرۆریستی ئیسلامیی ئێران، لە دوای هێرش بۆ سەر خەڵکی شۆڕشگێڕی نێ و پەلاماردانی خەڵکی ئەو گوندە لە بەرانبەر خۆڕاگریی خەڵکی ئەو گوندە پاشەکشەی بە هێزە خوێنڕێژەکانی خۆی کرد.

بە بیانووی بەڕێوەبردنی ڕێوڕەسمی نەورۆز زیاتر لە ۱۰ لاوی گوندی نێ لە لایەن هێزەکانی ڕێژیمەوە دەسبەسەر کراون.

زیاتر لە ۵۰ کەس لە خەڵکی نێ دوای ئەم دەسبەسەرکردنانە چوونەتە بەردەم دەرکی فەرمانداریی مەریوان و بە نیشانەی ناڕەزایەتیی لە هەمبەر دەسبەسەرکراوانی لاوانی نێ و هێرشی هێزەکانی ڕێژیمی ئێران، فەرماندار و بەرپرسانی ئیتلاعاتی ڕێژیم بڕیاری ئازادیی لاوان و هەڵگرتنی گەمارۆی دەوری نێیان دا.

## جەژنی نەتەوەیی نەورۆز لە شاخەکانی کوردستان بەرز ڕاگیرا



بەشێک لە پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، جێگیر لە سنوورەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بە شادی و خۆشی پێشوازییان لە ساڵی نوێی کوردی کرد.

ئێوارەی ڕۆژی سێشەممە ڕێکەوتی، ۲۹ی ڕەشەمە و لە دواساتەکانی ساڵی ڕابردوو، خاکیپۆشانی هێزی تایبەت لە شاخەکانی کوردستان بە کردنەوەی ئاگر و هەڵپەڕکێ، ساڵی ۲۷۱۸ی کوردییان پیرۆز کرد.

ئەو پێشوازییە گەرموگوڕەی کۆڕی پێشمەرگەکان لە ساڵی نوێدا، لە بنکەیەکی هێزی تایبەت و لە کەشێکی زستانەی شاخە بەفرینەکان بەڕێوەچوو و شادی و خۆشی تێکەڵ بە هیوای گەیشتن بە ئازادی و ڕزگاری ڕۆژهەڵاتی کوردستان کرا.

لەو کۆڕە دۆستانەیەدا، سەرەتا بە یاد و ڕێزگرتن لە شەهیدانی حیزب و گەل بە تایبەتی شەهیدانی ڕاسان، ساتێک بێ دەنگی ڕاگیرا و دواتر پێشمەرگەکان وێڕای پیرۆزبایی هاتنی ساڵی نوێی هەتاوی لەیەکتری، دەس کرا بەو ڕێوڕەسمە شادی بەخشە.

کورتەیەک وتە لەسەر نەورۆزی کوردەواری و هێما بۆ نەورۆزی خاکیپۆشان لە لایەن "غاڵب حەبیبی"، کادری سیاسیی هێزی تایبەت پێشکەش کرا.

نێوئاخنی ئەم ڕێوڕەسمە بریتی بوو لە کێبڕکێ لەسەر زانیاریی گشتی، بەسەرهاتی خۆش، یاری کوردەواری و کۆبوونەوە لەسەر سفرەی ڕازاوەی نەورۆز.

ئەو ڕێوڕەسمە تا درەنگانی شەو بە شایی و هەڵپەڕکێ درێژەی کێشا.

## لە ڕۆژهەڵات تەرمی نیشتمانپەروەران بە سروودی ئەی ڕەقیب بە خاک دەسپێردرێن

کاک "محەممەد محەممەدیان"، خەڵکی گوندی تەنگیسەری دێموکراتپەروەر، لە ڕێوڕەسمی نەورۆزدا کۆچی دوایی کرد.

کاک "محەممەد محەممەدیان" ناسراو بە "حەمە شکۆفە"، خەڵکی گوندی تەنگیسەری دێموکراتپەروەر، لە ڕێوڕەسمی نەورۆزدا کۆچی دوایی کرد.

کاک محەممەد، ماوەی چەندین ساڵ بوو، لە شاری دیواندەرە نیشتەجێ بوو و ماوەی سێ تا چوار ساڵ دەبوو کە ماڵی چووبووە شاری سنە، کە ناوبراو لە ڕێوڕەسمی نەورۆزدا لە گوندی تەنگیسەر بە هۆی وەستانی دڵەوە گیانی لەدەست دا.

کاک محەممەد ساڵی ۱۳۸٦، لە لایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانی ڕێژیمی ئێرانەوە، لەگەڵ چەند هاوڕێیەکی دەگیرێت و دوای ئەزیەت و ئازارێکی زۆرەوە ئازاد دەکرێن.

تەرمی کاک محەممەد، لە نێو ئاپۆرای خەڵکی ناوچەکەدا، بە سروودی دوژمنبەزێنی "ئەی ڕەقیب" بە خاک ئەسپێردرا.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران سەرەخۆشی لە بنەماڵە، خزم و کەسوکاری ناوبراو دەکات و خۆی بە شەریکی خەمیان دەزانێت.

## عەمەلیاتی هەڵۆکانی زاگرۆس لە شارەدێی "نێ" ڕێژیمی تاساند

هەڵۆکانی زاگرۆس لە عەمەلیاتێکی بەرنامەداڕێژراودا پەلاماری هێزە داگیرکەرەکانی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێرانیان دایەوە.

وێبلاگی "هەڵۆکانی زاگرۆس" لە هەواڵێکدا بڵاوی کردووەتەوە، هەڵۆکانی زاگرۆس لە شارەدێی "نێ" عەمەلیاتێکی قارەمانانەیان ئەنجام داوە و عەمەلیاتی هەڵۆکانی زاگرۆس لە دەڤەرە جیاجیاکانی ڕۆژهەڵات بەردەوام دەبێت.

بەپێی ئەو ڕاپۆرتە، هەڵۆکانی زاگرۆس لە بەرەبەری ۱۰ی خاکەلێوەی ۱۳۹۷ی هەتاوی، گورزێکی بە گوڕیان لە هێزەکانی ڕێژیم وەشاند، هەڵۆکانی زاگرۆس، کاتژمێر ۱۰ی شەوی چوارشەممە، ڕێکەوتی ۸ی خاکەلێوەی ۲۷۱۸ی کوردی، لە دەڤەری نیشتمانپەروەری شارەدێی "نێ"، گورزێکی گورچووبڕیان لە هێزەکانی ڕێژیم وەشاند.

لەو عەمەلیاتەدا هەڵۆکانی زاگرۆس لەو دەڤەرە ماشینێکی وەزارەتی ئیتلاعاتیی ڕێژیمی ئێرانیان داوەتە بەر دەستڕێژ و دوای ئەنجام دانی ئەو هێرشە قارەمانانە و سەرکەوتووانە، شوێنی عەمەلیاتەکەیان بە بێ هیچ تێچوویەکی گیانی و ماددی بەجێهێشتووە و بۆ ئەنجام دانی عەمەلیاتێکی‌تر لە داهاتووی نزیکدا خۆیان ئامادە دەکەنەوە.

تا ئێستا زانیاریی ورد لەمەڕ تێچووە گیانییەکانی ڕێژیم و کوژراو و بریندارەکانی لەبەردەستدا نییە بەڵام بەپێی بەراوردە سەرەتاییەکان، لانیکەم ۲ کەس لە چەکدارانی ڕێژیم لەو هێرشەدا بریندار بوون.

هەڵۆکانی زاگرۆس ڕایانگەیاندووە، ئێمە ئەو عەمەلیاتەمان بە تۆڵەی هێرشی بێ بەزەیی ڕێژیم بۆ سەر خەڵکی شارەدێی "نێ" لە ڕۆژەکانی سەرەتای نەوڕۆزی ئەمساڵ و بەرزڕاگرتنی یادی شەهید پێشەوا و هاوڕێیانی ئەنجام داوە.

لە ماوەی چەند ڕۆژی یەکەمی ساڵی نوێی کوردییەوە تا ئێستاش، گوشار و هێرش و هەڕەشەکانی ڕێژیم لەسەر شارەدێی "نێ" بەردەوامە و ڕێژیم گازی فرمێسکڕێژ و باتۆمی بە دژی خەڵکی بێ دەرەتان بەڵام خۆڕاگر و کۆڵنەدەری شارەدێی نێ بەکار هێنا.

لە بەشێکی تری ڕاگەیەندراوەکەیاندا هاتووە: هەروەها ڕاشیدەگەیەنین کە، لە ئەگەری درێژەدار و بەردەوام بوونی دۆخی ئەمنی لەسەر شارەدێی "نێ"، عەمەلیاتەکانی ئێمە چڕتر و توندتر دەبنەوە.

## چالاکی تەبلیغی بەبۆنەی ۱۰ی خاکەلێوە لە کوردستان بەڕێوەچوو

ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە شارەکانی مەهاباد و سنە بە بڵاوکردنەوەی تراکت و پوستێری تایبەت، یادی پێشەوا قازی محەممەد و هاوڕێیانی و سەرجەم شەهیدانی کوردستانیان بەرز ڕاگرت.

ئەو شوێنانەی اشاری مەهاباد کە کار و چالاکی تەبلیغی تێدا کراوە بریتین لە: ژێرگوزەری قانع، پارکی خەبەرنگار، بەرامبەر تاناکۆرا، پردی کۆبانێ، پارکی شەهرەکی کارمەندان، پەیکەری حوسێن فەهمیدە، شەقامی ساحیلی بەرامبەر بە پارکی خەبەرنگار، دەوروبەری ماڵی مەلا قادر سۆهرابی، قەسابخانەی کۆن، پارکی فەرهەنگ و بەرامبەر بە زیندانی مەهاباد، مزگەوتی سوور، مەلاجامی، کۆڵانی سەربەرداش، مزگەوتی حاجی ئەحمەد لە نێو بازار، کۆڵانی حاجی ئەحمەد و رووبەڕووی پاسگای ژمارە یازدە.

هەروەها ئەو شوێنانەی کە لە شاری سنەدا چالاکی تەبلیغی تێدا بەڕێوە چووە بریتین لە:

مەیادن ئیقباڵ (مەیدانی سەرەکی سنە)، شەقامی وەکیل لای کەلانتەری ۱۲، دەوروبەری زانکۆی علوم پزشکی، بەهاران و دەوروبەری.

هاوکات تێکۆشەرانی دێموکرات لە شارەدێی پەسوێ بە بۆنەی ۱۰ی خاکەلێوە چالاکیی بەرینی تەبلیغییان بەڕێوە برد و پەیمانیان لەگەڵ شەهیدانی کوردستان نوێ کردەوە کە تا وەدیهاتنی ئامانجەکانیان درێژەدەری ڕێگایان دەبن.

هەروەها ، ئەندامان ولایەنگرانی قارەمانی حیزبی دێموکرات لە گوندی "کانی سوور"ـی بانە چالاکیی تەبلغییان بەڕێوە بردووە و دروشمی تایبەت بە ڕۆژی شەهیدانی کوردستانیان لەسەر دیوارەکانی ئەم گوندە نووسیوەتەوە.

هاوکات پێشمەرگەکانی ڕاساوی حیزبی دێموکرات لە ناو شاری بۆکان شەوی ۱۰ لەسەر ۱۱ی خاکەلێوە بە بەڕێوەبردنی چالاکیی بەرینی تەبلیغی، ئێعدامی پێشەوای هەرگیز نەمر قازی محەممەدیان بە دەستی ڕێژیمی شا مەحکوم کرد و ڕێزیان لە سەرجەم شەهیدانی کوردستان گرت و بەڵێنیان لەگەڵ نوێ کردنەوە.

ئەو شوێنانەی لە شاری بۆکان کە چالاکیی بەرینی تەبلیغی تێدا بەڕێوەچووە بریتین لە دەوروبەری "زانکۆی پەیامی نوور و زانکۆی عیلمی کاربۆردی، شەقامی ئینقلاب، فەرمانداری تا ئەسکەندەری، ئەبوزەر، کەلهوڕاوا، سەفی گازی عەلی ئاباد و ساحلی، دەوری تێرمیناڵی نوێ، کۆڵان و شەقامەکانی دەوروبەری پۆمپی بێنزینی حەبیبزادە، بەری میراوا.

هەروەها قارەمانانی دێموکرات لە شارەدێی "نێ"ی مەریوان و "سوێرۆ"ـێی بانە بە بۆنەی ۱۰ی خاکەلێوە ئاڵای کوردستان، ئەمانەتە پڕ بەهاکەی پێشەوایان هەڵکرد.

تێکۆشەرانی دێموکرات لە شاری سەقزی هەمیشە لەمەیدان بە بۆنەی ۱۰ی خاکەلێوە لە گەڕەکەکانی "سیلۆ، بلواری کوردستان، شافعی و ئوستاد شیرازی (کوشتارگا) پوستێر و وێنەی تایبەت بە ۱۰ی خاکەلێوەیان بڵاو کردەوە.

بەبونەی ۱۰ی خاکەلێوە، ئەندامان ولایەنگرانی قارەمانی حیزبی دێموکرات لە شاری نەغەدە لە داوێنی بەرزایی "قۆزلوو"ی گوندی "یۆنسلیان"ـی ئەو شارە، بە هەڵکردنی ئاڵایەکی کوردستان، بە درێژایی هەشت میتر و بەرینایی سێ میتر ناوچەکەیان نەخشاند.

دوای هەڵکرانی ئەو ئاڵایەی کوردستان، خۆفرۆش و بەکرێگیراوانی مۆڵگە، چاویان بەرایی ئاڵای نەخشینی کوردستانیان نەبووە و هەر بۆیە بەیانی زوو پەلاماری خوێن و خۆر و چیای باوەشی قۆزلوویان دا و کۆیان کردەوە.

تێکۆشەرانی دێموکرات لە شاری کامیارانیش ئاڵای کوردستانیان بە بۆنەی ۱۰ی خاکەلێوە هەڵکرد.

لەلایەکی دیکەشەوە ئەندامان ولایەنگرانی حیزب لە شاری کرماشان چالاکیی تەبلغییان بەڕێوە بردووە و تراکت و پۆستێری تایبەت بەو ڕۆژەیان بڵاو کردووەتەوە.

تێکۆشەرانی دێموکرات لە گەڕەکەکانی "موعەلیم، ئاناهیتا و کەڕناچی"ـی شاری کرماشان چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوە بردووە.

## پەیامی پێشمەرگەکانی شار بەبۆنەی ۱۰ی خاکەلێوە، ڕۆژی شەهیدانی کوردستان



پۆلێک لە پێشمەرگەکانی شار لە دووتوێی پەیامێکدا بەبۆنەی ۷۱ەمین ساڵیادی لەسێدارەدرانی پێشەوا قازی محەممەد و هاوڕێیانی، پەیمانی وەفادارییان لەگەڵ شەهیدانی ڕێگەی ڕزگاری نوێ کردەوە.

دەقی پەیامەکەیان بەم چەشنەیە:

لە ئولکەی عیشقەدا بێ چوونە سەردار،
بە ئاسانی مەزانە بوونە سەردار
هەیە گەرعیشقی سەرداری لە سەرتا،
بکە مەشقێ لەوانەی چوونە سەر دار

لە ڕۆژی شەهید کرانی پێشەوا قازی محەممەد، سڵاو دەنێرین بۆ ڕۆحی پاکی پێشەوا و هەموو شەهیدانی حیزب و گەل.

ڕێژیمی ناوەندگەرای تاران بە شەهید کردنی پێشەوای نەمر و هاوڕێیانی پێی وابوو دەتوانێت بزاڤی ڕزگاریخوازی نەتەوەی کورد لە نێو ببات و بیر وهزری ئازادیخوازی و نیشتمانپەروەری لە مێشکی نەتەوەی کورددا بسڕێتەوە، بەڵام بەردەوامی خەبات لە لایەن شۆڕشگێڕانی ڕێبازی پێشەوا، سەلمێنەری ئەوەیە کە ڕێژیمە شۆڤێنیستەکانی تاران لە هەڵەیەکدا دەژین کە بناغەکەی لە سەر ئینسان کوشتن و دژایەتی مافە ئینسانییەکان دامەزراوە. ئێمە وەک هەمیشە خۆمان بە درێژەدەری ڕێبازی پڕسەروەری شەهیدان دەزانین و لەم ڕۆژەدا لەگەڵ ڕۆحی بەرزی پێشەوای شەهیدان و هەموو شەهیدانی کوردستان و کورد پەیمان نوێ دەکەینەوە و بەڵێن دەدەین هەتا دواهەناسە پارێزەری خاکی پیرۆزی کوردستان و هەموو سەمبۆل و هێما و ئەرزشەکانی کۆماری کوردستان بین.

ڕێژیمی تیرۆریستی ئاخوندی بە نیسبەت مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کوردەوە بە میراتگری هەمان بیرۆکەی هەڵە و چەپەڵی دژە ئینسانی ڕێژیمی شا دەزانین هەر بۆیە لە چوارچێوەی سیاسەتەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا بۆ لەنێوبردنی ئەم ڕێژیمە درێژە بە چالاکییەکانمان دەدەین.

لە کۆتاییدا سەری کڕنۆش لە بەرانبەر بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان دادەنەوێنین، سڵاوی گەرم بۆ زیندانییە خۆڕاگرەکان دەنێرین و پێشمەرگە قارەمان و شۆڕشگێڕەکانی شاخ دڵنیا دەکەینەوە کە خەباتی شار تا گەیشتن بە مافە ڕەواکانی گەلی کورد هەر بەردەوام دەمێنێتەوە

مردن و نەمان بۆ دوژمنانی نەتەوەی کورد، سەرکەوێ خەباتی ڕەوای گەلەکەمان بە ڕێبەرایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران.

ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە شاری سەقز

## چاپ و بڵاوکردنەوەی ڕۆژژمێری ساڵی نوێ، دیاریی کۆمیسیۆنی ڕاگەیاندنی حیزب

ئەندامان و لایەنگرانی حیزب لە شاری بۆکان ڕۆژژمێری ساڵی ۲۷۱۸یان چاپ و بڵاو کردەوە.

لە شەوانی ڕابردوودا تێکۆشەرانی دێموکرات لە شاری بۆکان، ڕۆژژمێری ساڵی ۲۷۱۸ی کوردی کە لە لایەن کۆمیسیۆنی ڕاگەیاندنی حیزبی دێموکراتەوە ئامادە کرابوو و کرایە دیاری ساڵی نوێ، چاپ و بڵاو کردەوە.

بەپێی ئەم هەواڵە ئەم ڕۆژژمێرە لە نێو خەڵکی ئاسایی و ئەندامانی حیزبدا بڵاو کرایەوە کە بووە هۆی خۆشحاڵی و بەرزتربونەوەی ورەی شۆڕشگێڕانەی خەڵک و بە باوەشێکی ئاواڵەوە پێشوازییان لێکرد.

بەپێی ئەم هەواڵە ئەندامانی حیزب لە شاری بۆکان ۱۵۰ دانە لەم ڕۆژژمێرەیان چاپ کردووە

### درێژەی پەیڤ

بە سەرکوت و تواندنەوەی ناسنامەی نەتەوە غەیرەفارسەکان و ئایینەکانی غەیرە شیعەی ویلایەتی فەقیهی بووە و یەکێک لە ئامرازەکانی سەرکوت کە بەکاریان هێناوە بریتییە لە سووکایەتی بە ناسنامەی نەتەوە و ئایینەکانی دیکە.

بە دەیان ساڵە ئەو ڕەوتە بەردەوام بەڕێوە چووە و بە سەدان هەزار داستانی سووکی بەناو گاڵتە و جۆک بەدژی نەتەوە غەیرە فارسەکان و ئایینە جیاوازەکان دروست کراوە و بە سەدان فیلم و سریاڵی تەلەفزیۆنی لە سەردەمی پاڵەوی و ویلایەتی فەقیهیدا بەڕێوە چووە کە دوایین نموونەکانی لە سریاڵی نەورۆزی ئەمساڵی ۱۳۹۷ە بە ناوی «پایتەخت» ئەنجام درا کە نارەزایەتیی نەتەوە غەیرە فارسەکانی لێکەوتەوە.

سووکایەتیکردن بە ناسنامەی دیتران و بە سووک و پاشکەوتوو و جێی شەرمەزاری ناوبردن و نیشاندانیان، ئامرازی دەستی دەسەڵاتی فاشیستییە کە دەیهەوێ ناسنامەی جیاوازی غەیرەفارس و غەیرە شیعەی ویلایەتی فەقیهی بەچۆکدا بێنێ و دەستەمۆی بکا و دواتر فڕێی دا.

ئەم شێوازە لە سیاسەت و دەسەڵاتداری نەک نەتەوە ستەملێکراوەکان بە چۆکدا ناهێنێ، بەڵکوو تەنیا رقی زۆرتر لە نێو کۆمەڵگادا دەچێنێ و سبەی ڕۆژ تۆفانی لێ بەرهەم دێ.

# پەیامی کۆمیسیۆنی کۆمەڵایەتی حیزبی دێموکرات بەبۆنەی ٧١مینساڵیادی لەسێدارەدرانی پێشەوا قازی محەممەد و ڕۆژی شەهیدانی کوردستان




خەڵکی بەشەرەفی کوردستان
بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان
ئامادەبووانی بەڕێزی ڕێوڕەسمی ١٠ی خاکەلێوە، ڕۆژی شەهیدانی کوردستان

٧١ ساڵ لەمەوپێش و لە ڕۆژێکی وەکوو ئەمڕۆدا، "پێشەوا قازی محەممەد" یەکەمین سەرکۆماری کوردستان و سەیفی قازی و سەدری قازی، لە گۆڕەپانی چوارچرای مەهاباد، دوای تێپەڕاندنی ماوەیەک زیندان و بەڕێوەچوونی دادگایەکی ڕواڵەتی، لە سێدارەدران و چوونە نێو کاروانی شەهیدان؛ بۆیە ئەمڕۆ دوای ٧١ ساڵ لەو ڕۆژە، لێرە کۆبووینەتەوە تا پێکەوە و بۆ جارێکی تریش هەم ڕێز لە ڕۆژێکی مێژوویی لە نێو بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەکەمان بگرین، کە ڕۆژی مەرگی سەربەرزانەیە و هەم وەفا و سۆزی بەردەوام بوون لەسەر ڕێگاو ڕێبازی شەهیدان دووبارە بکەینەوە و بەڵێنیان پێبدەین، کە هەروا قورس و قایم لەسەر ئەو ئامانجانە سوورین، کە ئەوان لە پێناویاندا گیانیان بەختکرد، بۆیە بە نوێنەرایەتی لەلایەن ڕێبەرایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە، سڵاو دەنێرین بۆ گیانی پاکی پێشەوای مەزنمان و سەرجەم شەهیدانی ڕێگای ڕزگاری کوردستان و سەری ڕێز و نەوازش لەبەرامبەر بنەماڵە سەربەرزەکانیان دادەنەوێنین.

بەڕێزان

حەفتاو سێ ساڵ بەر لە ئێستا، کاتێک کۆماری کوردستان لەسەر دەستی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و کۆمەڵێک لە مرۆڤە شۆڕشگێڕ و نەتەوە پەروەرەکانی کوردستان و لە سەروو هەمووشیانەوە پێشەوای نەمر دامەزرا و یەکەمین دەوڵەتی مۆدێرنی کوردی لە مێژووی کوردستاندا نەخشاند و، لە ماوەی کەمتر لە ساڵێکدا، یەکێک لە پڕشنگدارترین ئەزموونەکانی حوکمڕانی لە کوردستان و تەنانەت ناوچەشدا بەدیهات و، شکۆی کۆشکی دیکتاتۆری و دەسەڵاتی حکومەتی ناوەندی لەو وێرانەیەی کە هەبوو زیاتر وەلەرزەخست، ئەمە بوو بە مۆتەکەی داگیرکەران و سەرەنجام هەرچی پێیان کرا خستیانە کار بۆ ئەوەی ئەو ئەزموونە لەناوبەرن؛ بۆیە دوای یازدە مانگ لە دامەزراندنی کۆمار، هێزی داگیرکەر بە یارمەتی کۆمەڵێک فاکتەری دەرەکی و ناوخۆیی، توانی بەسەر کوردستاندا زاڵ بێتەوە و بە لە سێدارەدانی دامەزرێنەرانی کۆمار و لەسەروو هەموویانەوە پێشەوای نەمر و سەدری قازی و سەیفی قازی لە ڕێکەوتی ١٠ی خاکەلێوەی ١٣٢٦دا، دوای دادگایەکی ڕواڵەتی، کۆتاییان بە تەمەنی کۆمار هێنا.

ئەوان کۆتاییان بە کۆمار هێنا، بەڵام نەیانزانی ئامانجەکانی کۆمار و گیانفیدایی ڕێبەرەکانی، چ بەهایەکی مەزنن و چۆن بۆ نەوەکانی داهاتوو دەگوازرێنەوە، دوای حەفتاو یەک ساڵ لەو ڕووداوە، داستانی مەرگی سەربەرزانەی پێشەوا، هێشتا خاوەنی بەهێزترین وانەی خۆنەویستی، خەڵکویستی، ئازادیخوازی و سەرفرازییە و ئەوینێکی بەهێزیشە بۆ بە چۆکداهێنانی هەموو مەترسی و ناخۆشییەکان.

خۆشەویستان

دامەزراندنی کۆمار و ئازایەتی و بەرخۆدانی ڕۆڵەکانی دامەزرێنەری کۆمار و ژیانی ئەو مرۆڤە تێکۆشەرانە، چەندە هەڵگری وانەی شۆڕشگێڕی و ئازادیخوازی بێت، گیان لەدەستدان و شەهیدبوونیشیان، دوو هێندە هەڵگری ئەو مانا بەرزانەیە، کە لەسەردەمی شەهیدبوونی پێشەواوە تا هەنوکەش، هێزێکی کاریگەری ناو مێژووی ئازادیخوازی نەتەوەکەمانن. ئەمڕۆ لێرە باسی ژیانی شۆڕشگێڕانە نییە، ئەمڕۆ لێرە باسی مردنی شۆڕشگێڕانەیە، کە بێگومان بەهەمان ڕادەی ژیانی شۆڕشگێڕانە، ڕۆڵی کاریگەری لە مێژووی بزاڤی ڕزگاریخوازانەی نەتەوەکاندا بۆ بەدەستهێنانی سەروەری و ڕزگاری هەبووە... پێشەوای مەزن بە بەخشینی گیانی خۆی، وانەیەکی فێرکردین، کە هیچ زیندووبوون و مانەوەیەک ناتوانێت بەرامبەریی بکات، وانەی مردن لە پێناو خەڵک و خاک و وڵات...! مردن لە پێناوی ئازادی و بە سەربەرزی ژیان... هەر ئەم وانەیە بوو، کە سەرەڕای سەختی ڕێگای خەبات و بەرخۆدانی نەتەوەکەمان و دڕندەیی دوژمنانمان، بەڵام تاکەکانی ئەم نەتەوەیە بە شەوق و زەوقەوە ڕووی تێدەکەن و لە هیچ مەترسییەک سڵ ناکەنەوە، تەنانەت ئەگەر بە دانانی گیانیشیان بێت... ئەمەیە ڕازی مەرگی شۆڕشگێڕانە. دیاریکردنی ئەم ڕۆژەش وەکوو ڕۆژی شەهیدانی کوردستان لەلایەن حیزبەکەمانەوە، بەشێکی هەرەگرنگی بۆ ئەو مانا بەرزانە دەگەڕێتەوە کە لە چیرۆکی مەرگی پێشەوای مەزندا هەن. مردنێک لە پێناو نیشتمان، مردنێک لە پێناو ئازادی، مردنێک لە پێناو خەڵک و سەرەنجام مردنێک لە پێناوی ژیان...

بەڕێزان

ئێمە لە ڕابردوودا و هەتا هەنووکەش لە خەباتێکی قورس و قایم و خوێناویدا بووین و هەین، بەدژی زوڵم و زۆر و چەوسانەوە؛ لەم خەباتەدا بە دەیان ڕێبەر و سەدان و هەزاران کادر و پێشمەرگە و دەیان هەزار خەڵکی ئازادیخوازی نەتەوەکەمان، پێشکەش بە بارەگای بەرزی ئازادی کردوون. کەسانێک لە تاکە بەهرەمەند و بەتواناکانی ئەم وڵاتە گیانیان پێشکەش کردووە، کە بەدڵنیاییەوە دەتوانین بڵێین دەتوانرا بناغەی کۆمەڵگایەکی ئازاد و دێموکرات و پێشکەوتوویان پێ بنیات بنرێ... بەڵام فەلسەفەیەک کە حیزبی دێموکراتی لەسەر بنیات نراوە و پەروەردەیەک کە ئەم حیزبە لە ناخی تاکەکانی ئەم نەتەوەیەدا جێی کردووەتەوە، وای کردووە کە هەموو ژیانێک و بەتایبەتی ژیانی ژێردەستی، بەهەر نرخێك وەرنەگیرێ... هەر لێرەوەیە داستانی گیان بەخشین و شەهید بوون لە پێناوی ژیانێکی باشتر و سەربەرزانەتر دێتە کایەوە. ئەمەش وایکردووە، کە داستانی شەهیدبوونی ڕۆڵەکانی ئەم نەتەوەیە و خەباتی قورس و قایم و خوێناوییان، نەک تەنیا نەبێتە هۆی شێواندنی سیمای خەباتەکەمان، بەڵکوو بە پێچەوانەوە! ئێمە بە شەهیدەکانمان سەربەرزین و هەر لەبەر ئەوانیشە خەباتەکەمان خاوەنی پرەستیژێکی بەرزی مرۆیی و ئەخلاقی و سیاسییە. ئەمە ڕازی فەلسەفەی شەهیدبوونە لە ڕێڕەوی ئەم خەباتە خوێناوییەی نەتەوەکەمان... ئێمە ناژین و نامرین لە پێناوی مردن، ئێمە دەمرین لە پێناوی ژیان.

خەڵکی بەشەرەفی کوردستان

لە سێ ساڵی ڕابردووەوە، حیزبەکەمان بە هەستکردن بە بەرپرسایەتییەکی مێژوویی بەرامبەر بە ماف و ئازادییەکانی نەتەوەکەمان و لە پێناوی برەودان بە خەباتێکی هەمەلایەنە، لەژێر ناوی ڕاسان و لەژێر دروشمی لێکگرێدانی خەباتی شار و شاخ، قۆناخێکی نوێی لە خەباتی خۆی بەدژی ڕێژیمی کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامی دەستپێکردووە. بەداخەوە لە سەرەتای جێبەجێکردنی ئەو شێوە خەباتە لە قۆناخی نوێدا، زۆر کەس هەستانەوە و بەجۆرێک لە جۆرەکان دژایەتی خۆیان بەرامبەر بەم ڕەوتە نیشاندا و لە دیدی کورت و ئاسوودەتەڵەبی و بێ ئیرادەیی خۆیانەوە، لە فەلسەفەی ڕاسان و ئیرادەی ئەم گەلە بۆ دروستکردنی مێژووی خۆی، تێ نەگەیشتبوون. ئەوان نیشانیان دا، کە نە لە مێژووی ئاشتیخوازی ئەم گەلە تێگەیشتوون و نە لە ڕازی شەهیدبوون و بە شەوقەوە بەرەو پیری مەرگ ڕۆشتنی قازی و قاسملوو و شەرەفکەندی و هەزاران شەهیدی ئەم گەلە.

لە دەسپێکردنی قۆناخی نوێدا، ئاگامان لە مەترسییەکان و تێچووی ئەو خەباتە بوو، چونکە باشمان دەزانی دوژمنەکەمان چەند دڕندەیە و باشیشمان دەزانی بەهای ئازادی چەند گرانە و باشیشمان دەزانی گەلێک ئازادی بوێ، دەبێ نرخەکەشی بدات... بەداخەوە ئێمە لە ڕەوتی ئەو خەباتەدا، ژمارەیەک لە باشترین ڕۆڵەکانی حیزب و گەلمان پێشکەش بە بارەگای ئازادی کردن، بەڵام حەماسە و گیانفیداییەک کە ئەوان نیشانیان دا، سەلمێنەری ئەو ڕاستییە بوو کە ئێمە هێشتا بە پێوەین و بۆ ژیانێکی ئازاد و پێشکەوتوو، لە هیچ مەترسی و بەربەستێک ناگەڕێینەوە، ئەگەر بە بەخشینی گیانیشمان بێت، ئەوان وەکوو ڕێبەران و هاوسەنگەرانی شەهیدیان، ئەو هزر و فەلسەفەیەیان وەبیرهێنایەوە، کە مەرگێک لە ڕێی نیشتمان و لە ڕێی ئازادی و بەختەوەریی مرۆڤەکان بێت، زۆر بە بەها و شکۆمەندترە، هەر ئەوەشە ڕازی مانەوە و بەردەوامی ئەم نەتەوەیە؛ بۆیە بە پێویستی دەزانین لەم ڕۆژەدا جارێکی تر سڵاو بنێرین بۆ گیانی پاکی شەهیدانی قۆناخی نوێی خەباتی گەلەکەمان، شەهیدانی ڕاسان.

بەڕێزان

ئەمڕۆ ناوچەکەمان بە یەکێك لە هەستیارترین و پڕ گۆڕانترین قۆناخەکانی خۆیدا تێدەپەڕێت. زۆر کۆمەڵگا ئاڵوگۆڕی بەرچاویان تێدا بەدیهاتووە، کە ئەگەرچی بەشێک لەو گۆڕانکارییانە، هێمنی و ئارامییان لێ بەدی نەهاتووە، بەڵام ئەو مەسەلە لەوە کەم ناکاتەوە، کۆی ئەو گۆڕانکارییانە شتێکمان پێدەڵێن و ئەویش ئەوەیە، کە سەردەمی دەسەڵاتی ڕەهای دیکتاتۆرەکان بەسەردەچێت و هەمیشە لەبەردەم مەترسی ڕووبەڕووبوونەوەی خەڵکەکەیانن... کۆمەڵگای ئێمەش لەژێر دەسەڵاتی ئاخوندەکاندا، ناتوانێت لەم تایبەتمەندییە بەدوور بێت و بەسەرنجدان لەو ناتەواوییە سیاسی و کۆمەڵایەتی و کولتووری و ئابوورییەی کە لە ئێراندا هەیە، پێکهاتەی ئەو کۆمەڵگایەی لەرزۆک کردووە، بۆیە زیاد لە هەر کاتێکی تر ئەگەری ئەو گۆڕانەی تێدا نزیکە... ئەگەرچی لەم نێوەدا ئێران دەیهەوێت بە دەستێوەردان لە وڵاتان و پەرەپێدانی چالاکییەکانی لە دەرەوە، وێنەیەکی بەهێز لە خۆی نیشان بدات، بەڵام هەموو ئاماژەکان باس لەوە دەکەن کە لە ڕووی نێودەوڵەتی و ناوچەییەوە ئێران بەرەو کۆنترۆڵکردن و دوورەپەرێز کردن دەچێت و چیدی ناتوانێت بە خولقاندنی کێشە لە دەرەوە، ناتەواوییەکانی داپۆشی، بەڵام نابێت ئەوەمان لەبیر بچێت کە هەرجۆرە جێگرتنێک لەم گۆڕانکارییانەدا و دەستەبەرکردنی مافەکانی نەتەوەکەمان، پەیوەستە بە ڕادەی ئامادەیی و کاریگەری ئێمەوە.

لە ڕوانگەی خۆئامادەکردن بۆ جێگرتنێکی کاریگەر لەو گۆڕانکارییانە، لە سەرەتاکانی مانگی ڕەشەمەی ساڵی ڕابردوودا کۆنگرەی شازدەی حیزبەکەمان بەڕێوەچوو و کۆمەڵێک گۆڕانکاری گرنگی لە پێکهاتەی حیزبدا پێکهێنا، کە هەر هەموویان لە پێناوی فراوانکردنی سنووری چالاکی و لەخۆگرتنی زۆرترین هێزی مرۆیین لە ڕەوتی خەباتدا.

ئێمە لە هەلومەرجێکداین کە پێویستمانە زۆرترین هێز و وزەکان ڕێکبخەین و بە ئاراستەیەکی کاریگەردا ڕێنوێنییان بکەین. کۆنگرەی شازدە زۆر بە باشی توانی نەخشەی فراوانکردنی سنووری چالاکی و کۆکردنەوەی هێز و وزە کاریگەرەکان دابڕێژێت، کە هیواداریـن لە بواری کردەوەشدا، بتوانین بە باشترین شێوە بە ئەنجامیان بگەیەنین. حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، سەرمایەیەکی ڕەمزی و مرۆیی زۆر گەورەی هەیە و دڵنیاین بە پشتبەستن بەو ڕەمزە مەزنانەی کە لە بواری هزری نەتەوەیی هەمانە و بەو هێزە مرۆییەی کە هەیە، سەردەکەوین.

لەم خەباتەدا، کە ئەگەرچی بەبێ تێچوو نابێت، بەڵام پشت ئەستوور بە میراتی بەجێماوی شەهیدانمان و بە فیداکاری و ئازایەتی پێشمەرگەکانمان و پشتیوانی بێ دریغی خەڵکەکەمان و بە بەرنامەیەکی پێشکەوتوو کە هەمانە، دڵنیاین سەردەکەوین و گیانی پاکی شەهیدەکانمان ئاسوودە دەکەین.

لە کۆتاییدا جارێکی تر سڵاو دەنێرین بۆ گیانی پاکی پێشەوای شەهید و هاوڕێیانی و سەرجەم شەهیدانی کوردستان

**سەرکەوێت خەباتی ڕزگاریخوازانەی گەلەکەمان بە ڕێبەرایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**

**کۆمیسیۆنی کۆمەڵایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان ئێران**

**١٠ی خاکەلێوەی ١٣٩٧ی هەتاوی**

# مانیفێستی ڕزگاری



ئەلبۆرز ڕوئینتەن

هەتا لاپەڕەکانی مێژووی کورد زیاتر هەڵدەدەینەوە، تابلۆی تراژێدیای کورد زیاتر دەردەکەوێت. لە پەنای ئەم تابلۆیە سەربوردەی قارەمانیەتی، فیداکاری، کاریگەری بلیمەت و ڕێبەرەکانمان لەسەر زیندوو مانەوەی کورد وەکوو نەتەوە زۆر ڕوونە. لە لایەک پرسیاری بۆچی تا ئێستا سەرنەکەوتووین دەبێتە خۆرەی مێشک، لە لایەک جێ داخە بۆچی ئەم ڕێبەرە زانا و لێهاتووانە بە ڕادەی پێویست لە لایەن تاکی کورد بەرجەستە نەکراون.

ڕاستە گاندی و گیڤارا و ماندێلا بۆ دونیا ناسراون و خزمەت و فیداکارییان جێگەی ڕێز و لێفێربوونن بەڵام بە بڕوای من پێشەوا قازی محەممەد یەکەم سەرکۆماری کوردستان ئەگەر کورد نەبوایە بە هۆی فیداکاری بێوێنەی بۆ گەل و نیشتمان و مرۆڤایەتی نەک لە ڕیزی وان بەڵکوو لە هەندێ بواردا لە سەرووی ئەوانیش بە ئەژمار دەهات. یەکێک لە خەسارەکانی خەبات و تێکۆشانی ئێمە بۆ گەیشتن بە ڕزگاری کەمتر کار کردنە بۆ تۆمار کردنی ڕاستییەکانی مێژووی نەتەوەکەمان؛ هەروەها چەسپاندنی ئەو بابەتە لە مێشکی تاکی کورد وەک یەکێک لە کۆڵەکەکانی نەتەوەسازییە، زۆر جاریش لەبەر دڕەندەیی داگیرکەران و ناکۆکی خۆمانیش دەرفەتی تۆمار و گەیاندنی ئەو مێژووە بە نەوەکانی داهاتوو نەبووە.

من لێرەدا دەمەوێت باس لە وەسیەتنامەی پێشەوای نەمر بکەم و تیشک بخەمە سەر چەندین لایەنی ئەو وەسیەتنامەیە و بە بەراوردێک لەگەڵ بارودۆخی ئێستەی دۆزی کورد، چونکە پێم وایە ئەو چەند لاپەڕەیە سەرڕای ئەوەیکە لە هەلومەرجێکی زۆر نائاسایی و ئەستەمدا نووسراون، گەلێک پەیامی بە سوود و ڕێنوێنی ئامۆژگاری گرنگی تێدایە، کە دەتوانێ وەک تیشکی خۆر ڕێگای تاریکی ڕێبازی ڕزگاری گەلەکەمان ڕووناک بکاتەوە.

هەلومەرجی نووسینی وەسیەتنامەکە ئەم وەسیەتنامەیە لە هەلومەرجێکی زۆر دژواردا نووسراوە، چونکە دوای سێ مانگ لە گیرانی پێشەوا و هاوڕێکانی لە ژێر گوشارێکی زۆری نێوخۆیی و ئێرانی ببوون بە بەشێک لە پیلانیان، بۆ شکاندنی کەرامەتی نەتەوەیی و لێدانی بزماری کۆتایی لە تابووتی بزاڤی ڕزگاریخوازیماندا. دوژمن بە گوشاری دەروونی بە بێڕێزیان بەرانبەر بە کورد و کەسایەتیان لە دادگای بێداد دا، هەروەها ڕاگرتنیان لە زیندانی تاکەکەسی لە بەندیخانەی تاکەکەسیی نیزامیدا لە ڕۆژانی کۆتایدا ببووە سەرباری غەمی بێوێنەیان بۆ ڕزگاری میللەت. لە بارودۆخێکی وەهادا لە شەوی نۆ لەسەر دەی خاکەلێوە بە لە بەرچاو گرتنی ڕێوشوێنی ئەمنییەتی زۆرەوە بە بیانووی گواستنەوەیان بۆ تاران بۆ گۆڕەپانی چوارچرا دەگوازرێنەوە، لەوێدا دوای ئەوەی بۆ بینای شارەداریی دەبردرێن و پێشەوا بە دیتنی مەلا و بەرپرسی بێهداری مهاباد و ئەفسەری نیزامی ئیتر درک دەکات، ئەمەش درۆیەکی تری دەسەڵاتی شاهەنشای و عەجەمە، ئەوان بۆ گواستنەوەی تاران نەهێنراون، بەڵکوو بۆ جێبەجێ کردنی حوکمی لەسێدارەدانیان لەوێن.

لە کاتێکی وەهادا کە بۆ هەر مرۆڤێکی ئاسایی دەبێتە هۆکاری تێکچوونی باری دەروونی بەڵام پێشەوا زۆر بە هێمنی و لێبڕاوی تەواوەوە داوای نووسینی وەسیەتنامە دەکات، کە دەبێتە بەڵگەیەکی بەنرخ بۆ کورد، کە زۆر بابەتی گرنگی بۆ بزاڤی ڕزگاریخوازیمانی تێدایە، کە بە مانیفێستی ڕزگاری لە قەڵەم دەدرێت. کاتێک بە مەلا دەڵێ وەسیەتنامەکەم بنووسە ئەویش دەڵێ بە کوردی نازانم بنووسم پێشەوا ئەوە بە یەکێک لە خەسارەکانی نەتەوەی کورد دەزانێ، کە ناتوانێ بە کوردی بنووسین. نیشان دەدات پێشەوا لە دوا کاتەکانی بەرەو پیری مەرگدا نەک غەمی ژیانی نەبووە، بەڵکو بەردەوام بووە لە ڕێبەرایەتی کردن و ڕێگە نیشاندان.

تەوەرە گرنگەکانی وەسیەتنامەی پێشەوا

- دەربڕینی خۆشەویستی بۆ نەتەوە و نیشتمان.
- هەوڵدان بۆ تەبایی و یەکڕیزی وەک بنەمایەک بۆ سەرکەوتن.
- هەوڵدان بۆ بردنە سەری ئاستی زانستی و زانیاری هەروەها خۆپێگەیاندن.
- باوەڕ نەکردن بە دوژمن و پەیمان و سۆزیان بەتایبەتی عەجەم.
- گرنگیدان بە لێهاتووی و شارەزایی و تاکەکان.
- ئاماژەدان بە ئەرکی قورسی بەرپرسایەتی بەرپرسان لە بەرانبەر گەل و نیشتمان
- پاراستن و پارێزگاری هەستی خۆ بەکەم نەزانین وەک نەتەوەی کورد لە ئاست نەتەوەکانی‌تر.
- گرنگیدان بە ئاوەدان کردنەوە و پێشخستنی وڵات لە ڕێگەی سامانی تاکەکەسی خۆی.

ڕێکخستنی ئەم تەوەرانە لە وەسیەتنامەیەکی چەند لاپەڕەیی کە لە کاتێکی وەهادا نووسراوە نیشان دەدات، کە پێشەوا لە دوایین ساتەکانی ژیانیدا لە لایەک باوەڕی بە نەتەوەکەی و بزاڤەکەی دەگەیەنێت، کە هەر سەر دەکەوێت. ئەو باوەڕە لە کاتی وەهادا ئازایەتی و بیلمەتی پێشەوا نیشان دەدات.

لە لایەکی تر دەتوانین هەر یەک لەم تەوەرانە ئێستەش دوای چەند دەیە وەک خەساری جووڵانەوەکەمان بۆ گەیشتن بە ڕزگاری کۆتایی هەژمار لە قەڵەم بدەین. ئەوە ئەرکی ڕێبەرە کە کۆمەڵگای خۆی بناسێت وێڕای هەوڵدان بۆ نەهێشتنی کەموکوڕییەکان لە هەمان کاتدا هەوڵی بەرز کردنەوەی وورەی نەتەوەکەی بۆ گەیشتن بە ئامانج و پارێزگاری لە کەرامەت و شکۆی بدات. کە پێشەوا لەم چەند دێڕەدا ئەم ئەرکەی بە لێهاتووییەوە ئەنجامی داوە.

لە یەکەم تەوەردا کە خۆشەویستی بۆ گەل و نیشتمان لە خۆ دەگرێت زۆر سەرنجڕاکێشە کە بارودۆخی ئەستەمی ئەوکات نەیتوانیەوە خۆشەویستی گەل و نیشتمان بۆ یەک چرکەش لە مێشک و دڵی پێشەوا بسڕێتەوە، بەڵکوو بەردەوام هەر بەو خۆشەویستییەوە تەنانەت کاتێک بەرەو پەتی سێدارەی بەرۆکی ناحەقی دوژمن گرتووە، وەسیەتنامەکەی بە ڕستەکانی "ڕۆڵە و برا عەزیزەکانم، برا بەشخوراوەکانم میللەتە زوڵملێکراوەکەم" دەست پێ دەکات، کە نیشانەیەکە بۆ خۆشەویستی بۆ نەتەوەکەی. هەروەها لە بەشێکی تردا دەفەرمێت: "خۆشەویستەکانم کوردستان ماڵی هەموو کوردێکە". لە کۆتایی وەسیەتنامەکە بەئەنقەست بە واژۆی "خزمەتگوزاری گەل و نیشتمان قازی محەممەد" کۆتایی بە نووسینی دێنێ بۆ ئەوەی نیشان بدات سەرۆک و بەرپرسەکانی وڵات لە کاتی حوکم ودەسەڵاتدا بن، یان لە ژێر پەتی سێدارە هەر خزمەتگوزاری خەڵکن.

لە تەوەری دووهەمدا کە زۆر بە ڕوونی و فراوانی لەو وەسیەتنامەیە ئاماژەی پێ کراوە تەبایی و یەکڕیزی نەتەوەیی و خیانەت نەکردن بە نیشتمانە. ئەو بابەتە تەنانەت دەتوانین بە بابەتی سەرەکیی وەسیەتنامەی پێشەوا بزانین، ئەو چەندەش ئاماژەیەکە بۆ خەساری یەکڕیزنەبوونی گەلی کورد. ئێستاش وەک یەکێک لە گرنگترین خەسارەکانی بزاڤی ڕزگاریخوازیمانە، بە هۆکاری سەرەکیی نێوخۆیی نەگەیشتن بە ئامانجەکان و نسکۆ و شکستەکان ئەژمار دەکرێت، کە نموونەی زیندووی وەک کەرکووک و عەفرینش لەم بەڵگەی حاشاهەڵنەگرەی ئەو ڕاستییەن. هەر لەو سۆنگەیەدا بووە کە پێشەوا بەو شێوەیە داوا لە گەل دەکات "وەرن بە خاتری خوا چیتر دوژمنایەتی یەکتری مەکەن، یەک بگرن و پشتتان وە یەکتری بدەن".

هەروەها لە شوێنێکی تر بۆ نیشاندانی گرنگی یەکڕیزی لە خەباتی گەلان بۆ ئازادی دەفەرمێت: "ئەو میللەتانەی کە لە چنگی دوژمنە زۆردارەکانیان ڕزگاریان بووە وەک ئێوەن، بەڵام ئەوانەی خۆیان ڕزگار کردووە یەکیەتییان لە نێواندا هەبووە".

پێشەوا بە هەمان ڕادەی کە گرنگی بە تەبایی و یەکڕیزی دەدا، خۆپێگەیاندن و بەرز کردنەوەی ئاستی زانست و زانیاری بە پێویست دەزانێت و تەنانەت ئەو چەندە بە بنەمای ئاگایی و هۆشیاری نەتەوەیی دەزانێت، بۆ ئەوەی لە لایەن دوژمنەوە بە ئاسانی ماف و ئازادیەکانمان لێ زەوت نەکرێت.

لە خاڵێکی دیکەی وەسیەتنامەکەدا بە ڕوونی لەسەر ئەو بابەتە دەدوێ: "خوێندن و زانست و پلەی زانیاریتان بەرنە سەر، بۆ ئەوەی کەمتر فریوی دوژمن بخۆن". پێشەوا وەک زانایەکی سەردەمی خۆی لە کوردستان و ئێران بەگشتی گرنگیەکی تایبەتی بە خوێندن داوە، چ کاتی بەرپرس بوونی لە مەهاباد هەوڵی دامەزراندنی خوێندنگەی داوە لە وەسیەتنامەکەشیدا بەشێک لە سامانی خۆی بۆ ئەو ئەرکە تەرخان کردووە. بە خۆشیەوە دەڵێم کە ئێستا ڕێژەی خوێندەواری و پێگەیشتنی زانستی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ئاستێکی باشدایە، کە ئەو چەندە بەشێکی دەگەڕێتەوە بۆ هەبوون و گرنگی پێدانی ڕێبەرایەتی زانای وەک پێشەوا، دەبێ لەو خاڵە بەهێزە کەڵک وەربگرین بۆ بەرەو پێشبردنی بزاڤەکەمان.

دەبێ دان بەوە دابنین باوەڕکردن بە دوژمن لە خەسارێکی تری مێژووی جوڵانەوەکەمانە بەتایبەتی ئەزموونێکی زۆر تاڵمان لەو بوارەدا لەگەڵ عەجەمدا (مەبەست دەسەڵاتی فارس) هەیە. کەم ڕێبەرمان هەیە نەکەوتبێتە بەر پیلانی ناجوامێرانەی ئەوان، یا لە هەستی ئازایەتی و جوامێری و پاکی کوردیان کەڵک وەرنەگرتبێ یا هەموو جاریش بە ناوی وتووێژ نێو پیلانی تێرۆری ڕیبەرانیان داڕشتووە و بە ئەنجامیشیان گەیاندووە.

پێشەوامان بە ڕوونی و وردی ئاماژە دەکات و دەفەرمێت: "لە ناو هەموو دوژمنەکانی گەلی کورد، دوژمنی عەجەم لە هەموویان زاڵمتر و مەلعونتر و خوانەناستر و بێبەزەییترە، لە هیچ تاوانێک بەرانبەر بە گەلی کورد دەست ناگێڕێتەوە، هەر بە درێژایی مێژوو لەگەڵ گەلی کورد، غەرەز و کینەی ڕیشەداری هەبووە و هەیەتی".

ئەو ڕاستیە مێژووییەی کە لە وەسیەتنامەکەی پێشەوادا بە تەواوی ڕەنگی داوەتەوە، بێگومان دوای پێشەواش بە چەندین جاری دیکە سەلمێنرا، هەر بۆیە دەبێت ئەو خاڵە ببێتە بنەماییترین خاڵی سیاسەت و خەباتمان لە بەرانبەر دوژمنەکەماندا، کە هیچ کات دوژمنی عەجەم واتە سیستم و حکوومەتی ناوەندیی ئێران ڕازی نابێت کورد بە کەمترین مافی بگات، تەنانەت نەک کوردی ڕۆژهەلات بەڵکوو دژایەتی کردنی کوردی پارچەکانی دیکەش دەکات، بۆ لە جیاتی وڵامی ئاشتیخوازانە بە دڕندەترین شێواز وڵامی داخوازە ڕەواکانی بداتەوە.

پێشەوا ئەوەندە بە حەق و دڵنیاییەوە لەو بابەتە دەڕوانێ، کە لە بەشێکی دیکەی وەسیەتنامەکەی خۆیدا دەڵێ "دڵنیا بن ئەگەر عەجەم هەنگوینتان بداتێ، دیارە ژەهری تێ کردووە". بە چاوخشاندنێکی وردی ئێستەی بارودۆخی ناوچە زێدەڕۆیی نییە، ئەگەر بڵێین کە بەشێکی زۆری نەهامەتییەکانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەرهەمی پیلان و سیاسەتە ڕیاکارییەکانی ڕێژیمی ئێرانە.

تەوەرێکی تری وەسیەتنامەی پێشەوا گرنگیدانە بە لێهاتووی و شارەزایی لە نێو کورد و پاڵپشتی کردنی ئەو توێژە بۆ سەرکەوتنیان. ئەو ئەسڵە واتە گرنگیدان بە پسپۆڕیی لێهاتووی و کەسی شیاو بۆ شوێنی شیاو لە گرنگترین ئەسڵەکانی سەرکەوتن لە بواری کارگێڕییە.ئەگەر لەو کاتەدا پێشەوا ئەو ئەسڵەی لە بیر بووە، زیاتر لەوەی کە لەوانەیە گرفتێک بێت لە نێو حکوومەتی کوردستان وەک تایبەتمەندییەکی کوردیش دەتوانین ئاماژەی پێ بکەین، کە کەمتر پاڵپشتی ئەو توێژەین تا لە کارەکانیاندا سەر بکەون هەر بۆیە بە ڕوونی دەفەرمێت: "خۆشەویستەکانم! کوردستان ماڵی هەموو کوردێکە، هەروەکوو لە ماڵەوەدا ئەندامانی ئەو ماڵە هەر کەس لە هەر جۆرە کار و کردەوەیەکدا دەیزانێ، ئەو کارەی پێ دەسپێرن، ئیتر کەس مافی چاوچنۆکی پێ نییە، کوردستانیش هەر ئەو ماڵەیە، ئەگەر زانیتان کەسێک لە ئەندامانی ئەو ماڵە کارێکی لە دەست دێ، لێی گەڕێن با بیکا" ئیتر نابێ بەرد بخەنە سەر ڕێی و نابێ بەوە دڵگیر بن کە یەکێک لە ئێوە بەرپرسیارەتی گەورەی بە دەستەوەیە".

لە هەمان کاتدا گرنگی دەدات بەهەستی بەرپرسیارەتی لە بەرانبەر گەلدا کە ئەگەر کەسێک بەرپرسیارەتیشی هەبێ دەبێ ئەرکی خۆی لە بەرانبەر ئەو بەرپرسیارەتییەش بەجێ بگەیەنێت. ئەو خاڵە وا لە ژیان و کەسایەتی پێشەوادا بەرجەستە ببوو، کە کەم ڕێبەری سیاسی لە دونیادا هەیە کە بەو شێوەیە خۆی لە بەرانبەر گەل و نیشتمانەکەی بەرپرسیار بزانێت. ئەو هەست کردن بە بەرپرسیارەتییە تا ڕادەیەک بوو، کە بە نرخی گیانی خۆی ئامادە نەبوو خوێن لە لووتی یەک هاووڵاتی کورد بێت. کە چی بەداخەوە ئێستا دەبینین لە پارچەکانی تر ئەو ئەسڵە لە بەرچاو نەگیراوە.

لە وەسیەتنامەکەدا لە کاتدا بەرەو پیری مەرگ دەڕوات بە شانازییەوە لەسەر ئەو ئەسڵە پێداگیری دەکات دەڵێت: "ئەگەر منیش بەرپرسیارەتی گەورەم لەسەر شانی نەبوایە، ئێستا لە ژێر داری سێدارەدا ڕانەدەوەستام."

تەنانەت نووسینی وەسیەتنامەش وەک ئەرکێکی بەرپرسیارەتی خۆی دەزانێ و دەفەرمێت: "ئەگەر منیش بەرپرسیارەتی گەورەم لەسەر شان نەبوایە، ئێستا منیش وەک ئێوە لە ناو خاوخێزان و ماڵی خۆم لە شیرینی خەودا دەبووم، ئەوەی کە ئامۆژگاریتان بۆ دوای خۆم دەکەم ئەمەش یەکێکە لەو بەرپرسیارەتییانەی کە لەسەر شانم".

لە کاتێکی وەها دژواردا کارکردن بۆ نەڕووخانی ورەی بەرزی نەتەوەیی کورد، یەکێکی تر لە خاڵە جەوهەرییەکانی سیاسیکارانەی پێشەوا بوو، کە لە گوتارەکانیدا بە ڕوونی ئاماژەی پێداوە، دروست کردنی ئەو هەستە بۆ ئەوەی خۆ بەکەم نەزانێ و هاوشانی نەتەوەکانی تر کە بەختیارن، گرنگیەکی زۆری هەیە بەتایبەتی ئەگەر دەسەڵاتی داگیرکەر بەئەنقەست بۆ لەنێوبردنی ئەو هەستە کار بکات. هەر لەو ڕوانگەوە دەفەرمێت: "با منداڵەکانتان بخوێنن چونکەی ئێمەی میللەتی کورد هیچمان لە میللەتانی دیکە کەمتر نییە".یا لە شوێنی تر دەڵێت: ئێوە نابێ بە کوشتنی من و برا و ئامۆزاکانم چاوتان بترسێ، هێشتا دەبێ زۆر کەسی دیکەی وەکوو ئێمە لەو ڕێگایەدا گیانی خۆیان بەخت بکەن، تا دەگەنە ئاوات و مەبەستتان".

بەشێکی تری وەسیەتنامە بۆ گرنگیدان بە ئاوەدانکردنەوە و پێشخستنی وڵات بەتایبەتی دروست کردنی خوێندنگە لە ڕێگەی سامانی کەسیی خۆی تەرخانی کردووە. هەروەها جەخت لەسەر بەدواداچوون لە لایەن خەڵک بۆ جێبەجێ کردنی ئەو بەشە لە وەسیەتەکەی دەکات و دەفەرمێت: "ئەو شوێنانەی لە وەسیەتنامەکەدا نووسیومە بۆ مزگەوت و نەخۆشخانە و قوتابخانە، ئێوە هەمووتان داوای بکەن تا دەکرێ و سوودیان لێ وەربگیرێ".

هەمووی ئەو تەوەرانە و زۆر خاڵی تر لە وەسیاتنامەیەکی چەند لاپەڕەیی لە لایەن پێشەوای نەمرەوە جێگیر کراون، بێگومان ئەگەر ئەو خاڵانە لە لایەن ئێمەی کوردەوە بە باشیەوە جێبەجێ کرابان، بارودۆخی ئێستای کورد زۆر باشتر دەبوو. هەروەها بۆ گەیشتن بە ترۆپکی سەرکەوتن جێبەجێ کردنیان پێویستییەکی حاشاهەڵنەگرە.

ئەگەر نووسینێک وەها کە لە دواساتەکانی یەکێک لە گرنگترین ڕێبەرەکانی کورد واتە نەمر پێشەوا قازی محەممەد لە چەند چرکەساتێک نزیکە بە مەرگدا بتوانێ بنەماکانی ڕزگاریی گەل لە خۆ بگرێت، بێگومان دەبێ وەک بەڵگەیەکی بەنرخ سەیر بکرێت و ببێت بە سەرمەشقی وانەی خەبات و لە جێگای خۆیدایە بە مانیفێستی ڕزگاریی بزانین.

# بەرنامە و پێڕەوی نێوخۆی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

فەسڵی چوارەم:

ئا ـ سیاسەتی ئابووری و کۆمەڵایەتی

بە مەبەستی ڕوونکردنەوە، دەبێ پێش پێشکەشکردنی سیاسەتی ئابووری و کۆمەڵایەتی حیزبی دێموکرات، جەخت بکرێتەوە، کە سەرچاوەی داهاتی کوردستان پێک هاتووە لە سامانە سروشتییەکان، کشتوکاڵ، گەشتیاری، باجوەرگرتن (مالیات) و پشکی هەرێمی کوردستان لە بوودجەی دەوڵەتی فێدراڵ، یان هەر داهاتێکی دیکەی خۆماڵی. حکوومەتی هەرێم لە داڕشتنی سیاسەتی ئابووریی و دابەشکردنی ئەو داهاتانە بە مەبەستی باشترکردنی هەلومەرجی ئابووری و کۆمەڵایەتیی دانیشتووانی هەرێم و پێشکەوتنی ئابووریی کوردستان سەروەرە.

١ ـ بەرەوپێشبردن و پەرەپێدانی بواری ئابووری لە ڕێگای بەرنامەداڕشتنێکی زانستییەوە لە هەرێمی کوردستان، لە ئەستۆی حکوومەتی هەرێمی کوردستانە. بۆ قەرەبووکردنەوەی دواکەوتوویی ئابووریی کە بەرهەمی ستەمی نەتەوایەتی و بورۆکراسی ناوەندگەرایە، پێویستە دابەشکردنی داهاتی گشتیی وڵات لە لایەن دەوڵەتی فێدراڵەوە بە چەشنێك بێت، کە بەشی دانیشتووانی هەرێمی کوردستان بەپێی ڕادەی دواکەوتوویی ناوچەکەیان زیاتر لە داهاتی نێونجیی سەرانەی وڵات بێ.

٢ـ یەکێک لە ڕێگا سەرەکییەکانی پێشکەوتنی ئابووریی کوردستان و سەرانسەری ئێران، لە ڕێگای پیشەیی کردنە (صنعتی کردن) بەپێی دەسکەوتەکانی زانست و تێکنیك لە لایەك و پێداویستی و ئیمکاناتی سروشتی وڵات لە لایەکی دیکەوە، پێکهێنانی ئاڵوگۆڕێکی بنچینەیی ئابووری و کۆمەڵایەتی کە بۆ بە پیشەیی کردن پێویستە، یەکێك لە بنەڕەتیترین ئەرکەکانی دەوڵەتی فێدراڵی و حکوومەتی هەرێمی کوردستانە.

٣ـ حکوومەتی هەرێمی کوردستان، بە هۆی بەشی گشتیی ئابوورییەوە کە بەشی بنەڕەتی بۆ پێشکەوتنی ئابوورییە، پیشەسازی پێشکەوتوو لە کوردستان دادەمەزرێنێت و هەموو ئاسانکارییەك دەکات بۆ بەشداری کەرتی تایبەتی و دەرەکی لە پێشخستنی ئابووریی وڵات و بەتایبەتی پیشەیی کردندا و هەر لەو کاتەدا پارێزگاری لە پیشەسازیی خۆماڵی و نەتەوەیی‌یەکانیش دەکات.

٤ـ سەرچاوە سروشتی و ژێرزەوینییەکانی کوردستان، وەك هەموو هەرێمەکانی ئێران، سامانی گشتین و حکوومەتی هەرێمی کوردستان وێڕای ئەولەوییەتدان بە پێشخستنی ئابووریی کوردستان و باشترکردنی هەلومەرجی ئابووری و کۆمەڵایەتی دانیشتووانی بە ڕێککەوتن لەگەڵ دەوڵەتی فێدراڵ، بە قازانجی هەموو خەڵکی ئێران کەڵکیان لێ وەردەگرێت.

٥ـ حکوومەتی هەرێمی کوردستان، گرنگی دەداتە بواری مێکانیزەکردنی کشتوکاڵ و ئاژەڵداری و وەك بەشێکی گرنگ لە سیاسەتی ئابووریی چاوی لێ دەکات و ڕێوشوێنی گەشەسەندنی بۆ دابین دەکات و هەروەها حکوومەت بەشەکانی کشتوکاڵ و ئاژەڵداری، بە یەکێك لە بنەما سەرەکییەکانی ئابووریی کوردستان دەزانێت و بۆ پێشخستن، پاراستن و پەرەپێدانی وەرزێری و ئاژەڵداری لە کوردستاندا، بە قازانجی جووتیاران و ئاژەڵداران کار دەکات. لەو پێوەندییەدا بەرنامە دادەڕێژێت و بڕیار و ڕێوشوێنی پێویست دیاری دەکات.

٦ـ بردنەسەرەوەی ئاستی ژیانی خەڵك و بەتایبەتی زەحمەتکێشانی کوردستان نێوەڕۆکی سەرەکیی سیاسەتی ئابووریی حکوومەتی هەرێمی کوردستانە. ئەم حکوومەتە هێز و توانای خۆی وەکار دەخات، بۆ ئەوەی هاووڵاتییانی کوردستان ژیانێکی شیاوی ئەم سەردەمەیان بۆ دابین بکرێت.

٧ـ ماوەی فەرمی کار لە حەوتوودا نابێت لە ٤٠ سەعات تێپەڕێت، ئەو کرێکارانەی کاری سەخت دەکەن دەبێ سەعاتی کارەکەیان کەمتر بێ. لانیکەمی حەقدەستی کرێکاران بەپێی تێچووی گوزەران دیاری دەکرێت و لەگەڵ چوونەسەری ئەو تێچووانەدا، حەقدەستەکەیان زیاد دەکرێت. کرێکاران بەرانبەر بە پێشهاتەکانی کار، نەخۆشی، پەککەوتوویی، بێکاری و پیری بیمە دەکرێن. ئەو کەسانەی کە تەمەنیان لە ١٦ ساڵ کەمتر بێ، نابێ کاریان پێ بکرێت. مافی مانگرتن و خانەنشینی دەبێ لە هەرێمی کوردستاندا پارێزراو بێ.

٨ـ حکوومەتی هەرێمی کوردستان، پێویستە بەپێی گەڵاڵەیەکی زانستی، پێش بە پارچەپارچە بوونی زەویی جووتیاران بگرێت، بۆ ئەوەی زیان بە ڕادەی بەرهەمهێنانی گشتی نەگەینێت.

٩ـ حکوومەتی هەرێمی کوردستان، لە پێناو پێکهێنانی کۆمەڵگایەکی سالم، پێویستە بە لێوردبوونەوە و سەرنج و ڕوانگەیەکی خەسارناسانەوە، ئاوڕ لە دیاردە دزێوە کۆمەڵایەتییەکان بداتەوە و بەرنامەیەکی زانستی گونجاو بۆ چارەسەرکردنیان، دابڕێژێت.

١٠ـ گرنگیدان و پێشخستنی کەرتی گەشتیاری دەبێ، لە ئەولەوییەتەکانی حکوومەتی هەرێم بێ.

ب: سیاسەتی فەرهەنگی و پەروەردە

١ـ لە هەرێمی کوردستاندا، سیستمی پەروەردەی نەتەوەیی هاوتەریب لەگەڵ پێوانەکانی پەروەردەیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و نرخ و بەها مێژوویی و نەتەوەیی‌یەکانی خەڵکی کوردستان دادەمەزرێت.

٢ـ حکوومەتی هەرێمی کوردستان، سەرنجێکی تایبەت دەداتە پێگەیاندن و پەروەردە کردنی منداڵان و لاوان و ئیمکاناتی پەروەردەیی و فێرکارییان بۆ دەرەخسێنێت.

٣ـ هەموو منداڵانی کوردستان، هەتا پازدە ساڵی دەبێ بخوێنن، حکوومەتی هەرێمی کوردستان بۆ نەهێشتنی نەخوێندەواری هەنگاو هەڵدەگرێت. لە هەرێمی کوردستاندا دابینکردنی پێداویستییەکانی خوێندنی سەرەتایی لە ئەستۆی حکوومەتی هەرێمی کوردستانە و خوێندن لە قۆناغەکانی دیکەدا بەبێ بەرانبەرە. حکوومەتی هەرێمی کوردستان تێچووی خوێندنی منداڵانی چین و توێژە کەمداهاتەکان و منداڵانی شەهیدان، لە هەموو فێرگە پیشەیی‌یەکان و هونەرستانەکاندا دابین دەکات و تێچووی خوێندنی خوێندکارانی بلیمەت و هەڵکەوتووی کەمداهات و منداڵانی شەهیدان، لە زانکۆ و ئەنستیتۆ بەرزەکانیشدا وەئەستۆ دەگرێت.

٤ـ حکوومەتی هەرێمی کوردستان، بۆ بردنەسەرەوەی ئاستی گشتیی فەرهەنگیی خەڵك و دامەزراندنی ناوەندی فەرهەنگی و زانستی پێویست هەنگاو هەڵدەگرێت و بۆ کۆکردنەوە و پاراستنی کەلەپووری کورد تێدەکۆشێت.

٥ـ بایەخدان بە پەرەگرتنی زمان و ئەدەبیاتی کوردی و پشتیوانی لە نووسەران، هونەرمەندان، پسپۆڕان و زانایانی کورد، ڕێبازی هەمیشەیی سیاسەتی فەرهەنگیی حکوومەتی هەرێمی کوردستانە، هەروەها حکوومەت پێویستە کە پاڵپشتی زانایانی ئایینیی نیشتمانپەروەر بێ.

٦ـ حکوومەتی هەرێمی کوردستان، پێویستە هەوڵ بدات، لە سیستمی پەروەردەییدا کولتووری پێکەوەهەڵکردن و یەکتر تەحەمووڵکردن جێگیر بکات و قوتابیان بەدوور لە کولتووری توندوتیژی و یەکترسڕینەوە پەروەردە بکرێن.

پ: سیاسەتی لەشساغی

١ـ حکوومەتی هەرێمی کوردستان، بۆ بردنەسەرەوەی ئاستی لەشساغی هەموو خەڵك تێدەکۆشێت و هەلومەرجێك پێك دێنێت، کە هەموو خەڵکی کوردستان بتوانن لە یارمەتیی پزیشکی و دەرمانیی پێویست کەڵك وەربگرن.

٢ـ حکوومەتی هەرێمی کوردستان، بۆ دامەزراندنی ئاسایشگە، دایینگە و زایینگە هەنگاو هەڵدەگرێت و بۆ بەخێوکردنی کەسانی کەمداهاتی بەساڵاچوو، ڕەبەن و بێخاوخێزانیش بنکە و بونیاتی تایبەتی دادەمەزرێنێت.

٣ـ حکوومەتی هەرێمی کوردستان، ئەو مافانەی کە بۆ کەمئەندامان لە پەیماننامە نێونەتەوەیی‌یەکاندا لەبەرچاو گیراون، دابین دەکات.

٤ـ حکوومەتی هەرێم، دەبێ بیمەی کۆمەڵایەتی بۆ گشت هاووڵاتییانی دانیشتووی کوردستان دابین بکات.

٥ـ حکوومەتی هەرێم پێویستە، کە بەرنامەی تایبەتی بۆ پەروەردەکردنی منداڵانی خاوەن پێداویستی تایبەت هەبێت.

ت: سیاسەتی پارێزگاریی ژینگە و پاراستنی شوێنەوارە مێژووییەکان

١ـ پارێزگاری کردن لە ژینگە، سەرچاوە سروشتییەکان، لێڕەوارەکان، دەریاچە و گیانلەبەرەکان یەکێك لە ئەرکەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستانە. هەر بۆیە دەبێ لە ڕاوی بێسەروبەرە پێشگیری بکرێت. پێویستە لە هەڵبژاردنی جۆر و جێگای پیشەسازیی نوێ و لە لێدانی ڕێگا و کێشانی ڕێگای ئاسندا، پاراستنی ژینگە لەبەرچاو بگیرێت.

٢ـ حکوومەتی هەرێمی کوردستان، بناغەکانی پیشەسازیی گەشتیاری دادەڕێژێت و بەرنامەی گونجاو بۆ پاراستنی شوێنەوار و ئاسەوارە مێژوویی‌یەکان دادەنێت.

فەسڵی پێنجەم: سیستمی فێدراڵی لە ئێران؛ دەستووری فێدراڵ و دابەشکردنی دەسەڵات

١ـ دابەشکردنی سەروەری، بنەمای سیستمی فێدراڵییە، بۆ ئەم مەبەستە پێویستە دابەشکردنی سەروەری لە نێوان هەرێمە "جوگرافی ـ نەتەوەیی"یەکان لە دەستووردا دەستەبەر بکرێت، هەم دەسەڵاتی فێدراڵ و هەم دەسەڵاتی هەرێمەکان پەیڕەوی یاسای فێدراڵ دەبن.

٢ـ دادگای بەرزی فێدراڵ، کە لە پسپۆڕانی هەموو نەتەوەکانی ئێران، بەشێوەی یەکسان پێك دێت، بە کێشە یاسایی‌یەکانی نێوان دەوڵەتی فێدراڵ و حکوومەتە هەرێمییەکاندا دەچێتەوە و هاوسەنگی دەسەڵات لە نێوانیاندا ڕادەگرێت.

٣ـ لە ئێرانی فێدراڵدا چ لە ئاستی دەسەڵاتی فێدراڵ و چ لە ئاستی هەرێمەکاندا، هەرکام لە دەسەڵاتەکانی یاسادانان، ڕاپەڕاندن و دادوەری لە یەکتر سەربەخۆن.

٤ـ لە ئێرانی فێدراڵدا، بڕیاردان لە شۆرای فێدراڵ و ئەنجومەنی نوێنەراندا لەسەر بنەمای ڕێککەوتن دەبێ. شۆرای فێدراڵ لە نوێنەرانی نەتەوەکانی وڵات، بە ڕادە و مافی وەك یەك پێك دێت و هەموو ئەو بڕیارانەی ئەنجومەنی نوێنەران کە پێوەندییان بە ماف و بەرژەوەندیی هەرێمەکانەوە هەیە، لە لایەن شۆرای فێدراڵەوە پەسەند دەکرێن.

٥ـ مافی پەسەندکردنی هەموو ئەو یاسایانەی کە پێوەندییان بە هەرێمەکانەوە هەیە، بەپێی بنەما دەستوورییەکانی ئێرانی فێدراڵ، بە پارلەمانی هەرێمەکان دەدرێت.

٦ـ هەموو نەتەوە پێکهێنەرەکانی ئێران، بەبێ هەڵاواردن لە دامەزراندنی سیستمی ئێرانی فێدراڵدا بەشدارن و ئەم مافە لە یاسای بنەڕەتیی سیستمی فێدراڵدا پەسەند دەکرێت.

٧ـ یاسای بنەڕەتیی ئێرانی فێدراڵ، بەپێی پێوەرە جیهانییەکانی مافی مرۆڤ و لەوانە مافە کولتووری، سیاسی، ئابووری و پەیماننامە نێونەتەوەیی‌یەکان، بە جۆرێك ڕێك دەخرێت، کە مافی هەموو پێکهاتە نەتەوەیی، ئیتنیکی، ئایینی، زمانی و کۆمەڵایەتییەکانی نێو ئەو سیستمە فێدراڵە لە چوارچێوەی سنووری پێناسەکراوی جوگرافی ـ نەتەوەیی هەرێمەکاندا، بە فەرمی بناسرێت.

٨ـ ئەو پرسە هاوبەشانەی کە پێوەندییان بە حکوومەتی فێدراڵەوە هەیە، وەك: دراو، ئەرتەش، بەرنامەی درێژخایەنی ئابووری، سەرچاوەکانی داهات و دابەشکردنی دادپەروەرانەی سامانە گشتییەکان، سیاسەتی دەرەوە، کێش و پێوەرەکان، لە دەسەڵاتی هاوبەشی حکوومەتە هەرێمییەکان و حکوومەتی فێدراڵدا دەبن.

فەسڵی شەشەم: سیاسەتی دەرەوەی ئێرانی فێدراڵ

١ـ ئێرانی فێدراڵ لەگەڵ هەموو دەوڵەتان لەسەر بناغەی ڕێزگرتنی دوولایەنە و ناسینی مافی سەروەریی نیشتمانی، پێوەندی دادەمەزرێنێت و لەگەڵ وڵاتانی پێشکەوتنخواز و دێموکرات و ئەو وڵاتانەی کە ڕێز بۆ مافی مرۆڤ دادەنێن، پێوەندیی دۆستانە پێك دێنێت.

٢ـ ئێرانی فێدراڵ لە نێو ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و لە دەرەوەی ئەم ڕێکخراوەیەدا پشتیوانی لە ئاشتیی جیهانی و پێکەوەژیانی هێمنانەی دەوڵەتان دەکات و لایەنگری چارەسەریی ئاشتییانەی گیروگرفتە نێونەتەوەیی‌یەکانە لە ڕێگای وتووێژەوە، بەبێ بەکارهێنانی گوشار، مەگەر لە کاتێکدا کە کۆمەڵگای نێونەتەوەیی لە ڕێگای ناوەندە خاوەن سەڵاحییەتەکانییەوە بۆ پاراستنی ئاشتی و ئارامی نێونەتەوەیی، بەکارهێنانی گوشار بەپێویست بزانێت.

٣ـ سیاسەتی دەرەوەی ئێرانی فێدراڵ، بۆ دۆستایەتی نێوان نەتەوەکان و هاوکاریی سیاسی، ئابووری و کولتووری لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا هەوڵ دەدات.

٤ـ پێویستە ئێرانی فێدراڵ پشتیوانی لە چەسپاندنی بنەماکانی دێموکراسی لە هەموو جیهاندا بکات و لە خەباتی دیاریکردنی چارەنووسی نەتەوە بندەستەکان داکۆکی بکات و مافی پەنابەریی سیاسی بە مرۆڤە دێموکراسیخواز و نیشتمانپەروەرە خەباتکارەکان بدات.

٥ـ هەرکام لە هەرێمەکانی ئێرانی فێدراڵ، دەتوانن نوێنەرایەتی خۆیان لە وڵاتانی دیکەدا بۆ داکۆکیکردن لە بەرژەوەندییە تایبەتییەکانیان هەبێت.

فەسڵی حەوتەم: سیاسەتی بەرگری

١ـ سیاسەتی بەرگریی ئێرانی فێدراڵ، لەسەر بنەمای پاراستنی بەرژەوەندیی هاوبەشی نەتەوەکانی پێکهێنەری ئێرانی فێدراڵ، دادەمەزرێت.

٢ـ ئەرتەشی ئێرانی فێدراڵ لە کۆی هەموو یەکە چەکدارەکانی هەرێمە فێدراڵەکان پێك دێت و فەرماندەییەکی هاوبەشی دەبێت، کە بە ڕێککەوتن لە نێوان هەرێمەکاندا دیاری دەکرێت. ئەرتەش بۆی نییە دەست لە سیاسەت یان لە کاروباری نێوخۆیی هەرێمەکان وەر بدات.

٣ـ ئێرانی فێدراڵ، لە دروستکردنی چەکی کۆمەڵکوژ و قەدەغەکراو خۆ دەپارێزێت و بە هەموو ڕێککەوتنە جیهانییەکانی پێوەندیدار بە کاتی شەڕەوە پێبەند دەبێت.

بەشی دووهەم

پێڕەوی نێوخۆی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

ماددەی یەکەم: ناو و نێوەڕۆکی حیزب

١- ناوی حیزب "حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران"ـە، لەم پێڕەوەدا و لە درێژەدا هەر بە ناوی حیزبی دێموکرات ئاماژەی پێ دەدرێت. مەیدانی تێکۆشانی حیزبی دێموکرات، هەموو ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئەو شوێنانەی ئێرانە کە کوردی تێدا دەژیت.

٢- حیزبی دێموکرات، حیزبی پێشڕەو و شۆڕشگێڕی خەڵکی کوردستانی ئێرانە. چین و توێژەکانی کۆمەڵگای کوردستان، بە مەبەستی وەدیهێنانی ئامانجەکانی حیزب کە لە بەرنامەدا هاتوون، لە ڕیزەکانی خۆیدا کۆ دەکاتەوە و ڕێکیان دەخات.

٣- ناوی حیزب لە ئاستی نێونەتەوەییدا "Democratic Party of Iranian Kurdistan" و کورتکراوەکەی "PDKI"ـە.

٥- ئارمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پێکهاتووە لە: بازنەیەک بە ڕەنگی شین، کە لە لای ڕاستیەوە گوڵە گەنمێکە بە ڕەنگی زەرد و لە لای چەپیەوە چەرخێکی پیشەسازییە بە ڕەنگی سپی، کە لە حەوت دەندە پێکهاتووە. ناوەندی بازنەکە پێکهاتووە لە خۆرێکی دە تیشکی و کێوێک بە ڕەنگی سەوز. لە خوارەوەی ئارمەکە و لە نێوان گوڵەگەنم و چەرخە پیشەسازییەکەدا، زەمینەیەکی سوور هەیە، کە کتێبێکی سپی لە سەرە و (۱۳۲٤) لە خوارەوەی کتێبەکەدا نووسراوە، کە ئاماژەیە بە ساڵی دامەزراندنی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانە.

تێبینی: لە چالاکییەکانی حیزب لە ئاستی نێونەتەوەیی و دەرەکیدا، لە جیاتی ساڵی ۱۳۲٤، ۱۹٤٥ بەکار دێت و لە ژێرەوەی ئارمەکەش PDKI دەنووسرێت.

ماددەی دووهەم: ئەندامەتی حیزب

هەموو کوردێک لە هەر شوێنێکی ئێران و هەر هاونیشتمانێکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، دەتوانێت ببێتە ئەندامی حیزبی دێموکرات بە مەرجێک:

-تەمەنی لە ۱۸ ساڵ کەمتر نەبێ.

-بەرنامە و پێڕەوی نێوخۆیی حیزب پەسەند بکات.

تێبینی: هەموو کوردێکی هاووڵاتیی ئێران و ئەو کوردانەی ڕۆژهەڵات کە پەڕیوەی هەندەرانن، یان لە تاراوگەدا لە دایک بوون، دەتوانن ببنە ئەندامی حیزب.

ماددەی سێهەم: وەرگرتنی ئەندام

بۆ ئەوەی کەسێک بە ئەندام وەربگیرێت پێویستە:

-بە فەرمی داوای ئەندامەتی بکات.

-دوو ئەندامی حیزب بیناسێنن.

-لانیکەم شەش مانگ بەبێ مافی هەڵبژێران و هەڵبژاردن، لە قۆناغی تاقیکردنەوەدا بێت.

-لە لایەن ئۆرگانی تەشکیلاتیی پێوەندیدارەوە، بە ئەندام وەربگیرێت.

-ئەندامی حیزب و ڕێکخراوێکی سیاسیی دیکە نەبێ.

تێبینی: کوردەکانی دانیشتووی وڵاتانی ڕۆژئاوایی کە ئەندامی حیزبن، دەتوانن ئەندامی ڕێکخراوە پێشکەوتنخواز و دێموکراتیکەکانی ئەو وڵاتانە بن.

ماددەی چوارەم: ئەرکەکانی ئەندامی حیزب

ئەرکی سەرشانی ئەندامی حیزبە کە:

-بۆ وەدیهێنانی ئامانجەکانی حیزب کە لە بەرنامەی حیزبدا هاتوون، تێبکۆشێت.

-بە هەموو تواناوە بۆ پاراستن و گەشەپێدانی سیاسی و یەکیەتیی تەشکیلاتیی حیزب هەوڵ بدات.

-بەپێی پێڕەوی نێوخۆ دیسپلینی حیزبی بپارێزێت.

-لە یەکێک لە ئۆرگانەکانی حیزبدا، چالاکانە تێبکۆشێت.

-نهێنییەکانی حیزب بپارێزێت.

-ئاستی زانیاریی سیاسی و پێگەی کۆمەڵایەتیی خۆی بەرێتە سەرەوە.

-سیاسەتی حیزب بباتە نێو کۆمەڵانی خەڵک و پێوەندییان لەگەڵ بەهێز بکات و لە بیروڕا و ئەزموونەکانیان کەڵک وەربگرێت.

-بڕیارە حیزبی و ڕێکخراوەیی‌یەکان بەڕێوە ببات و ڕاپۆرت بە ئۆرگانی پێوەندیدار بداتەوە.

-حەقی ئەندامەتی بە ڕێکوپێکی بدات.

تێبینی: ئەو کەسانەی پشتیوانی لە سیاسەتی حیزب دەکەن، بەڵام ئەرکەکانی حیزب بە تەواوی بەجێ ناگەیەنن، بە لایەنگری تەشکیلاتیی حیزب دەناسرێن.

ماددەی پێنجەم: مافەکانی ئەندامی حیزب

ئەندامی حیزب مافی ئەوەی هەیە کە:

-لە هەڵبژاردن و هەڵبژێراندا بەپێی ڕێوشوێنە پێوەندیدارەکان بەشداری بکات.

-بە ئەندامی هەرکام لە ئۆرگانەکانی حیزب هەڵبژێردرێت. هەڵبژێران بۆ ئۆرگانەکانی حیزب، بەپێی مەرجی دیاریکراو دەبێت.

-کار و چالاکیی هەر ئەندام یان ئۆرگانێکی حیزب هەڵسەنگێنێت و لە کۆبوونەوە حیزبییەکاندا، بیخاتە بەرباس یان ڕەخنەی لێ بگرێت.

-لە ڕێگای تەشکیلاتییەوە بیروڕای خۆی بە هەموو ئۆرگانێکی حیزب ڕابگەیێنێت و پرسیارەکانی بخاتە ڕوو و وڵام وەربگرێتەوە.

-لە هەر ئۆرگانێک لە لای ئۆرگانی پێوندیدار شکایەت بکا و وڵام وەربگرێتەوە.

-لە هەر کۆبوونەوەیەکی ئۆرگانی خۆیدا، کە تێکۆشانی حیزبی و سیاسیی ئەو هەڵبسەنگێنێ و بیەوێت بڕیاری لەسەر بدات، بەشدار بێت.

ماددەی شەشەم : دیسیپلینی ئەندام

١ — ئەو ئەندامانەی ئەرکی خۆیان بەجێ ناگەیەنن، یان بە پێچەوانەی پێڕەوی نێوخۆیی حیزب دەجووڵێنەوە، یان کردەوەیەک ئەنجام دەدەن، کە زیان بە پرستیژ و سامانی حیزب دەگەیێنێت، یان حەقی ئەندامەتی نادەن، بەپێی ڕادەی پێشێلکردنی دیسیپلینەکانی حیزب، بەم چەشنەی خوارەوە بڕیاریان لەسەر دەدرێت:

-سەرکۆنە بە دەم.

-سەرکۆنە بە نووسراوە.

-ئەستاندنەوەی لێپرساوی.

-هەڵپەساردن.

-وەرگرتنەوەی مافی ئەندامەتی لە حیزبدا.

تێبینی:

١ـ درێژترین ماوەی هەڵپەساردن ساڵێکە. ئەندامی هەڵپەسێردراو لە ماوەی هەڵپەساردندا خاوەنی هیچ مافێکی ئەندامەتی نییە.

٢- ئەندامی هەڵپەسێردراو، پاش ماوەی هەڵپەساردنەکەی، ڕابردووی حیزبی بۆ لەبەرچاو دەگیردرێت و لە

ڕێگای ئۆرگانی سەرەوەترەوە کاری بۆ دیاری دەکرێت.

٣- سزای حیزبی لە لایەن ڕێکخراوی حیزبیی پەیوەندیدار و بە زۆرینەی دەنگ دیاری دەکرێت و بۆ وەرگرتنەوەی مافی ئەندامەتی، پێویستە ئۆرگانی سەرەوەتر بڕیاری لەسەر بدات.

٤- مەبەست لە سزای حیزبی، پێگەیاندنی ئەندامە و تەنیا ئەوکاتە ئەندام سزا دەدرێت، کە ڕێگای دیکەی وەک ڕەخنە و ڕێنوێنی و ئیقناع لە باش کردنی ئاکاری ئەودا کاریگەرییان نەبوویێت.

٥- ئەو ئەندامانەی سزا دەدرێن، مافی ئەوەیان هەیە لە ئۆرگانی پێوەندیدار داوای پێڕاگەیشتن بکەن. ئەو ئەندامەی دەردەکرێت دەتوانێ سکاڵا بۆ کۆنگرەش بنێرێت.

٦- بۆ هاندانی ئەندامانی حیزب و هەروەها ڕێزگرتن لە کار و تێکۆشانی ئەندامانی چالاک، هەروەها بۆ باشتر بەڕێوەچوونی دیسیپلینی حیزب پێویستە جیا لە بوونی سزادان، هاندانیش هەبێت؛ بەو پێیە، پێویستە ئۆرگانە پێوەندیدارەکان ڕێزلێنان و هاندانی ئەندامانی چالاک و سەرکەوتوو بەڕێوە ببەن.

ماددەی حەوتەم: قەوارەی حیزب

نێوەڕۆکی قەوارەی حیزب، خۆی لە دیسانترالیزەکردنی حیزب و دابەشکردنی ئەرك و دەسەڵاتدا دەبینێت و لەسەر ئەم بنەمایە چۆنیەتیی هەماهەنگی و هاوسەنگی لە نێوان بەرپرسایەتی و سەلاحییەتی بەرپرسان و ئۆرگانەکاندا ڕێک دەخات. ئەم قەوارەیە بە لەبەرچاوگرتنی سیاسەت و هەڵوێستی حیزب بۆ تێکۆشانی داهاتوو لە باری سیاسی، نیزامی، ڕاگەیاندنی و ڕێکخستنەوە سەرنجی پێ دراوە. دیسانترالیزەکردنی حیزب وەك بنەمایەکی گشتی دەبێت.

داڕشتنی پێکهاتەی حیزب لەسەر ئەو بنەمایە دەبێ، کە:

-بەڕێوەبەریی هەموو ئۆرگانێکی حیزب بە هەڵبژاردن دیاری دەکرێت.

-ئۆرگانەکانی حیزب بە ڕێکوپێکی ڕاپۆرتی تێکۆشانی خۆیان هەم بەو کۆنفرانسەی کە هەڵیان بژاردوون و هەم بە ئۆرگانی پێوەندیدار، دەدەنەوە.

-هاوسەنگیی نێوان مافی ئەندام و ئۆرگان بە شێوەیەک دابین دەکرێت، کە نە داهێنان و ئازادیی تاک پێشێل بکرێت و نە چوارچێوەی ئۆرگانی تێک بدرێت. کەمایەتی لە نێو ڕێکخراوی حیزبیدا پێبەندی بڕیاری گشتییە. کەمینەی فیکری و سیاسی مافی بەرگریی لە نەزەراتی خۆی، لە ڕێگای کۆبوونەوە و بڵاوکراوەکانی نێوخۆیی حیزبەوە پارێزراو دەبێت.

-لە نێو حیزبدا بۆ هەموو ئەندامان بەپێی ئەساسنامە و بەبێ جیاوازی، یەک دیسیپلین هەیە.

-بڕیاری ئۆرگانی سەرەوەتر بە ڕاوێژ لەگەڵ ئۆرگانی خوارەوەتر دەدرێت و لە لایەن ئۆرگانی خوارەوەتر جێبەجێ دەکرێت.

-داڕشتنی پلان و بڕیار لە بەرزترین ئۆرگانەوە تا خوارترین ئۆرگان، بە کۆمەڵە. تاکڕەوی و سەرەڕۆیی لە حیزبدا، جێگایان نییە.

ماددەی هەشتەم: کۆنگرەی حیزب

. کۆنگرەی حیزب بەرزترین ئۆرگانی حیزبە، کە لەسەر بنەمای پێڕەوی نێوخۆ هەر چوار ساڵ جارێک دەگیرێت.

کۆنگرە ستراتیژی و سیاسەتە گشتییەکان، بەرنامە و پێڕەوی نێوخۆیی حیزب پەسەند دەکات و ڕێبەرایەتیی نوێ هەڵدەبژێرێت.

کۆنگرەی حیزب لە ئەندامانی ناوەندی سیاسی، دەستەی کارگێڕی، هەروەها ئەندامانی هەڵبژێردراوی کۆنفرانسەکانی ئۆرگانە سیاسی و کارگێڕییەکانی حیزب و ئەندامانی حیزب لە دەرەوەی وڵات و لە کوردستان بەپێی کارنامەی کار و پێوەرە دیاریکراوەکان پێک دێت.

تێبینی یەکەم: کۆبوونەوەی هاوبەشی ناوەندی سیاسی و دەستەی کارگێڕی دەتوانێ ژمارەیەک لە بەرپرسانی ئۆرگانەکان و فەرماندەیی پێشمەرگە دیاری بکات، کە ڕاستەوخۆ بە مافی دەنگدانەوە بچنە کۆنگرەوە. بەو مەرجەی کە ئەو کەسانە پێش لە کۆنفرانسەکان دیاری بکرێن و لە کۆنفرانسدا بەشدار نەبن. پێکهاتەی کۆنگرە بە جۆرێک دەبێت، کە دوو لەسەر سێی ئەندامانی کۆنگرە لە ئەنجامی پرۆسەی هەڵبژاردنەوە، بەشداری کۆنگرە بن.

تێبینی دووهەم: لە حاڵەتێکدا کە ناوەندی سیاسی و دەستەی کارگێڕی بەپێویستی بزانن، کۆنگرە زووتر لە ماوەی دیاریکراوی چوار ساڵ دەگیرێت.

ناوەندی هەڵبژاردن بەرپرسی پێکهێنان و بەڕێوەبردنی کۆنفرانس و هەڵبژاردنەکانە.

ئەرک و دەسەڵاتەکانی کۆنگرە بریتین لە:

- ستراتیژی و سیاسەتە گشتییەکان و بەرنامە و پێڕەوی حیزب پەسەند دەکات.

. لێپرسراوی گشتیی حیزب کە بەرپرسی دەستەی کارگێڕییە، هەڵدەبژێرێت.

. ژمارەی پێویستی ئەندامانی ناوەندی سیاسی پەسەند دەکات و هەڵیان دەبژێرێت.

کۆنگرەی نائاسایی :

- کۆنگرەی نائاسایی بە بەشداریی هەموو ئەندامانی ناوەندی سیاسی، دەستەی کارگێڕی، بەرپرسانی ئۆرگانەکان، ئەندامانی ئەسڵی بەشەکان، فەرماندەکانی پێشمەرگە و بەرپرسانی ڕێکخستنی ئاشکرا پێك دێت.

کۆنگرەی نائاسایی کاتێك دەگیرێت کە:

-ئیمکانی گرتنی کۆنگرەی ئاسایی لە ئارادا نەبێت.

-لە هەلومەرجێکدا کە ناوەندی سیاسی نەتوانێت، ئەرکی خۆی لە ئاستی بابەتە گرینگە سیاسییەکاندا بەباشی بەڕێوە ببات.

بۆ گرتنی کۆنگرەی نائاسایی پێویستە:

-دوو لەسەر سێی ئەندامانی تەواوەخت داوا بکەن.

- یان دوو لەسەر سێی کۆبوونەوەی هاوبەشی ناوەندی سیاسی و دەستەی کارگێڕی داوا بکەن.

تێبینی:

١. کۆبوونەوەی هاوبەشی ناوەندی سیاسی و دەستەی کارگێڕی مافی ئەوەی هەیە ئەو پەڕەکەی بە ڕادەی نیوەی ئەندامانی خۆی، لە ئەندامانی حیزب و ڕاوێژکارانی ئۆرگانەکان بە مافی دەنگدانەوە، لە کۆنگرەدا بەشدار بکات. ئەم کارە دەبێت، پێش بەڕێوەبردنی کۆنفرانسەکانی حیزب بکرێت، چونکە ئەو کەسانە لە کۆنفرانسەکاندا مافی دەنگدانیان نابێت.

٢ — کەسانێک دەتوانن ببنە ئەندامی ناوەندی سیاسی، یان لێپرسراوی گشتی کە خاوەنی پێوەر و پێوانە دیاریکراوەکان بن، کە ناوەندی هەڵبژاردن دیاری دەکات.

ماددەی نۆیەم:

کۆنفرانسی ئۆرگانەکانی حیزب:

- کۆنفرانسی ئۆرگان پێك دێت، لە هەموو ئەوانەی کە لانیکەم شەش مانگ لە ئەندامەتییان لە حیزبدا تێپەڕ بوویێت.

- ئەو کەسە دەتوانێت خۆی بۆ نوێنەر لە کۆنگرەدا بەربژێر بکات کە:

- لانیکەم دوو ساڵ بەسەر ئەندامەتیی لە حیزبدا تێپەر بوویێت.

- کارنامەی تێکۆشانی بەربژێرەکان هەڵسەنگاندنی بۆ دەکرێت و بەپێی پێوەر و پێوانە دیاریکراوەکان لە هەڵبژاردندا بەشدار دەبن.

تێبینی:

- دوای کۆنفرانسی هەر ئۆرگانێك، نوێنەرانی هەڵبژێردراو کۆ دەبنەوە و بۆچوون و پێشنیار و ڕەخنەکانیان لەسەر ڕاپۆرتی سیاسی و هەر گەڵاڵە و پێشنیارێکی دیکە کە دەخرێتە بەر نەزەری کۆنگرە گەڵاڵەیان دەکەن و یەك کەس بە نوێنەرایەتی خۆیان بۆ خستنە بەرباس و ڕوونکردنەوەی ڕاوبۆچوونەکانیان لە کۆنگرەدا دیاری دەکەن، تاکوو کاتی پێویستیان بۆ هێنانە گۆڕی بابەتەکانیان هەبێت.

- کۆنفرانسی ئۆرگانەکان پێویستە لانیکەم دوو مانگ بەر لە کۆنگرە پێك بێن و نوسخەیەك لە گەڵاڵەی بۆچوون و پێشنیار و ڕەخنەکانی خۆیان بۆ کۆمیتەی ئامادەکاری کۆنگرە بنێرن.

ماددەی دەیەم:

ناوەندی سیاسی

ئەم دەزگایە وەک ناوەندی سیاسی و یاسادانەری حیزب، ئۆرگانی داڕێژەری سیاسەتە گشتییەکانی حیزب لە چوارچێوەی بڕیار و ستراتیژی و بەرنامەی پەسەندکراوی کۆنگرەدایە .

کۆبوونەوەکانی ناوەندی سیاسی بە بەشداریی ی ئەندامەکانی ڕەوایی پەیدا دەکات و بڕیارەکانی بە دەنگی زۆرینەی "نیوە کۆ یەک"ـی بەشداران پەسەند دەکرێن.

ئەرک و دەسەڵاتەکانی ناوەندی سیاسی:

- هێڵە سیاسییەکانی حیزب لە چوارچێوەی بڕیارەکانی کۆنگرەدا دادەڕێژێت و پەسەندیان دەکات.

-یاسا و ڕێساکانی ئۆرگانە کارگێڕییەکانی حیزبی پەسەند دەکات.

-دەسەڵاتی دامەزراندن یان هەڵوەشاندنەوەی ئۆرگانە حیزبییەکانی لە ڕێگەی یاسا و ڕێسا پەسەندکراوەکان و بە پێشنیاری دەستەی کارگێڕییان دەبێت.

- چاوەدێری و پێداچوونەوە بە سەر بەڕێوەچوونی ئاییننامەکانی دەستەی کارگێڕی، دەزگاکانی بەدواداچوون و چاودێری، هەڵبژاردن و لێپرسراوی گشتی دەکات.

- بەرپرسی پەسەندکردنی پێکهێنانی هاوپەیمانی، یان پێکهێنانی ئاڵوگۆڕ لە پێوەندیی لەگەڵ حیزب و لایەنە سیاسییەکانە.

- ئەندامانی پێشنیاریی لێپرسراوی گشتی بۆ دەستەی کارگێڕی پەسەند دەکات.

- لە ڕێگای دەزگای بەدواداچوون و چاوەدێرییەوە، چاوەدێریی بە سەر کاری لێپرسراوی گشتی و ئەندامانی دەستەی کارگێڕیدا دەکات.

تێبینی:

١- ئەگەر دەستەی کارگێڕی بەپێویست بزانێت، کە ئۆرگانێکی نوێ بۆ حیزب دامەزرێنێت، یان ئەوەی کە یەکێک لە ئۆرگانەکانی حیزبی هەڵبوەشێنێتەوە، دەبێت ئەو بابەتە لە لایەن ناوەندی سیاسییەوە پەسەند بکرێت.

٢- لە حاڵەتی پێویستدا کە لێپرسراوی گشتیی حیزب، توانای بەڕێوەبردنی ئەرکەکانی نەبوو، ناوەندی سیاسی دەتوانێ بە دەنگی ی ئەندامانی، متمانە لە لێپرسراو وەربگرێتەوە و بڕیاری لابردنی بدات.

٣- لە ئەگەری ڕووداوی نەخوازراودا کە لێپرسراو لە ژیاندا نەما، یان لە کاتی ئەستاندنی متمانە لە لێپرسراو، تا گرتنی کۆنگرە لە ماوەی ساڵێکدا، جێگری یەکەمی لێپرسراو ئەرکەکانی ئەو جێبەجێ دەکات.

٤- لە حاڵەتی ئەوەی کە جێگری لێپرسراویش وڵامدەری ئەرکەکانی نەبێ، لەسەر پێشنیاری دەستەی کارگێڕی، بە پەسەندی نیوە کۆ یەکی ناوەندی سیاسی، متمانەی لێ وەردەگیرێت و کەسێکی دیکە لە ناوەندی سیاسی، بە دەنگی نیوە کۆ یەکی ئەندامانی ناوەندی سیاسی، بە جێگرەوە هەڵدەبژێردرێت و هەتا کۆنگرەی نائاسایی کە لە ماوەی ساڵێکدا دەگیردرێت، بەرپرسایەتییەکانی لێپرسراوی گشتی بە ئەستۆ دەگرێت.

٥. ئەندامانی ناوەندی سیاسی بەپێی پێوەرە دیاریکراوەکان، لە نێو کادر و پێشمەرگە و ئەندامانی شارەزای حیزب لە بوارە جیاجیاکاندا لە کۆنگرە هەڵدەبژێردرێن.

٦. ئەندامانی ناوەندی سیاسی کاری ئیجرایییان پێ ناسپێردرێت، بۆیە دەکرێت تەواو وەخت نەبن.

٧- ناوەندی سیاسی ئەوپەڕەکەی لە ماوەی ١٠ ڕۆژدا کۆبوونەوە دەگرێت و وڵامی دەستەی کارگێڕی دەداتەوە لەسەر گەڵاڵە، پێشنیار یان پرسیارێک کە بە نووسراوی فەرمی پێشکەش کراوە.

٨- ناوەندی سیاسی لانیکەم وەرزانە کۆبوونەوەیەک پێک دێنێت.

٩- ناوەندی سیاسی و دەستەی کارگێری بە مەبەستی پێکهێنانی هاوئاهەنگی لە نێوان ناوەندەکانی یاسادانان و بەڕێوەبەریدا ساڵانە لانیکەم دووجار کۆ دەبنەوە.

١٠- دەستەی کارگێڕی بۆ بەرپرسی دەرەوەی وڵات و هەرکام لە بەشە سەرەکییەکانی، پێشنیاری خۆی بە مەبەستی پەسەندکردنیان بە ناوەندی سیاسی دەدات.

١١- کەسانی پێویست بۆ ئەندامەتیی ناوەندی سیاسی لە دەرەوەی وڵات، لە لایەن کۆنگرەوە هەڵدەبژێردرێن.

١٢- دەزگای هەڵبژاردن وەک دەزگایەکی خاوەن سەڵاحییەت لە چوارچێوەی یاساکانی هەڵبژاردندا کار دەکات و لە لایەن ناوەندی سیاسییەوە هەڵدەبژێردرێت و بەرامبەر بە ناوەندی سیاسی بەرپرسیارە.

١٣- دەزگای بەدواداچوون و چاوەدێری، لە لایەن ناوەندی سیاسییەوە هەڵدەبژێردرێت و وەک ئۆرگانێکی خاوەن سەڵاحییەت چاوەدێری و پێداچوونەوە بە کارەکاندا دەکات و ڕاپۆرتی خۆی بە ناوەندی سیاسی و دەستەی کارگێڕی دەداتەوە.

ماددەی یازدەهەم: دەستەی کارگێڕی

لێپرسراوی گشتیی حیزب، کە لە کۆنگرەدا هەڵدەبژێردرێت، بەرپرسی دەستەی کارگێڕییە و کارە بەڕێوەبەرییەکانی ئۆرگانە حیزبییەکان لەم ناوەندەدا بەڕێوە دەبردرێن.

لێپرسراوی گشتی و بەرپرسانی کارگێڕیی حیزب، دەستەی کارگێڕی پێک دێنن.

ئەرک و دەسەڵاتەکانی دەستەی کارگێڕی بریتین لە:

- بڕیارەکانی ناوەندی سیاسی و ئەرکەکانی حیزبی جێبەجێ دەکات.

- بەرامبەر بە ناوەندی سیاسی وڵامدەرە و ڕاپۆرتی کاری خۆی پێ دەداتەوە.

- پێشنیاری ئۆرگانەکان بۆ دیاریکردنی هاوکارەکانیان کە بەپێی کارنامەی کار دەبێت، پەسەند دەکات.

- دەستەی کارگێری بە شێوەی ڕێکوپێک کۆبوونەوە دەگرێت و بە کۆ بڕیار دەدات.

- ئەندامانی دەستەی کارگێڕی، تەواووەخت لە خزمەتی حیزبدا دەبن و بە گوێرەی پێوەرە پەسەندکراوەکان پێشنیار دەکرێن.

تێبینی:

- ئەگەر دەستەی کارگێڕی بەپێویست بزانێت، کە ئۆرگانێکی نوێ بۆ حیزب دامەزرێنێت، یان یەکێک لە ئۆرگانەکانی حیزب هەڵبوەشێنێت، دەبێ ئەو بڕیارە لە لایەن ناوەندی سیاسییەوە پەسەند بکرێت.

- یەکەی کارگێڕی لە دەرەوەی وڵات بەپێی پێوەرەکان و بە پێشنیاری دەستەی کارگێڕی و پەسەندی ناوەندی سیاسی دیاری دەکرێت.

- ناوەندی ڕێکخراوە دێموکراتیک و مەدەنییەکان بە گوێرەی یاسا و ڕێسای ڕێکخراو، گرینگییان پێ دەدرێت و لە چوارچێوەی دەستەی کارگێڕیدا کارەکانی ڕێک دەخرێت.

ماددەی دوازدەیەم:

لێپرسراوی گشتی

- لێپرسراوی گشتی، بەرپرسی دەستەی کارگێڕیی حیزبە و لە کۆبوونەوەکانی ناوەندی سیاسیش بە مافی دەنگدانەوە بەشدار دەبێ.

- هەماهەنگی لە نێوان بەشە سەرەکییەکانی حیزب پێك دێنێت.

- دەربڕی ڕاوبۆچوون و سیاسەتەکانی حیزبە و دەتوانێ وتەبێژێک بۆ دەربڕینی بۆچوونی حیزب دیاری بکات.

-بەڕێوەبردنی کۆبوونەوەکانی دەستەی کارگێڕیی لە ئەستۆیە.

- پاراستنی یەکیەتیی ڕیزەکانی حیزب، لە ئەستۆی هەموو ئۆرگانەکانی حیزب و بەتایبەت یەکێک لە ئەرکەکانی لێپرسراوی گشتییە.

- وێڕای لێژنەیەکی سێ کەسی کە جێگری لێپرسراویش ئەندامی دەبێت، بەرپرسی دارایی و چالاکییە ئابوورییەکانی حیزبە.

تێبینی:

- لێپرسراوی گشتی بە گوێرەی پێوەر و یاساکان، ئەندامانی دەستەی کارگێڕی دیاری دەکات و بۆ پەسەندکردنیان بە ناوەندی سیاسییان دەناسێنێت.

- هەر بەرپرسێکی پێشنیارکراوی لێپرسراوی گشتیی حیزب بۆ دەستەی کارگێری، بەپێی پێوەر و ڕێوشوێنە دیارەکان دەبێ و ئەگەر ئەو کەسە لە دەوری پێشنیارکردنی یەکەمدا دەنگی پێویست نەهێنێتەوە و لێپرسراو دووبارە بەربژێری بکاتەوە، تەنیا بۆ دەوری دووهەم دەکرێ پێشنیاری بکاتەوە و لە ئەگەری ڕەتکردنەوەی دووبارەیدا، لێپرسراو دەبێ ئەوپەڕەکەی لە ماوەی مانگێکدا کەسێکی دیکە بۆ ئەو کارە پێشنیار بکات.

ماددەی سێزدەیەم:

جێگری لێپرسراو

- ڕێکخەری ناوەندی سیاسییە کە لە کۆبوونەوەی یەکەمی ئەو ناوەندەدا، لەسەر پێشنیاری لێپرسراوی گشتی بە زۆرینەی دەنگ لە نێو ئەندامانی ناوەندی سیاسی هەڵدەبژێردرێت و ئەرکی جێگری یەکەمی لێپرسراوی گشتیی دەکەوێتە ئەستۆی.

- جێگری لێپرسراو لە نەبوونی لێپرسراودا ئەرکەکانی ئەو ڕادەپەڕێنێت.

- کۆبوونەوەکانی ناوەندی سیاسی ڕێك دەخات.

- جێگری لێپرسراو لە کۆبوونەوەکانی دەستەی کارگێڕیدا بە مافی دەنگەوە بەشدار دەبێت.

تێبینی: لێپرسراو ئەگەر بەپێویست بزانێت، جێگری دووهەم لە ڕێگای پێشنیار بە ناوەندی سیاسی و پەسەندکردنی لە لایەن ئەو ناوەندەوە، دیاری دەکات.

ماددەی چواردەیەم:

ناوەندی بەدواداچون و چاوەدێری

-دەزگایەکی دامەزراو لە لایەن ناوەندی سیاسییە. بەڕێوەبەریی ئەم دەزگایە لە سێ کەس پێک دێت و لە لایەن ناوەندی سیاسییەوە دیاری دەکرێت. ئەم دەزگایە دەتوانێ بە گوێرەی پێویستی خۆی کەسانی شارەزا لە کاری بەدواداچوون و چاوەدێری وەک هاوکاری هەمیشەیی یان کاتی دیاری بکات.

. دەزگای بەدواداچوون، چاوەدێری و بەدواداچوون بۆ هەموو کارە ئیداری، دارایی و یاسایی‌یەکانی حیزب بەپێی ئاییننامەی پەسندکراو دەکات.

. دەزگای بەدواداچوون بەشێوەی ڕێکوپێک چاوەدێریی و بەدواداچوون دەکات، یان ئەو کاتانەی کە دەزگاکانی ناوەندی سیاسی، کارگێڕی یان لێپرسراوی گشتی داوای بەدواداچوون لە بەشێکی کاری حیزبیان لێ دەکەن. لەو کاتانەدا لە ئاکامی بەدواداچوونەکانیان ڕاپۆرت دەدەنەوە بەو بەشانەی کە داوای بەدواداچوونیان کردووە.

ماددەی پانزدەیەم:

ناوەندی هەڵبژاردن

- ئەم دەزگایە هەڵبژاردنەکانی حیزب لە هەموو ئاستەکاندا، لەسەر بنەمای ڕێسا و یاسا پەسندکراوەکان بەڕێوە دەبات. بەڕێوەبەریی ئەم ناوەندە لە سێ کەس پێک دێت و لە لایەن ناوەندی سیاسییەوە دیاری دەکرێت.

- ئەو یاسا و ئاییننامانەی کە دەزگای هەڵبژاردن کاریان پێ دەکات، لە چوارچێوەی پێڕەوی نێوخۆیی حیزب و لە ناوەندی سیاسیدا پەسەند دەکرێن.

- دەزگا، ڕاپۆرتی خۆی لە هەر هەڵبژاردنێکدا بە ناوەندی سیاسی و دەستەی کارگێڕی دەداتەوە.

تێبینی:

-ناوەندی هەڵبژاردن بە مەبەستی بردنە سەری ئاستی بەشداریی ژنان لە ڕێکخستن و چالاکی حیزبی، لە چوارچێوەی یاسای پەسەندکراوی ناوەندی سیاسیدا، مکانیزمێک پەیڕەو دەکات، کە لە هەڵبژاردنەکاندا و هەروەها بۆ دیاریکردنی ئەندامان و هاوکارانی کۆمیتەکان، بە ڕێژەی ژمارەی ئەندامانی ژن لەو شوێنانەدا، پشکیان بۆ دیاری بکات. ئەو ژنانە دەبێت مەرجە گشتییەکانی بەربژێرییان تێدا بێت.

ماددەی شازدەیەم:

ڕێکخراوەکانی حیزب

١ — حیزب دوو جۆر ڕێکخراوی هەیە:

یەکەم: شانە تەشکیلاتییەکان

دووهەم: ڕێکخراوە سینفی و تایبەتەکان

٢- کۆمیتەی حیزب لە هەر ناوچەیەک پێک دێت، لە کەسانی هەڵبژێردراوی کۆنفرانسی ئەو کۆمیتەیە.

٣ — کۆمیتەی هەر ڕێکخراوێک لە لایەن ئەندامانی ئەو ڕێکخراوە یان نوێنەرانی ئەوانەوە، بەپێی یاساکانی هەڵبژاردن هەڵدەبژێردرێت.

٤ — کۆنفرانسی کۆمیتە ناوچەیی و ڕێکخراوەیی‌یەکان، دوو ساڵ جارێک لە نوێنەرانی هەموو ئەندامانی حیزبی هەر ئۆرگانێک پێک دێت.

٥- لە کاتی پێویستدا دەستەی کارگێڕی دەتوانێت، لە چەند کۆمیتەی هاوشێوەدا لە بواری تایبەتمەندییەوە، یان نزیک لە بواری جوگرافیایی‌یەوە، ناوەندێکی گەورەتر پێک بێنێت.

ماددەی حەڤدەیەم:

دارایی حیزب

بەرپرسیارەتی گشتیی داهات و دارایی حیزب لە ئەستۆی دەستەی کارگێڕییە، کە لە ڕێگەی ئۆرگانێکی تایبەتەوە کە لە ماددەی دوازدەدا هاتووە بەڕێوە دەبرێت.

سەرچاوەی دارایی حیزب بریتیە لە:

- ئابوونەی ڕێکخراوەکانی حیزب

- ئابوونەی ئەندامانی حیزب

- یارمەتی ئەندامان و لایەنگرانی حیزب و نیشتمانپەروەرانی ئازادیخواز

- داهاتی چالاکییە ئابوورییەکانی بنکە و دامەزراوەکانی حیزب

**بەشی کۆتایی**

# بێستوون، شوێنی خودای خوداکان



شەهرام میرزائی

بێستوون، هەم ناوی شارە، هەم دەشت، هەم کێوە و هەم کەتیبە و هەم سەراو. لە بنەڕەتدا و بە زمانی کوردی کۆن - یانی مادی - پێی دەگوترا "باگستان" یان "بوغستان"، یانی جێگای خوداکان کە لە ڕەوتی مێژوودا و بە گۆڕینی شێوە دەربڕینەکان دەبێتە بێستوون. هەر کات کوردێک ناوی بێستوون دەبیستێ دەسبەجێ، فکر و خەیاڵی دەڕواتە لای فەرهاد و شیرین، ئەو دوو عاشق و مەعشوقە کە هەزاران ساڵە، بەسەرهاتیان زار بە زاری خەڵک گەڕاوە هەتا گەیشتووەتە سەدەی بیستویەک، لە سەردەمی بۆمب و تەیارە و مەرگ، تا پەیامی جوانی و ژیانمان پێبدات و پێمان بڵێ هەتا مرۆڤ هەیە، هیوای داهاتوویەکی ڕوون و ژیانێکی بەختەوەرانەیش هەیە.

شاری بێستوون، یەکێک لە شارەکانی کرماشانە کە لە باکووری ڕۆژهەڵاتی ئەو گەورەشارە جێگای خۆش کردووە و لە سەر ڕێگای کرماشان - هەمەدان کە سەردەمانێک پێتەختی ئیمپراتوری کوردان بوو، هەڵکەوتووە. خەڵکی بناری بێستوون بە زاراوەی شیرینی لەکی دەئاخفن و بەشێکیان پەیڕەوی ئایینی ئیسلام و بەشێکیان یارسانین. ئەگەر باشتر بڕوانینە هەڵکەوتی ئەو شارە، دەبینین کە لە نێوان شارەکانی کرماشان و سەحنە و هەرسین جێگایەکی بۆ خۆی دۆزیوەتەوە و لە پاڵدەستی خۆی کێوێکی گەورەی لە ئامێز گرتووە کە هەر بە ناوی خۆی خەڵاتی کردووە، یانی کێوی بێستوون.

کێوی بێستوون لە نێو وەرزشوانانی دونیا بە "بەهەشتی بەردەوانە"کان بەناوبانگە و لە هەر وەرزێکی ساڵدا، ڕێژەیەکی بەرچاو لە وەرزشوانانی سەرانسەری دونیا بۆ تاقیکردنەوەی خۆیان دێنە کرماشان و چنگ دەخەنە سەر دڵی کێوی بێستوون تا چاونەترسی و بوێری مرۆڤ نیشانی سروشت بدەن. کێوی بێستوون یەکێک لە شاخە بەرزەکانی کوێستانی "پەڕئاو"ە و لە نێو فەرهەنگی زارەکی گەلەکەمان جێگایەکی تایبەتی هەیە و بێجگە لە سەمبولی عیشق، هێمای خەم و تەنیایی و ڕۆژانی سەختی ژیانیشە. لە وتەیەکی کۆنی دەڤەری کرماشاندا هاتووە: "پەڕاو و بێستوون هەر دگ برا بین، فەلەک کاری کرد وە یەک جیا بین" یان تەنانەت کێوی بێستوون سنووری شێعر و ئەدەبیاتی بڕیوە و خۆی خزاندووەتە نێو گۆرانییەکانی ئەم گەلە. نەمر حەسەن زیرەک لە گورانییەکی بەناوبانگدا دەڵێ:

وەکوو کوێستانی بیستون دایم سەرم بە تەمە
سەرم سووڕ ماوە لە یار، دەرحەق من مەیلی کەمە

شاعیرانی کورد هەمیشە و هەموو کاتێک بێستوونیان لە بیر بووە و بۆ دەربڕینی هەست و خەیاڵ و ئەندێشەیان پەنایان بردووەتە بەر تەنیاییەکانی بێستوون. مامۆستا "لەک ئەمیر" لە شێعرێکی درێژدا بەردەنگی خۆی دەکاتە بێستوون و دەڵێ:

بیستیون مەنی نەوین ئێ داخستان هاتمە
لەک خوینە ئاوارکم وە هەواڵ پرسان هاتمە
بیستیون شیرین کووە؟؟ ئە ئەرمەنی لامەسەوە
ئە نازار بێهەوکرە ئە پرچ کوو بڕیا بێساووە

لەم شێعرە درێژەدا شاعێر دەردی دڵی خۆی و نەهامەتی ژیان و خاپوور بوونی وڵاتەکەی بە دەستی داگیرکەر لەگەڵ بێستوون باس دەکات و لە ئامێزی ئەودا فرمێسک دەرژێنێت و بە حاڵی گەلە بێدەرەتانەکەی دەگری و بەرەو ئاسمان هاوار دەکات. هەروەها بێسارانی -شاعێری گەورەی گەلەکەمان - تەنیایی و پەژارەی خۆی دەباتە لای بێستوون و دەڵێ:

دەردەدار کەسێن دەردش بۆنەسەر
دوودش بێستون بگیروونە وەر
من زەڕێو دەردم هانە دەرووندا
وەختەن نەجد، بدۆ وە بێستووندا

لە نێو دڵی کێوی بێستووندا مێژوویەکی زۆر کۆن و دوور جێگای خۆش کردووە. پێنج ئەشکەوت کە سەردەمانێک جێگای ژیانی ئینسانە نێئاندێرتاڵەکان بووە، جەستەی بێستوونیان کون کون کردووە و لە نێوی خۆیاندا ئاسەوارگەلێکی زۆریان لە ژیانی ئەو سەردەمانە پاراستووە تا ئینسانی ئەمڕۆیی بە دۆزینیان، ئاگاداری ژیانی کۆن ببن و لووتبەرزی داینەگرێت کە تەنیا ئەو توانیویەتی کەلوپەل ساز بکات. ناوی ئەو پێنج ئەشکەوتە "ڕاوچییەکان، خڕ، مڕ ئەفتاو، مڕ دور، مڕ تەریک"ە کە ئاسەوارێکی زۆر لە نێویاندا دۆزراوەتەوە کە کەونارا بوونیان هەڵدەگەڕێتەوە بۆ نزیک بە ۷۰ هەزار ساڵ لەمەو پێش.

هەر لەژێر پێی کێوی بێستووندا و لەسەر دەروازەی شاری بێستوون، سەراوێکی زۆر کۆن سینگی خۆی ئاوەڵە کردووە کە خەڵک بە "سەرئاو بێستوون" دەیناسن. سەرئاوێک کە تینوێتی دەشت و خەڵکی بێستوون دەشکێنێت و ئاوی هەموو فەلاحەتی ئەو ناوچانە دابین دەکات. بە پێی وتەی زانایانی بواری مێژوو ئەم سەرئاوە هۆکاری سەرەکی شکڵ گرتنی ژیان و سەقامگیری مرۆڤ لەم شوێنەی کوردستان بە ئەژمار دێت و هۆکاری سەرەکی بوونی ئەو هەموو ئاسەوارە کۆن و مێژووییەیە. خەیاڵی وێنەی کۆمەڵێک ئینسانی نێئاندێرتاڵ لە ۱۰۰ هەزار ساڵ پێش کە دوای خواردنی گۆشتی ڕاو لە ئەشکەوتەکانی بێستوون دەهاتنە دەرێ و بۆ ئاو خواردن بەرەو سەرئاو دەکەوتنە ڕێ و لە کەناری کۆ دەبوونەوە، بێشک بیر و ڕەوانی هەر ڕێبوارێک کە بۆ ساتێک لە تەنیشتی ئەو سەرئاوە دادەنیشت بۆ لای خۆی دەبات. شایانی باسە ئەم سەرئاوە لە ساڵی ۲۰۱۰ وەکوو شەستوشەشەمین ئاسەواری سروشتی لە لایەن ڕێکخراوی میراتی کەلەپووری ئێران تۆمار کراوە.

بێستوون لە چاوی کوردێکەوە

بێستوون لە نێو بیر و باوەڕی کورداندا جێگایەکی تایبەتی و پیرۆزی هەبووە و هەیە، تا ئەو جێگا کە ناوی "شوێنی خودای خودایان"یان پێ داوە و بە درێژایی مێژوو لە نێو کەلتور و داب و نەریتی کوردەواری جێگایەکی بەرزی بووە. بێستوون بەو هەموو ئاسەوارە سروشتی و ئینسانییە کە لە ئامێزی خۆی گرتووە، مێژوویەکی تاڵیشی لە دڵی خۆی ڕاگرتووە کە لە دڕندەیی و تەوەحوشی داگیرکەرانی وڵاتمان دەدوێ.

لەو ڕۆژەوە کە بەهۆی خەیانەتی "هارپارگ" هەخامەنشییەکان بەسەر ئیمپراتوری کوردان زاڵ بوون و "کوروش"، کوردستانی داگیر کرد، کوردان هەر لە تەقەلای ڕزگار بوون لە دەستی داگیرکەر بوون، تا ئەوەیکە "گێوماد" ئاڵای شۆڕش و ڕزگاری بە دەست گرت و توانی ناوچە جۆراوجۆرەکانی کوردستان ڕێک بخات و گەورەترین شۆڕشی کەونارای کوردستان دژ بە داگیرکەر بەڕێوە ببات و نیشتمان ڕزگار بکات، بەڵام ڕووداوە مێژووییەکان دوای چەند ساڵ دووبارە دژ بە کوردان هەڵسووڕان و هەخامەنشییەکان توانیان بە ڕێبەری "داریوش" دووبارە کورد شکست بدەن و نیشتمانەکەمان داگیر بکەن.

داریوش دوای سەرکەوتنی بەسەر کورداندا ئەوەندە شادمان و خۆشحاڵ دەبێ کە فەرمان دەدات وەسفی سەرکەوتنەکەی و شێوەی داگیرکردنی کوردستان و سزادانی کوردان، لە سەر دڵی بێستوون بکەنن و نەخشی بکەن. ئاوا بوو کە کەتیبەی بێستوون ساز کرا و لە دڵی بێستوون نەخشی بەست تاکوو ئەو ڕووداوە تاڵە وەکوو قورساییەک لەسەر شانی بێستوون بمێنێت و لەو ڕۆژە بە دواوە، بێستوون پێکەنین و بزەخەنەکانی لەبیر کرد و بوو بە سەمبوڵی خەم و نەهامەتی نەتەوەیەک.

لەم کەتیبەدا، ئەو کەسە کە لەژێر پێی داریوش نەخش کراوە، گێوماد، گەورە و ڕێبەری شۆڕشی کوردانە و نەفەری یەکەمی ڕاوستاو لە بەرانبەر داریوشیش کە کەلەبچە کراوە، حاکمی "ماد" یان کوردستانە و ئەوانی دی پادشای وڵاتەکانی دیکەی ناوچەن کە بۆ پاڵپشتی لە کوردان و گێوماد، دژ بە هەخامەنشییەکان شەڕیان کردبوو و ئێستا لەم کەتیبەدا بە دیل کراون و بەرانبەر بە داریوش ڕاوەستاون و چاوەڕێی مردنی خۆیان دەکەن.

داریوش دوای سەرکەوتنی بە سەر کوردان دەستور دەدات کە لە سەرانسەری کوردستاندا زۆرینەی پیاوان و ژنان بکوژن تا چیدی کورد نەتوانێ سەرهەڵبدات و دژی داگیرکەر شۆڕش بکات. هەروەها بە پێی نووسراوەکانی کەتیبەی بێستوون، داریوش دەڵێ: من داریوش‌شا فەرمانم داوە تا چاوی گێوماد دەر بێنن، لوتی ببڕن، گوێی ببڕن، پێستی بکەنن و لە نێو پێستی گا بخەن و لەسەر دەروازەی هگمتانە، شۆڕی بکەنەوە تا ببێتە دەرسی عیبرەت بۆ خەڵکی ئەم وڵاتە".

لەو ڕۆژەوە هەتا ئێستا، بە پێچەوانەی خواستی داریوش‌شا، خەڵکی ئێمە نەتەنیا لە دڕەندیی و تەوەحوشی داگیرکەر نەترساوە بەڵکوو بە قینێکی زۆرترەوە، ڕۆڵە بەنرخ و بەوەجەکانی خۆی ڕەوانەی ڕیزەکانی شۆڕش و خەبات کردووە و دەکات و نەتەنیا لە مەرگ نەترساوە بەڵکوو بە قووڕوی مەرگیشدا ڕۆیشتووە و مەرگی، شەرمەزاری خۆی کردووە.

**بێستوون لە نێو بیر و باوەڕی کورداندا جێگایەکی تایبەتی و پیرۆزی هەبووە و هەیە، تا ئەو جێگا کە ناوی "شوێنی خودای خودایان"یان پێ داوە و بە درێژایی مێژوو لە نێو کەلتور و داب و نەریتی کوردەواری جێگایەکی بەرزی بووە.**

**لەم کەتیبەدا، ئەو کەسە کە لەژێر پێی داریوش نەخش کراوە، گێوماد، گەورە و ڕێبەری شۆڕشی کوردانە و نەفەری یەکەمی ڕاوستاو لە بەرانبەر داریوشیش کە کەلەبچە کراوە، حاکمی "ماد" یان کوردستانە و ئەوانی دی پادشای وڵاتەکانی دیکەی ناوچەن کە بۆ پاڵپشتی لە کوردان و گێوماد، دژ بە هەخامەنشییەکان شەڕیان کردبوو و ئێستا لەم کەتیبەدا بە دیل کراون و بەرانبەر بە داریوش ڕاوەستاون و چاوەڕێی مردنی خۆیان دەکەن.**

# پاژنەی ئاشیلی ڕێژیمی ئێران

نەوید کەرەمی

## بەشی کۆتایی

لە دوو بابەتی پێشوودا، "شەڕی ئێران و ئیسرائیل"و بەشی یەکەمی "پاژنەی ئاشیلی ڕێژیمی ئێران"، هێڵی بەهێزی ڕێژیمی تاران (دەرەوەی سنوورەکان و کەڵک وەرگرتن لە ملیشیا و لایەنگرە شیعەکانی لە وڵاتانی ناوچە) و خاڵی لاوازی ئەو ڕێژیمە (خەڵکی ناڕازی و وەزاڵەهاتووی نێو شارەکانی ئێران) خرایە بەر باس و لێک درایەوە.

لەم نووسراوەیەدا وەک دوایین بەشی ئەو زەنجیرە بابەتانە، چۆنیەتی و هۆکاری دروست بوونی پاژنە ئاشیلی ڕێژیم و کار و ئەرکەکان و چۆنیەتی بەچۆکداهێنانی دیکتاتۆریەتی ڕێژیمی ئاخوندی تاران، دەبێتە تەوەری سەرەکی باس و شرۆڤەکاری بابەت.

"ئێمە هەم ژیانی ئەم دونیا و هەن ئەو دونیای ئێوە باشتر دەکەین، خانووتان بۆ ساز دەکەین، ئاو و بەرق و ئوتووبوستان بۆ بەخۆڕایی دەکەین، ئێمە هەم ئەم دونیا و هەم ئەو دونیای ئێوە ئاوەدان دەکەینەوە، پارەی نەوت دێنینە سەر سفرەکانتان، سەرمایەی ئەم مەملەکەتە هی هەژارانە و ئێمە بڕیارمان داوە تا بگەیەندرێتە دەستی هەژاران و ... هتد"؛ خومەینی دامەزرێنەری ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران پاش هاتنە سەرکاری لە یەکەمین ئاخاوتنی خۆیدا ئەو بەڵێنانەی بە خەڵکی ئێران دا، تا ژیانیان بگۆڕدرێت و باشتری بکات، ئەو بەڵێنانە لە لایەن خەڵکی هەژاری نەتەوەکانی ئێرانەوە بە هەند وەرگیران و بوون بە داینەمۆی سەرکەوتنی خومەینی بەسەر لایەنەکانی دیکەدا و هەروەها سووتەمەنی شەڕی ٨ ساڵەی نێوان ئێران و عێراق.

دروشمەکانی خومەینی بۆ باشترکردنی گوزەران و ژیانی چینی هەژار و کەمداهاتی ئێران و هاوکات یارمەتیدانی کەسانێک وەک ئاهەنگەران بۆ چاندنی بڕوای وارد بوونی تاکەکان بە بەهەشت کە لە ڕێگای ئامانجەکانی ئەو ڕێژیمەدا دەکوژرێن، لە دەیەی سەرەتای هاتنە سەرکاری ئەو ڕێژیمە، وای کرد کە بە میلیۆنان گەنجی نەتەوە جیاجیاکانی پێکهێنەری ئێران، فریوی بەڵێنەکانی خومەینی بخۆن و ببنە سووتەمەنی لە پێناو خواست و ئارمانەکانی ئەو خوێنمژەدا.

هەژاران کەس، پۆل پۆل بە گەنج و پیرەوە لە ڕێکخراوەکان و شانە سەربازییەکانی سپا و بەسیجی ڕێژیمدا سازمان دران و بۆ بەرەی شەڕ، لە پێناو هەنارده کردنی شۆڕش بۆ دەرەوەی سنوورەکان و بەتایبەت بە دروشمی ئازاد کردن و پاراستنی گۆڕ و شوێنە پیرۆزەکانی شیعە لە عێراق، سووریە و لوبناندا، کلیلی دەروازەی بەهەشتیان کردە ملیان و بەرەو سەنگەرەکانی فراوانخوازی خومەینی وەڕێکەوتن.

بە میلیۆنان گەنجی چینی هەژار و کەم داهاتی نەتەوەکانی ئێران، تەنیا لە پێناو بەدەست هێنانی پارووەیەک نان و بە هیوای دامەزراندن لە ئیدارەیەک و دروست کردنی داهاتوویەکی گەش، فریوی بەڵێنەکانی حکومەتیان خوارد و بوون بە هێزێکی بەهێز و لەشکرێکی کوشندە بۆ هێرش بردنە سەر نەیاران و کوشتن و ماڵوێران کردن و داگیر کردنی گیان و ماڵ و سامانی دژبەرانی ئەو ڕێژیمە؛ بەڵام پاش کۆتایی هاتنی شەڕی ٨ ساڵەی ئێران و عێراق، بە تایبەت لە دەیەکانی دواتردا بەرە بەرە ڕوخساری ڕاستەقینەی خومەینی و تاقمەکەی بۆ خەڵکی ئێران دەرکەوت و ئاشکرا بوو.

نەک هەر ئەو ڕێژیمە خانووی بۆ خەڵک دروست نەکرد و پارەی نەوتی بەسەر خەڵکدا دابەش نەکرد و سفرەی هەژارانی ڕەنگین نەکرد، بەڵکوو بوو بە پووتکێک بۆسەر خەڵکەکەی خۆی و بە پێچەوانەوە بوو بە باوک بۆ لایەنگرانی لە وڵاتانی دیکەی وەک عێراق، سووریە، یەمەن، لوبنان و ... هتد و هەموو خێر و بێرو پارەی نەوتی ئێرانی لە پێناو ڕێکخستن و بەهێزکردنی ئەو لایەنانە بردە دەرەوەی سنوورەکان.

ئەگەرچی لە دەیەی یەکەمی بەدەسەڵات گەیشتنی کۆماری ئیسلامی ئێراندا، ئارمان و دامەزرێنەری ئەو ڕێژیمە وەک بوتێک لە لایەن خەڵکی ئێرانەوە پەرستش و پشتگیری دەکران، لە دەیەکانی دواتردا و بە دەرکەوتنی سیمای ڕاستەقینەی ڕێژیم بەرە بەرە خەڵک و کەسایەتییەکان لەو ڕێژیمە کشانەوە و دەستیان دایە ڕەخنە گرتن و ناڕەزایەتی دەربڕین لە بەرانبەر ئەو ڕێژیمەدا کە ڕۆژێک بە هەمووشێوەیەک خۆیانیان بۆ فیدا دەکرد.

دەیەی شەستی هەتاوی، جیهان شاهیدی زنجیرەیەک لە پاکسازی، ئیعدام و تیرۆری جیابیران، ڕەخنەگران و دژبەرانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران چ لە ناوخۆ و چ لە دەرەوەی سنوورەکانی ئێران بوو، کوشتنی کەسایەتییە ناسراو و کاریگەرەکانی وەک دوکتور قاسملوو، د.شەرەفکەندی، د.بەختیار، فروهەرەکان و... هتد کە بە تیرۆرە زنجیرەییەکان ناسران.

لەو کاتەوە کە ڕوخسار و سیمای ڕاستەقینەی دژە مرۆڤانەی ڕێژیم بۆ خەڵکی ئێران دەرکەوتووە، بە هەر شێوەیەک کە بۆیان ڕەخسابێ بەرەنگاری ئەو ڕێژیمە بوونەتەوە و بە ناڕەزایەتی دەربڕین، ڕەخنە گرتن و لەقاودانی سیاسی و تەنانەت بەربەرەکانێ و وەستانەوەی سەربازی، هەوڵی پێشگیری و گۆڕانکاری لە سیاسەت و بەرنامەکانی ئەو ڕێژیمەیان داوە و تەنانەت بە قیمەتی لەدەست دانی گیانی خۆشیان بووبێت، "نا"یان بەو ڕێژیمە گوتووەتەوە.

ئەو هێزانەی کە پاش دەیەی شەست لە ڕێژیم هەڵگەڕانەوە و دەستیان دایە دژایەتی دەربڕین لە بەرانبەر ڕێژیمدا، زۆرینەی هەمان حەشیمەتە بوون کە سەرەتای دامەزرانی ڕێژیم پشتگیرییان دەکرد و بۆی دەجەنگان، بەڵام پاش شەستەکان، بوون بە دژبەر و هێزێک کە کۆماری ئیسلامی بە ڕادەیەک لێیان ترساوە کە بە هەمووشێوەیەک دەستی داوەتە پاکتاو و فەلەج کردنیان.

کۆماری ئیسلامی ئێران بە پەراوێزخستن، دوورخستنەوە، تووشکردن بە هەژاری و نەخۆشی ماددە هۆشبەرەکان، گرتن، کوشتن و ڕاوەدوونانی سیاسی و وەدەرنان، هەموو هەوڵی خۆی داوە تاکوو ئەو هێزەی بووەتە مەترسییەکی جیددی لەسەر بەردەوامی سیاسەت و حوکمڕانییەکەی بەچۆکدا بێنێت و بنبڕی بکات، بەڵام لەگەڵ هەموو جورە دڕندەکارییەکان ئەو هێزە تا دێت زیاتر و زیاتر گەشە دەکات و لەگەڵ هەر زەبرێک کە وێی دەکەوێت جارێکی دیکە سەرهەڵدەداتەوە و پایەکانی ڕێژیم دەکاتە ئامانج.

بەڵێنە بێبنەما و درۆ و چەواشەکارییەکانی بنیاتنەری کۆماری ئیسلامی ئێران، هەر زوو ئەو هێزە کۆمەڵایەتییەی کە سەرەتاکان وەکوو بەهێزترین پشتیوانی ماددی و مەعنەوی ئەو ڕێژیمە بوون، ڕووبەڕووی ڕێژیم کردەوە.

پاش گەشە کردنی سیستەمی زانستی و کۆمەڵایەتی ئێران، سیاسەتمەداران و سەردەمدارانی ڕێژیم بە مەبەستی کەم کردنەوە و نەهێشتنی کاریگەرییەکانی ئەو چاوەڕوانییانەی کە هەر لە سەرەتاکانی شۆڕش بە بەڵێن و قسەکانی خومەینی لە لایەن خەڵکەوە دروست بووە، لە دەیەکانی دواتردا دەسەڵات کەوتە هەوڵ بۆ کۆنترۆڵ کردنی، بەو مانایە کە دەیهەوێت سیستەمی کۆمەڵایەتی دەستەمۆ بکات، بۆیە هەوڵەکانی ڕێژیم بۆ بە ئیسلامی کردنی زانکۆکان، لابردنی کتێب و دەرسە ئینسانییەکان و دانانی پۆلیسی ئەخلاق و ... هتد، دەچنە ئەو بازنەیەوە.

ئەگەر بمانهەوێ ئەو وەبەریەک کەوتنەی هێزی کۆمەڵایەتی لەگەڵ هێزی سیاسی لە ئێراندا لە ڕووی چینایەتییەوە سەیر بکەین، دەتوانین بڵێین پاش ئەوەیکە چینی مامناوەند لە ڕووی کۆمەڵایەتی و زانستییەوە گەشەیەکی بەرچاوی بەخۆیەوە بینی، کاتێک پێی نایە نێو کۆمەڵگا بەرەوڕووی ڕاستیەکی تاڵ بوویەوە، ئەویش داخرانی دەرگاکانی کار بە ڕووی منداڵانی چینی هەژار و کەمداهاتی ئێران بوو، بەو شێوەیە چینی مامناوەند لە بواری کۆمەڵایەتی و سیاسییەوە کەوتە ناکۆکی لەگەڵ سیستمی سیاسی.

ئەوە بەو مانایە دێت کە خودی چینی مامناوەندیش لەجیاتی پاراستنی بارودۆخ یان گەشە کردن، بەپێچەوانە بەرەو هەژاری ڕۆیشتووە و هەرچەند دەڕواتە پێش دەرگاکان بە ڕوی منداڵانی زۆربەی چینی مامناوەند بۆ بینینەوەی کار داخراوتر دەبن، بۆیە ئەو ناکۆکییانە کە هەرجار لە سیمای ناڕەزایەتی، مانگرتن، ڕێپێوانی گشتی و ... هتد خۆدەنوێنن، دژ بە سیستمی سیاسی دروست بووە.

لەم دواییانەدا هەژارانی کۆمەڵگا و ئەوانەی کە سەر بە چینی مامناوەندن، کە زۆربەیان لە تەمەنی ١٦ تا ٣٠ ساڵ بوون، زۆرینەی ئەو کەسانەیان پێک هێنا کە بۆ دەربڕینی ناڕەزایەتی و دژ بە سیاسەت و هەڵسووکەوتەکانی ڕێژیم لە زستانی ئەمساڵدا هاتنە سەر شەقامەکان.

ئەنجام:

بێگومان لەبەر ئەوەیکە سیستمی سیاسی ئێران سیستمێکی داخراوە، ئەوا دەتوانین بڵێین کە گەشەکردنی سیستمی کۆمەڵایەتی و لە دواییدا هەژاربوونی چینی مامناوەند دەبێتە هۆی تێکشکانی سیستمی سیاسی داخراوی ئێران، ئەمەش بەو مانایەیە کە لە ئەنجامدا سیستمی کۆمەڵایەتیی ناڕازی بەسەر سیستمی سیاسیدا زاڵ دەبێت.

خۆڕێکخستن وهەماهەنگی زیاتری سەران و ڕێکخەرانی ئەو چینە ناڕازییە ڕەوتی ڕووخانی ڕێژیم خێراتر دەکات و بە دڵنیاییەوە بە گەشە کردن و بەهێزبوونی ئەو ناڕەزایەتی و شۆڕشە ناوخۆییانە، سیاسەت و پیلانەکانی ڕێژیم کە دۆخی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستیان گەیاندووەتە لێواری شەڕێکی خوێناوی، پووچەڵ دەکاتەوە ئەمەش هەمان پاژنەی ئاشیلی کۆماری ئیسلامییە.



# شەریف هەژاری:

## کورد خۆی دەرفەتەکان وەک پێویست ناقۆزێتەوە. بەشێک لە هێزە کوردییەکان بوونەتە داردەستی ئێران و بە بێ هیچ شەرمێک، فەرمانەکانی جێبەجێ ئەکەن.



گۆڕانکارییەکانی ناو کابینەی ترامپ و کاریگەرییان لە سەر سیاسەت و ڕووداوەکانی ناوچە، تەوەری گفتوگۆی ئەم ژمارەیەی ڕۆژنامەی کوردستانە لەگەڵ شەریف هەژاری، مامۆستای مێژوو لە زانکۆی سلێمانی، کە سەرنجتانی بۆ ڕادەکێشین:

ئامادەکار: سەلیم زەنجیری

ئەو گۆڕانکارییانەی لە کابینەی ترامپدا کراون دەتوانێ چ گۆڕانێک لە سیاسەتی دەرەوەی ئامریکا بە نیسبەت ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بە دوای خۆیدا بێنێ؟

پێموایە ئەو گۆڕانکارییانە بۆ مەبەستێکە کە خودی ترامپ باوەڕی پێی هەیە و لە کاتی پڕوپاگەندەی هەڵبژاردنەکاندا بەڵێنی بە گەلی ئامریکا داوە کە بۆ بەدی‌هێنانیان تێبکۆشێ. ئەو گۆڕانکارییانە بەمانای گرتنەبەری سیاسەتێکی جیددی ئامریکایە بەرانبەر بە دۆسیەکانی کۆریای باکور و ئێران. ئێستا ئەگەری دانیشتنی هەر دوو سەرۆکی ئامریکا و کۆریای باکور هەیە، بەڵام بە نیسبەت خۆرهەڵاتی نێوەڕاستەوە، پێموایە ترامپ باوەڕی وایە بۆ ئەوەیکە ئامریکا لەو ناوچەیەدا هێژمۆنی خۆی بپارێزێ، پێویستە ئەجێنداکانی ئێران بپڕوکێنێت، بەڵام ئەوانەی بەرپرسی یەکەم بوون لە وەزارەتی دەرەوە و ئاسایشی نەتەوەیی ئامریکا، لەگەڵ ناسینی واقیعیانەی ترامپ لە دژی تیرۆر و ئاژاوەنانەوەکانی ئێران لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا یەکیان نەدەگرتەوە.

ئەم کاراکتەرانەی کە ترامپ دیاری کردووە، واقیعیانەتر ڕێژیمی ئێران دەناسن؛ بۆ نموونە، ترامپ پێی وایە گەورەترین هەڵەی ستراتێژی کە ئۆباما کردبێتی، ڕێککەوتنامەکەیەتی لەگەڵ ئێراندا و ئێران گەورەترین سپۆنسەری تیرۆریزمە لە جی‌هاندا. هاوتای ئەو بیرکردنەوەش، جۆن بۆڵتۆنی دەستنیشانکراو بۆ ڕاوێژکاریی ئاسایشی نەتەوەیی ئامریکا باوەڕی نەگۆڕی وایە کە، تەنیا ئامریکا و ئیسرائیل بە بوردومانکردن دەتوانن ڕێگری لە ئێرانێکی ناوکی بکەن. هەروەها پۆمپێئۆی دەستنیشانکراو بۆ وەزیری دەرەوەی ئامریکاش پێی وایە کە بە کەمتر لە دوو هەزار هێرشی فرۆکە، ئەتوانرێت بەرنامەی ئەتۆمی ئێران خاپوور بکرێت.

بە وردبوونەوە لەم بۆچوونانە، دەردەکەوێت کە ترامپ ئەیهەوێت تیمێکی یەکدەست لە کابینەکەیدا پێک بێنێت کە لەسەر یەک باوەڕ و یەک ئەجێندا بەرانبەر خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، بەتایبەت ئێران کە وەک دایەنگەی تیرۆریزم دەناسن، بکەونە کار.

کەواتە مەبەست لە گۆڕینی ئەوانە، زیاتر وەستاندنی ئێرانە؟

کاتێک پۆمپێئۆ لێپرسراوی دەزگای سیا بوو، دیارترین کاری، گۆڕانکاری بوو لە بەشی مەلەفی ئێران لە سەرەتای مانگی ٧ی ٢٠١٧ دا و "میکایل ئەندریا"ی کردە لێپرسراوی "سی‌ئای‌ئەی" بۆ دۆسیەی ئێران. پێموایە تا ئێستا جێدەستی ناوبراو لە جووڵە و بزاوتەکانی نێوخۆی ئێراندا بەرهەمدار بووە.

بە داخەوە تا ئێستا توێژەرانی کورد لە خوێندنەوە بۆ کەسایەتییەکانی دۆسیەی (ئێران، عێراق، تورکیا و سوریا)ی دەزگای "سیا"دا لاوازن و لە میدیاکانی کوردستانیشدا بایەخی پێ نادرێت. میکایل ئەندریا ڕۆڵێکی گەورەی لە گرتنی تاوانبارانی ١١ی سێپتامبر و هەروەها لە پاکستان، یەمەن و زۆر وڵاتی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا گێڕاوە، بە تایبەتی ڕۆڵی دیاری هەبووە لە کوشتنی تیرۆریست(عیماد موغنییە)ی سەرکردەی کاریگەری ڕێکخراوی تیرۆریستی حیزبوڵا لە دیمەشقی پێتەختی سوریا.

لە ئێستادا "میکایل ئەندریا" نازناوی "ئایەتوڵا میک"ی لێ نراوە. وای نابینم هەموو ئەو گۆڕانکارییانە لە خۆیەوە کرابێ و پێموایە پڕووکانی ئەجێندای ڕێژیمی تیرۆریستی ئێرانی بەدواوەیە. بە کورتی ترامپ بەم گۆڕانکارییانە دەیهەوێت بە ئێران و هەموو جی‌هان بڵێت کە، لە هەموو ساتێکی فەرمانڕەوایدا، بژاردەی سەربازی لە دژی ئێران کراوەیە!

بە سەرنجدان بە ناکۆکییەکانی نێوان ئامریکا و ئۆرووپا لە سەر ڕێککەوتنی بەرجام، پێشبینی چ سناریۆگەلێک بۆ ڕێککەوتنەکە دوای ئەو ئاڵوگۆڕانە دەکەن؟

دیارە ئامریکا تا ڕادەیەک ڕێزی وڵاتانی ئۆرووپای هاوپەیمانی بە نیسبەت پرسەکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستەوە دەگرێت. بۆ نموونە، بە نیسبەت لێدانی عێراقەوە، ئامریکا تا سنوورێک گرینگی بە بۆچوونی دەوڵەتانی وەک فەرەنسای سەردەمی جاک شیراک و هەندێ لە هاوپەیمانە ئۆرووپاییەکانی دیکەی دا، بەڵام دواتر سەرەڕای جیاوازی بیرکردنەوەیان، ڕاستەوخۆ لێدانی عێراقی ڕاگەیاند.

سێ ئەگەر لە ئارادان کە ترامپ بیگرێتەبەر لەبارەی ڕێککەوتننامەی "بەرجام"ەوە:

١: پێداچوونەوەی بنەڕەتیی بە ڕێککەوتننامەکە لە لایەن ئامریکاوە.

٢: هەڵوەشاندنەوەی تاکلایەنەی ڕێککەوتننامەکە لە لایەن ئامریکایەوە. لەو بوارەوە میک پۆمپێئۆی وەزیری دەرەوە پێی وایە کە لە سەرەتای مانگی ٥ی ئەمساڵدا، ترامپ لە ڕێککەوتنی ئەتۆمی دەکشێتەوە، چونکە بەڵێنی بە سەرۆکی ئیسرائیل داوە ڕێککەوتنێکی ئەتۆمیی لەو جۆرەی قبوڵ نییە.

٣: لێدانی بنکە ئەتۆمییەکانی ئێران لەلایەن ئامریکا و ئیسرائیلەوە. پێشتر "جۆن بۆڵتۆن" لە بابەتێکدا کە لە "نیویۆرک تایمز" بڵاوی کردبوویەوە، بە ڕاشکاوی وتبووی کە "تەنیا هێرشی سەربازی چارەسەری بەرنامەی ناوکی ئێرانە".

تەنانەت ئەگەر دۆخی ڕێککەوتننامەکە بەم شێوازەی ئێستاش بمێنێتەوە، ئێران قازانجێکی ئەوتۆی تێدا نەکردووە. چونکە ئامریکا لە پراکتیکدا هیچ حسابێک بۆ ئەو ڕێککەوتننامەیە ناکا و نەتەنیا تێڕوانینی ئامریکای بەرانبەر ڕێژیمی ئێران نەگۆڕیوە، بەڵکوو توندتریشی کردووە.

گەر لێی ورد بینەوە لە شەش مانگی ڕابردوودا، دراوی ئێرانی خراپترین و هەرزانترین نرخی لە مێژووی خۆیدا تۆمار کردووە. ئەمەش دەرخەری ئەوەیە کە لە دامەزراوەی پراکتیکی سیاسیی-ستراتێژیی ئامریکادا، ڕێژیمی ئێران لە لیستی ڕەش و کۆتایی پێ‌هێناندایە و سەرەتا ئەو ڕێژیمە لە ڕووی ئابووری و دراوەوە ئەڕوخێنن و بە دوای ئەودا، لێکەوتەی تریشی دەبێت!

لەم نێوەدا هەڕەشەیەک بە ناوی ڕووسیە بۆ سەر بەرژەوەندییەکانی ڕۆژئاوا، دەتوانێ چ کاریگەرییەک لە سەر یەکهەڵوێستی ئامریکا و ئۆرووپا بۆ ئەو مەسەلەیە هەبێت؟

هەڕەشەی ڕووسیە جیدییە و جیدیتریش ئەبێت، تا مەترسیی ڕووسیە لەسەر بەرژەوەندییەکانی ڕۆژئاوا زیاتر بێت، دەوڵەتانی خۆرئاواش یەکگرتووتر دەبن؛ بۆ نموونە، لەم دواییانەدا کوشتنی سیخوڕێک و کچەکەی لە بریتانیا لەلایەن "ڕووسیە"یەوە کاردانەوەیەکی زۆری هەبوو و بریتانیا، یەکیەتی ئۆرووپا و ئامریکا ژمارەیەک دیپلۆماتکاری ڕووسیەیان دەرکرد.

ڕووسیە زلهێزێکی جیهانییە، نفوزی مێژوویی هەیە، جیۆپۆلۆتیکی کاریگەری هەیە، بەڵام ئایا وڵاتانی ڕۆژئاوا و ناتۆ لێ ئەگەڕێن کە ئێران ببێتە بەشێکی بەدی‌هێنەری ئەجێنداکانی ڕووسیە و ئەسەدیش کارێک بکات کە ڕووسیە بە کەیفی خۆی لە دەریای ناوەڕاستدا یاری بکات؟

بێ گومان لێ ناگەڕێن و ئابووریی وڵاتانی ڕۆژئاوایی، ژئۆپۆلۆتیکیان، نفووز، هاوپەیمان و تێکنۆلۆژییان وادەکات کە ڕووسیە تا سەر نەتوانێت سووریا و ئێران بە دەست دیکتاتۆرەکانەوە بهێڵێتەوە، بەڵام ئەم ململانێیە کاتی دەوێت و بە شەو و ڕۆژێ کۆتایی نایەت! بەڵام هەتا ئێران و ئەسەد هاوپەیمانی سەرەکی ڕووسیە بن، ڕۆژئاوا لە دژیان یەکگرتوتر ئەبێت.

لە ئێستادا ململانێی نێوان ئامریکا و ڕووسیە ئەوەیە کە ئامریکا وەک باڵادەستی جی‌هان ئەیهەوێت نفوزی بەسەر تەواوی پانتایی جی‌هاندا هەبێت و، ڕووسیەش تەنها ئەیهەوێت لە دراوسێکانی و دەوروبەریدا هێژمۆنی خۆی بسەلمێنێت، بۆیە لە حەقیقەتدا نفوزی ئامریکا وەک زلهێزترینی جی‌هان، و هێژمۆنی ڕووسیە وەک زلهێزێک لە جی‌هاندا جیاوازییان زۆرە.

ئێستا، وەک سەردەمی شەڕی سارد نییە کە شەڕ دونیای گرتبێتەوە و لە ئەنگۆلاوە تا کوبا و لەوێشەوە تا خۆرهەڵاتی ناوەڕاست درێژ بووبێتەوە، یان لە نێوان دوو ئیدئۆلۆژی لیبرالیزم و کۆمۆنیزمدا بێت، بەڵکوو ڕووسیە شوناسێکی ئایدۆلۆژی نەماوە و شەڕ نزیکە لە سنورەکانی ڕووسیەوە، هەر لە سووریاوە بۆ ئێران و، تا دەگات بە جۆرجیا و ئۆکراین، کەوابو ناکرێ چاوەڕوانی ئەوە بین کە ڕووسیە وەک زلهێزێک بە ئاسانی خۆی بەدەستەوە بدات؛ بەڵام لە ستراتێژیدا ڕووسیە توانای هێشتنەوەی ئەو ڕێژیمە دیکتاتۆرانەی وەک ئێران و ئەسەدی نییە!

بە لەبەرچاوگرتنی هەموو ئەو سناریۆیانە، چەندە دەتوانرێ پاشەکشێ بە ستراتێژی ئێران لە ناوچەکەدا بکرێت و لە ئەنجامدا گۆڕینی ڕێژیمی بە دواوە بێت؟

قۆناخی ئەم ڕێژیمەی ئێران ڕووەو پاشەکشەیە؛ لە ئێستادا ئەجێندا دەرەکییەکانی ڕوو لە شکستە و لە ستراتێژیشدا شەڕ دەخرێتە نێو ئێرانەوە و ڕووخانی ئەو ڕێژیمەی لێدەکەوێتەوە.

سەرەڕای باڵادەستی ئێران لە سووریادا، ئێستا باسی کشانەوەی ئامریکا لە سووریا و جێگرتنەوەی فەرانسە باسێکی گەرمی چاودێرانی سیاسییە، خوێندنەوەتان بۆ ئەمە چییە؟

پێموانییە بەشێوەیەکی ڕادیکاڵی هەموو هێز و ڕاوێژکارانی ئامریکا لە سووریا بکشێنەوە، چونکە تایبەتمەندی ئیمپراتۆریەتی ئەمریکی جیاوازترە لە تایبەتمەندی ئیمپراتۆرییەکانی تر، بۆیە ڕۆیشتە هەر خاکێک، ئەستەمە بە تەواوەتی لێی بکشێتەوە؛ بەڵام ئەو جێگرتنەوەیە، چەند ڕەهەندێکی هەیە:

- ڕەهەندی مێژوویی: پێموایە هەندێ ڕووداوی مێژوویی هەن کە لە کاتی جیاواز یاخود لە شوێنی جیاواز دووبارە دەبنەوە. بەپێی دەرئەنجامی پراکتیزەی ڕێککەوتننامەی سایکس – پیکۆ - سازانۆف، فەرانسە بووە خاوەنداری ویلایەتی شام (سووریا و لوبنانی ئەمڕۆ). تایبەتمەندی داگیرکاری فەڕەنسی (کلتوری) بوو، واتە هەوڵی دەدا کلتوور و زمانی فەڕەنسی بەسەر ئەو گەلانەی کە داگیری دەکردن، لە ناویاندا بڵاو بکاتەوە، بۆیە فەرانسە کەسانی ڕوێنراوی مێژوویی خۆی هەیە لە ناو سووریادا. ئەمەش دەکرێت وابێت کە فەرانسە زیاتر لە دۆخی کۆمەڵایەتی - سیاسیی نێو سووریا تێ بگات تا ئامریکا.

- ئامریکا ئەیهەوێت بەکردەوە بیسەلمێنێت کە هاوپەیمانەکانیشی شەریک دەکات لە فراوانخوازییەکانیدا، بەمەش ڕۆڵ بە هاوپەیمانە ئۆرووپاییەکانی ئەسپێرێت و هێز دابەش کردنە.

- ئەکرێت ئامریکا لە دایکی خۆی (ئیمپراتۆریەتی بریتانیا)وە ئەزموونی وەرگرتبێت کە هەندێ جار نەیهەوێت هێژمۆنییەکانی بەر فراوانخوازی ڕووسیە بکەوێت، بۆیە بریتانیاناسا بە هاوپەیمانێکی ئەو شوێنە ململانێ لەسەرە پڕ ئەکاتەوە.

- هۆکارێکی تر ئەمەیە کە نەیهەوێت دڵی تورکیای هاوپەیمانی ستراتێژیی خۆی لە پێناو پەیەدە بڕەنجێنێت، بەڵکوو بە یارییەکی سیاسییانە لەو مەسەلەیە خۆی لادەدات یان تەنانەت ڕەنگە ئامریکا بیهەوێت شێوازی نوێ بۆ ڕووبەڕووبونەوەی ڕووسیە لە سووریا بەکاربێنێت.

لەو نێوەدا تورکیا چی لێ دێت؟ ئایا پاوانخوازییەکانی هەروا درێژە دەکێشێت؟

ئەردۆغان سیاسییەکی فێڵاوییە و بەباشی لە گرینگیی ژیئۆپۆلۆتیکی تورکیا دەزانێت. ئێستا ئەردۆغان دەزانێت کە چۆن لە بەرژەوەندی تورک، هەم دین بەکاربێنێ و هەم ململانێی نێوان ڕووسیە و ئامریکا بۆ پێکانی بەرژەوەندییەکانی خۆی بقۆزێتەوە. هەڵبەت سەرکەوتنەکانی ئەردۆغان بەشێکی گرێدراوی ئەوەیە ئەو ڕەوتە کوردییەی کە دژایەتی ئەردۆغان دەکات، خاوەن ستراتێژییەکی ڕوونی نەتەوەیی کوردی نییە!

بەرژەوەندییەکانی تورکیا وەک هێزێکی ناتۆ و هی فەرانسەش وەک هێزێکی تری ناتۆ جیاوازن و تا ئەندازەیەکیش ئەجێندایان ناکۆکە لە خاکی سوریادا. بەو پێیەی فەڕانسە لە هەر هێزێکی تری نێودەوڵەتی زیاتر بایەخ بە پرسی کورد دەدات، کە لەمەدا بە جی‌هانی کردنی پرسی کورد لە لایەن قاسملووەوە ڕۆڵی گەورەی لە ڕاکێشانی فەڕانسە بەلای پرسی کورددا هەبووە. بەڵام یەک ستراتێژی تورکیای ئەردۆغانی ئیخوانی و فەڕانسەی ڕۆژئاوایی لە دەوری یەک کۆ دەکاتەوە، ئەویش دژایەتی کردنی هێژمۆنی ئێران، ڕوخاندنی ئەسەد و کەمکردنەوەی هێژمۆنی ڕووسیایە لە خاکی سووریادا.

بە گشتی ئەو گۆڕانکارییانە چەندە بە قازانجی کورد دەبن، یان کاریگەرییەکانی لە سەر پرسی کورد چۆن دەبینن؟

پێموایە گەر ئێمە بڵێین دۆخ بۆ کورد ناخۆڵقێ و دەرفەت نایەتە پێشەوە، ئەوا ڕاستگۆ و واقیعی نین. کورد خۆی دەرفەتەکان وەک پێویست ناقۆزێتەوە. بەشێک لە هێزە کوردییەکان بوونەتە داردەستی ئێران و بە بێ هیچ شەرمێک فەرمانەکانی ئێران جێبەجێ ئەکەن.

هەرچەندە ئێران ئەیهەوێت گەمارۆی ئابووری بخاتە سەر بەشەکانی کوردستان و ئاژاوە و تیرۆر لە باشور درێژە پێ بدات، بەڵام ئەم کارانەی، تەنیا پەلەقاژەی کۆتایی تەمەنیەتیی و لە ستراتێژیدا ڕووخانی ئێران، مانای پڕووکانی ترسناکترین ڕێژیمی دژی کورد و سڕینەوەی بیری تەنگەتیلەی تەواوی ئەو قەڵەم بەدەستە جاش -بیرانەیە کە ئێستا لە باشوری کوردستان وەک (مۆدێل) و بە هاوکاری کردنی ڕاستەوخۆی کونسولی ئێران لە نێو تاکی کورددا بڵاو دەکەنەوە.

من ڕووخانی ڕێژیمی ئێران بە حەتمی ئەزانم، ئەمەش سەد لە سەد لە قازانجی دۆزی کورددایە و ئەو حیزبانەش کە خۆیان پێدا هەڵواسیوە، لە پاشەکشێ و ئاشبەتاڵدان، ئەمەش کەمێک پشوودرێژی دەوێت.

کورد یان بزووتنەوەی سیاسیی کورد چۆن دەتوانێ کەڵک لەو دۆخە وەربگرێت کە هاتووەتە ئاراوە؟

تۆ دەبێت خۆت ئازادیت بوێت، نەک تۆ ژێردەستەیی و برایەتیی گەلان و پێشکەشکردنی کەرکوک بە داگیرکەرانت بوێ و لای هێزە ئۆپۆزسیۆنەکانت بیریی نەتەوەیی بە عەیبە بزانیت و بڵێی مۆدێلی نەماوە، کەچی دواتر بشڵێیت "بۆ ئامریکا نایەت بەرگریمان لێ بکات و ئازادیمان پێ ببەخشێت"!

چارەی پرسی کورد، تەنیا و تەنیا یەکڕیزییە! بەڵام ئەگەر یەکڕیزیش بەدی نەهات، ئەکرێت هێزە نەتەوەییەکانی هەر چوار پارچەکە، میساقێکی شەرەف بە نهێنیی ئیمزا بکەن و لەسەر چەند خاڵێك بۆ پاراستنی بەرژەوەندییە نەتەوەییەکان، ئەگەرەکان و قۆستنەوەی دەرفەتەکان ڕێک بکەون و نەترسانە لە ساتی نزیکبونەوەی دەرفەتەکاندا، بە بێ گوێدان بە ڕاگەیاندنەکان، غافڵکارانە تەواوی سەرکردەکانی جاش -بیران و کەرەستەکانی دەست داگیرکەران لەو پارچەیە کە دەرفەتەکەی بۆ هاتۆتە پێش، قەلەپاچە بکەن!

ئەگینا گەر دووبەرەکیی هەر هەبێت، یەکریزی پێک نەیەت و بەشێک لە هێزەکان هەر سیقەیان پێ نەکرێ و، لە دەرفەتەکاندا هەموو دەسکەوتێک بە داگیرکەران ببەخشن، ئەوا دەیان دەرفەتی دیکەش بێتە کایەوە هەر لە دەستی دەدەنەوە؛ بەپێچەوانەوە دەبێت وەک شۆڕشی ڕزگاریخوازی گەلانی‌تر، غافڵگیرانە تەمبێی میکرۆبەکانی ناو خۆت بکەیت، ئەگینا مێژوو هەمیشە دووبارە دەکەنەوە!

کوردی ڕۆژهەڵات و پارتە سیاسییەکانی دەبێ چ سیاسەتێک ڕەچاو بکەن کە لەو دۆخەدا بە قازانجیان بشکێتەوە؟

هەرچەندە دۆخی ئۆپۆزسیۆنی کوردی خۆرهەڵات لە هەرێمی کوردستان لەژێر هەڕەشەیەکی ترسناکی تیرۆرکردندایە، بەڵام سەد لە سەد پێموایە داوڕۆژیان ڕووناکە.

ئەمەوێت ڕاشکاو بم، هیوایەکی ئەوتۆم بە بەشێکی هێزەکانی خۆرهەڵاتی کوردستان نییە چونکە سەربەخۆییان نییە، ئەمە زۆر ترسناکە بۆ ئێستا و ئایندەی خۆرهەڵاتی کوردستان. چونکە هەمیشە لە ڕێی ئەوانەوە دەست دەخرێتە ناو کاروباری ئەو پارچەیەوە، تەنانەت داگیرکەرانیش سودی لێ وەردەگرن!

پێموایە حدکا وەک سەرەکیترین هێزی خۆرهەڵات دەبێت ئەوە یەکلایی بکاتەوە کە زیاد لە پێویست هێز و پێشمەرگەی هەبێت، چونکە ئێمە لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست ئەژین و کوردیشین!!

بە کورتی حدکا پێویستە لەسەر دوو بنەما کار بکات:

- لە ڕووی ئاشکرا و ڕاگەیاندنەوە میساقێکی نەتەوەیی لەگەڵ هەندێک لە هێزەکانی خۆرهەڵات ئیمزا بکات بۆ دەرفەتەکان، بەڵام بە وردی بزانێت ئاکامەکانی ئەو میساقە چی لێ دێتە بەرهەم.

- لە ڕوی نهێنییەوە، تەواوی ئەگەرەکان و پێشهاتەکان و دەرفەتەکان لە باڵاترین ئۆرگانی لە دیباچەیەکدا کۆبکاتەوە و وای دابنێت کە میساقی یەکەمی لەگەڵ حیزبەکانی خۆرهەڵات وەدی نایەت. بەڵکو وەک حدکا خۆی ئیشیان لەسەر بکات، بۆ ئەوەی گەر بژاردەی یەکەم نەهاتەدی، ئەوا حدکا خۆی پەکێجی دووهەمی لە بەردەست دابێ و پراکتیزەی بکات.

دوا وتەتان؟

گرنگە حدکا نوێنەرایەتییەکانی بەتایبەت لە ئامریکا، کانادا و بریتانیا بەهێز بکات و، لە ئاستی ناوچەییشدا گرنگی بە پەیوەندی بدات بەپێی سەرکەوتنی هێزەکانی قۆناخەکە و جیۆپۆلۆتیک! هەلومەرجەکە لە بەرچاو بگرێ.

ستراتێژیی فاشیست مەزهەبی - نەتەوەیی ڕێژیمی ئێران بۆ شۆردنەوەی بیریی نەتەوەیی تاکەکانی کوردە و تەنانەت خودی ڕێژیمی ئێران هەندێ لە قەڵەم بەدەستانی باشوری کوردستانیشی بۆ بەکاردێنێت، ئایا لە ئاست ئەم پیلانە نوێیەدا، بزاڤی نەتەوەیی دەبێت کام ڕێکارانە بگرێتەبەر؟

چۆن بیریی نەتەوەیی کوردیی لە ڕوی تیۆرییەوە بەپێی قۆناخەکە دادەڕێژرێتەوە و بە پراکتیکی شۆڕشگێڕانەش خۆی دەسەلمێنێتەوە!؟

# ڕۆژی شەهیدان



ئەمرۆ ڕۆژی شەهیدانــە
ڕۆژی زیارەتـی ڕەخت و
کڕنۆشـــە بۆ ئەوقارەمانە
یادی ڕۆڵەی نیشتیمانــە
یادی دەکەین لەنەورۆزدا
بەگوڵ وهەوری وجامانە
نامرێ شەهید، ناتوێتەوە
شکۆی گەل وکوردستانە
ڕێـبازی ئـەو پـڕڕێبـــوارە
ڕێـگای ئامانجی هەمووانــە
سەنگەری ئەوقەت چۆڵ نابێ
چونکە مەبەست کوردوستانە
زۆرنزیـکە ڕۆژی شـــادی
ڕاماڵیــن لە خـاک بێـگانە
لەسەرگڵــکۆی شەهیدانمان
ئەی ڕەقیب بڵێــن بەئازادی

"چرۆ"

# ئازادی

کەسکترین...زەردم
لەسووری دا...
سپییەک لەبەفر...
برینم
دەفڕم
تا
تەعبیری قەدەغە...
بۆ
نەوەکانی باران
لە شەقامی
ئازادی دا...
بخوێنمەوە...

"چرۆ"

# شکۆ


"چرۆ"

شکۆ...لە شاشەی نیگاتانەوە
دەبارێ
وهەواڵی قوورسایی ئیمانی...
بزەتان
لە دەڤەری دڵتانەوە
دڵۆپ...دڵۆپ دەڕژێتە ناو
دەمارەکانی ڕووبار...وخۆزگە
سپییەکانی...قەندیل و
و یڕ ا ی . . . پ ا ر ا نـە و ە
کەسکەکانی...دایکم
چەپک...چەپک
لەئامێزی...نیشتیمان دا
شکۆ فە...دەکەن...
ئێوە...
بارانێک لە وەرزی تینوێتیی
شۆڕش...و زستانێک بەفر بە
ڕەنگی
سەوز...لە نیشتیمانێکی
باڵای
نەخشاوە...
بەئاڵای... تەمەنەکانی
شەهید
دەڵێتەوە...خەمتان...

# KURDISTAN

Published by *Democratic Party of Iranian Kurdistan* • *No:722* • 4 April 2018

ڕۆژنامەی «کوردستان» و ماڵپەڕەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێتدا:

www.kurdistanmedia.com
info@kurdistanmedia.com

http://www.pdki.org
pdkiran@club-internet.fr

telegram.me/PDKImedia


## ڕێوڕەسمی ڕۆژی شەهیدان لە بنکەی سەرەکیی حیزبی دێموکرات

















